# پەیامی زانایان

www.zanayan.org

گۆڤارێکی رۆشنبیری ئایینیه یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان مانگێ جارێك دەری دەكات

## یەکێتی زانایان مۆمی 41 سالەی تەمەنی دادەگیرسێنێت و پشتیوانی خۆشی بۆ زانایان دووپات دەکاتەوە

## سەرۆك مام جەلال ستایشی رۆلی زانایان دەکات



بەشداری زانایانی ئایینی دژی تۆپبارانی دەولەتی تورکیاو ئێران

## لاپەرەکانی قورئان بۆ کەلوپەلی بازرگانی بەکاردەبردرێن

## لە کوردستان کار بە ئایەتی میرات ناکرێت



# دینداری‌و پێشكه‌وتن

له‌گه‌ڵ ئه‌و شه‌پۆله پێشكه‌وتنه‌ی ئێستا ته‌واوی رۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست‌و هه‌رێمی كوردستانی گرتۆته‌وه، ئالوگۆڕیه‌كی بنه‌ڕه‌تی‌و جۆراجۆر به سه‌ر ته‌واوی كایه‌و جموجۆڵه‌كان هاتووه، ئه‌مه‌ش وای كردووه له به عه‌وله‌مه بوونی واقعه‌كه، هه‌ردوو لایه‌نی ئیجابی‌و سه‌لبی لێ به‌رهه‌م هاتووه.

زۆر جار زۆرێك له كه‌سایه‌تی‌و به‌رپرس‌و رۆشنبیرو نوێخوازان باس له‌وه ده‌كه‌ن، كه مادام ده‌وڵه‌تانی غه‌رب له ئاستێكی پێشكه‌وتنی باش دان، با ئێمه‌ش چاوو له وان بكه‌ین‌و، سوود له‌وانه‌وه بۆ خومان وه‌ربگرین، پاساوی زۆرو بۆریش دێننه‌وه له‌سه‌ر ئه‌و قسه‌یه‌و، گوایه ئه‌گه‌ر كورد چاوو له ته‌جره‌به‌و ئه‌زموونی گه‌لانی خۆرئاوا نه‌كات، ده‌چێته خانه‌ی پاشكه‌وتنی جیهانی ئه‌مرۆ.

به‌ڵام ئه‌وه‌ی جێگه‌ی داخه‌و ئه‌مان بیستووه، ئه‌وه‌یه كه تا ئێستا، نه هیچ نوێخوازو رۆشنبیرێك، نه هیچ به‌رپرس‌و كاربه‌ده‌ستێك، باسی له‌وه نه‌كردووه، له رووه‌ی دینداریه‌كه‌ش با چاوو له‌وان بكه‌ین‌و وه‌ك چۆن ئه‌وان پابه‌ندیان هه‌یه به كه‌نیسه‌و ئایینی خۆیانه‌وه با ئێمه‌ش وابین، وه‌ك چۆن ئه‌وان به جیاوازی پۆست‌و پله‌و ته‌مه‌ن‌و بڕوانامه‌وه سه‌ردانی كه‌نیسه‌و شوێنه ئایینیه‌كانیان ده‌كه‌ن، به‌رپرس‌و ده‌سته‌ڵاتدارانی ئێمه‌ش وابن‌و به‌هه‌مان شێوه سه‌ردان‌و هاموشۆی مزگه‌وت بكه‌ن‌و، ئاستی دینداری خۆیان وابه‌سته‌ی مزگه‌وت‌و خواپه‌رستی بكه‌ن.

له‌م ماوه‌ی رابردوو شاندێكی وه‌زاره‌تی ئه‌وقاف سه‌ردانی ئه‌مریكایان كردبوو، ئه‌وه‌ی باسیان لێوه ده‌كرد، سه‌ردانی گه‌وره به‌رپرسانی ئه‌وێیه بۆ كنیسه‌كانیان، به شێوه‌یه‌ك ده‌گمه‌نه به‌رپرس هه‌بێ له‌وێ هه‌فته‌ی جارێك روو نه‌كاته كه‌نیسه‌و په‌یمانی دینداری خۆی نوێ نه‌كاته‌وه‌و ته‌قدیری ئه‌و ناوه‌نده ئایینیه نه‌گرێت‌و گوێ بۆ ئامۆژگاری كه‌نیسه نه‌گرێت.

كه‌چی به‌داخه‌وه به‌رپرسانی ئێمه مه‌گه‌ر به رێكه‌وت‌و موناسه‌به، ئه‌گه‌رنا ئه‌و هه‌نگاوه‌یان به‌لاوه گرنگ نیه‌و ره‌نگه ساڵیش ته‌واو بێ، زۆرێك له به‌رپرسه‌كانمان مزگه‌وت هه‌ر نه‌بینن.

بۆیه ئومێد ده‌كه‌م نوێخوازو به‌رپرس‌و ده‌سته‌ڵاتدارانمان هه‌میشه به‌و رۆحیه‌ته‌وه هه‌نگاو بنێن‌و له مزگه‌وت نزیك بن‌و ته‌قدیری مزگه‌وت‌و ئه‌هلی مزگه‌وت بگرن‌و، هه‌ر نه‌بێ ساڵانه دانیشتنی كراوه له‌گه‌ڵ زانایانی ئایینی بكه‌ن‌و، گوێ بۆ پێشنیاره‌كانیان بگرن، چونكه گه‌ر له هه‌ندێ شتی خراپ لاسایی ئه‌ورووپا بكه‌ینه‌وه با له هه‌ندێ شتی باشیش سه‌یریان بكه‌ین.

با به‌رپرسانمان به‌رپرسیارانه مامه‌ڵه بكه‌ن‌و، به دینداری خۆیان‌و ته‌قدیریان بۆ مزگه‌وت، زیاتر له خه‌ڵكی موسڵمانی خۆیان نزیك ببنه‌وه‌و، هه‌ردوو ره‌هه‌ندی ئایینی‌و نه‌ته‌وه‌یی بكه‌نه بناغه‌و هه‌وێنی كار له پێناو ئاینده‌و نیشتماندا..

خاوه‌نی ئیمتیاز

# زانایان

پەیامی

ژمارە ( ٧٤ )

شەوال / ١٤٣٢

گەلاوێژ/ ٢٧١١

ئەیلول/ ٢٠١١

گۆڤارێکی رۆشنبیری ئایینیی، مانگانەیە، مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان دەری دەکات



خاوەنی ئیمتیاز

**مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتکی**

amalazada@gmail.com

سەرنووسەر

**مەلا جەعفەر گوانی**

cefergwani@gmail.com

07504522305

بەڕێوەبەری نووسین

**مەلا عەبدوڵا شێرکاوەیی**

Sherkaway83@gmail.com

07504632715

راوێژکارانی فەتوا

**مامۆستا مەلا موحەممەد وەرتی**

**مامۆستا مەلا ئەحمەدی شافیعی**

**مامۆستا مەلا عومەری سوێری**

راوێژکاران

**مامۆستا مەلا جەلال خەیلانی**

**شێخ عەبدولباسیت بالیسانی**

**شێخ بەهائەدین نەقشبەندی**

ستافی نووسین

**مەلا تەیب زیارەتی**

**مەلا ئەمیر گەردی**

فۆتۆ

**تەها شەمسەدین**


# پیرۆزبایی

**بەبۆنـەی تێپـەڕ بـوونی ٤١ یەکـەمین سـاڵ لـە دامەزرانـدنی یـەکێتی زانایـانی ئـایینی ئیـسلامی کوردسـتانەوە، پـڕ بـە دڵ پیرۆزبـایی زۆرمـان ئاراسـتەی سـەرجەم زانایـانی ئـایینی دەکەین‌و خوازیاری ئەوەین ئەو یادە ببێتە دەروازەیەکی تری سەرووەریەکانی مامۆستایانی ئایینی‌و بەرەو پێشەوە بردنی پتر هەستی ئاینپـەروەری‌و نەتەوەپـەروەری، بـۆ ئـەوەی وەك چۆن لـە تێکڕای قۆناغـەکان زانایـان پێـشەنگ بـوون لـە گـەڵ خۆشی‌و نەخۆشیەکانی میللەتی خۆیان، بەهەمان شێوە لەو قۆناغەشدا درێژە بە خزمەتەکانیان بدەن.**

**هـەمووان دەزانـین کـار کـردن بـۆ خزمـەتی ئیـسلام‌و کیـانی کـوردی‌و پتـەوکردنی یـەکریزی نێـو مـاڵی کـورد، زامنـی کوردسـتانێکی ئـارام‌و هێـزی بەرەنگاربوونـەوەی پیلانەکانـە، بۆیە دەبێ زانایان لەو بوارەوە رۆڵ ببینن‌و، ماندوونەناسانە لـە پێنـاو ئامانجـە رەوایـەکانی میللـەتی کـورد پێـشەنگی کاروانەکە بکەن.**

**جـارێکی تـر پیرۆزبـایی لـە هـەموو لایـەك دەکـەین‌و لـەخوای گـورەش دەپارێینـەوە ئـەو یـادەو یادەکـانی تـریش بـەخێرو بەختەوەری بۆ تەواوی زانایانمان بگەڕێتەوە.**


ناونیشان: هەولێر– شەقامی شەست مەتری سێڕیانی رێگای موسڵ – بارەگای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان



مەلا مستەفای بارزانیو مەلا عەلی هەولێری یەکەم سەرۆکی یەکێتی زانایان
لەکۆنگرەی یەکەمی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان- گەلاڵە ١٩٧٠/٩/٢١



ئەندامانی یەکەمین کۆنگرەی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان- گەلاڵە ١٩٧٠/٩/٢١

# مام جەلال ستایشی رۆڵی زانایان دەکاتو
# بەڵێنی پشتیوانیش بۆ یەکێتی زانایان دەدات




رۆژی ٢٠١١/٨/١١ سەرۆك مام جەلال لە شاری سلێمانی پێشوازییەکی گەرمی کرد لە وەفدی یەکێتی زانایانی ئاییتی ئیسلامی کوردستان کە پێکهاتبوون لە مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا سەعید وەیسی سەرۆکی یەکێتی زانایان و مامۆستا جەلال خەیلانی جێگری سەرۆك و ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی و بەرپرسو کارگێڕو ئەندامانی لقی سلێمانیو فەتوا.

لەدیدارێکی دۆستانەی گەرموگوڕدا سەرۆك مام جەلال بەگەرمی بەخێریهێنان و پیرۆزبایی لێکردن بەبۆنەی مانگی رەمەزانی پیرۆزەوە و رۆڵی زانایانی ئاییتی بەرزنرخاند لە خزمەتکردنی ئاییتی پیرۆزی ئیسلام و بەرگریکردن لە دەستکەوتە باڵاکانی گەلەکەمان و بەها پیرۆزەکان و هەروەها هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەهەموو چین و توێژو کەرتە جیاجیاکانییەوە.

لە دانیشتنەکەدا سەرۆك مام جەلال ئاماژەیکرد بەو راستییەی کە ئاییتی پیرۆزی ئیسلام ئاییتی خۆشەویستی و لێبووردەیی و تەبایی و لەیەکترخۆشبوونە، هەروەها هەر لەو دانیشتنەدا سەرۆك کۆمار باسی رێزو حورمەتی ئاییتی پیرۆزی ئیسلامی کرد، بەوەی نابێ رێگە بدرێت هیچ کەسێك سوکایەتیو بێ رێزی بەرامبەر ئاییتی پیرۆزی ئیسلام بکات، خۆشحاڵی خۆیشی دەربڕی کە گەلەکەمان بەسوود وەرگرتن لەو چەمك و بەها پیرۆزانە توانیویەتی تەبایی و یەکڕیزی خۆی بنیات بنێ و کۆمەڵێ دەستکەوتی زۆر گەورە بەدیبێنێ و رێزو حورمەتی جیهان بۆ خۆی مسۆگەر بکات، وتیشی: کورد دەتوانێ لە عیراقیشدا بەسەربەرزییەوە شانازیی بە رۆڵی خۆیەوە بکات کە توانیویەتی ببێتە هەوێنی تەبایی و برایەتی و پێکهێنەرەوەی لایەنەکان و وایلێهاتووە بەبێ کورد هیچ شتێك لە عیراقدا سەرناگرێ و هەمووان گوێی لێدەگرن.

سەرۆك مام جەلال رونیشیکردەوە کە تەبایی و یەکدەنگی کورد مەسەلەیەکی چارەنووسسازەو تاسەر کۆشش و خەبات بۆ پاراستنی ئەو برایەتی و تەباییەو پتەوترکردنی دەکەین .

هەر لە دانیشتنەکەدا سەرۆك مام جەلال پشتگیریی و پشتیوانی خۆی بۆ یەکێتی زانایان و رۆڵە مەزنەکەیان دوپاتکردەوەو ستایشی رۆڵەکەیان کرد، کە خۆشبەختانە رۆڵێکی گەورە دەبینن، بەڵێنیشی پێدان کە بەپێی توانا هاوکاریان دەکاتو چارەسەری کەمو کوڕییەکانیان دەکات .

لای خۆشیانەوە وەفدەکەی یەکێتی زانایان پیرۆزباییان لە سەرۆك مام جەلال کرد بەبۆنەی مانگی رەمەزانی پیرۆزەوەو وتیشیان: شانازی دەکەین کە جەنابی مام جەلال وەك کوردێك و رۆڵەی بنەماڵەیەکی ناوداری ئاییتی ئەمڕۆ سەرۆك کۆماری عیراقەو رۆڵێکی بنەڕەتی دەگێڕێ لە یەکخستنی ریزەکان و ئاشتەوایی و یەکێتی نیشتمانی لە نێوان سەرجەم لایەن و پێکهاتە جۆراجۆرەکاندا و لەو چوارچێوەیەشدا توانیویەتی کە چەندین دەستکەوتی پڕبایەخ بۆ گەلی کورد بێنێتەدی.

وەفدی بەرێزی زانایانی ئاییتی پشتیوانی خۆشیان بۆ سیاسەتەکانی سەرکردایەتی کوردستان دەربری سەبارەت بە هەوڵی بەردەوام لە پێناو تەبایی و یەکریزی گەلەکەمان و بەهێزترکردنی ناوماڵی کورد و بەرزکردنەوەی ناووناوبانگی کورد لە دەڤەرەکە و جیهانیشدا .

مەلا عەبدوڵا مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایان گووتی: ئێمە وەك یەکێتی زانایان بە ئەرکی خۆمانی دەزانین خزمەت بە بواری ئایینو نەتەوەییو کۆمەڵایەتی خۆمان بکەینو، بە هەموو تواناشمان بەرگری لە مافەکانی زانایانی ئاینیو بەها پیرۆزەکانی کۆمەڵگا دەکەین.

لە کۆتاییشدا وەفدەکە زۆر سوپاسگوزاری سەرۆك مام جەلال بوون بۆ رەخساندنی ئەو دەرفەتەو هەروەها بۆ ئەو ئێوارەخوانە رۆژووشکاندنەی کە بۆیانی رێکخستبوو ، هیواشیان خواست کە جەنابی سەرۆك مام جەلال هەردەم تەمەندرێژ و لەشساغ بێت لە پێناو راپەراندنی ئەرکە چارەنووسسازەکانی سەرشانی کە عیراق و کوردستانیش زۆر پێویستیان بەو رۆڵە هەیە .

جێی گووتنە هەر یەك لە بەڕێزان ئازاد جوندیانیو دکتۆر سەید ئەحمەد ئامادەی دیدارەکە بوون.

# یەكێتی زانایان داوا لە سەرۆك كۆمار دەكات كێشەكانی حاجیانی كورد لە سەفەری حەج چارەسەر بكرێن

لەدانیـــــشتنی رۆژی چوارشـــــەممەی (٢٠١١/٨/١١)ی یەكێتی زانایان لەگـەڵ بـەڕێز مام جەلال سـەرۆك كۆمـاری ئێـراق لـە شـاری سـلێمانی یـەكێتی زانایـان مەسـەلەی ئاسـتەنگەكانی بـەردەم حـەجی ئەمـساڵیان خستە بەردەم مام جەلال.

لـەو بـارەوە مـەلا عەبـدوڵلا مـەلا سـەعید سەرۆكی یـەكێتی زانایـان تایبـەت بـە سـایتی (زانایـان) رایگەیانـد: ئەمـساڵ حكومـەتی سـعودیە زۆر گرفـتو ئاسـتەنگی بـۆ بـەردەم حاجیـانی كوردسـتان دروسـت كـردووە، بـۆ نموونە دەبێ ماوەیەكی زۆر پێـشی حاجیـانی دیكـە بـچنە سـەفەری حـەجو لـەوێ چاوەڕێ بكەن، هەروەها كۆمەڵێك گـرفتی دیكـە، بۆیـە لـە دانیـشتنی ئەمرۆكەمانـدا ئـەو باسـەمان خستە بـەردەم بـەڕێز مـام جـەلال و، ئـەویش زۆر بە سنگێكی فراوانەوە وەری گرتو، ئێمـە سوپاسی هەستی بەڕێزیان دەكـەین، كـە هـەر لـە دانیـشتنەكەدا مـام جـەلال تەلـەفۆنی بـۆ سەرۆكی حەجی ئێراق كردو، فەرمانی پێكـرد ئـەو مەسـەلەیە چارەسـەر بكـاتو، پێویـستە حورمەتی كـورد بگـرنو، ئـەو ئاسـتەنگانەیان لەبـــەردەم لاببـــەن، ئـــەویش برياريـــدا فەرمانەكـەی مـام جـەلال جێبـەجێ بكـات، هـەروەها مـام جـەلال پێـی راگەیانـد: كـە نامەیـەكی تایبـەتی بـۆ شـای سـعوودیە دەنووسمو بە زووترین كات بیگەیەننە دەست بـۆ چارەسـەركردنی ئـەم كێـشانەی بـەردەم حاجیـانی ئێراقـی بـە گـشتیو حاجیـانی كوردستان بەتایبەتی.

سەرۆكی یـەكێتی زانیـانی سوپاسـی ئـەو هەڵوێـستو بـە دەمـەوە هاتنـەی مـام جـەلال سەرۆك كۆماری ئێراقی كرد.




# سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەگەڵ لقی گەرمیانی یەكێتی زانایان كۆدەبێتەوە



**دانا مەلا حەمەئەمین _ گەرمیان:**

لەمیانـەی سـەردانێكیدا بـۆ دەڤەرەكـە و كۆبونەوەی لەگەڵ چین و توێژە جیاجیاكـانی سنوری گەرمیان كاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆی رۆژی پێـنج شـەممە بـەرواری ٢٠١١/٨/٢٥ لـە تـەلاری بەڕێوەبەرایـەتی رۆشـنبیری و لاوان لەشاری كەلار دكتۆر بەرهەم ئەحمەد صاڵح سـەرۆكی حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان پێشوازی لـە شـاندێكی باڵـای لقـی گـەرمیانی یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان كرد

سەرەتا بەڕێز مامۆستا مـەلا حەمەئـەمین كـەلاری ئەنـدامی مەكتـەبی تـەنفیزی و بەرپرسی لقـی گـەرمیانی یـەكێتی زانایـان بـە نـاوی سـەرجەم زانایـانی ئـاینی سـنورەكەوە بەخێرهاتنی سەرۆكی حكومەتی كـردو هیـوای خواست هاتنەكەی ببێتە مایەی خێرو خۆشـی بۆ سنورەكەو پاشان باسی لـە كورتەیـەك لـە كاروچالاكی لقەی كرد

پاشان بەڕێز سەرۆكی حكومەتی هـەرێمی كوردستان لەبەرامبـەردا زۆرخۆشـحاڵی خـۆی بۆ بینـینی شـاندی زانایـانی ئـاینی دەربـڕی و سوپاسـی هەڵوێـستە جوانـەكانی یـەكێتی زانایـانی كـرد و ئامـاژەی بـە پێـشەنگی و پـیرۆزی زانـای ئـاینی كـرد و بـەڵێنی هـەموو جۆرە هاوكاری و جێبـەجێ كردنێكـی بـۆ داوا ڕەواكانی زانایان دەربڕی

شـایانی باسـە شـاندی لـق پێكهـاتبوو لـە بـەڕێزان مامۆسـتا مـەلا حەمـەین كـەلاری ئەندامی مەكتـەبی تـەنفیزی و بەرپرسـی لقـی گـەرمیان و مامۆسـتا مـەلا سـەلام تـاوگۆزی جێگـری لێپرسـراوی لـق و مامۆسـتا مـەلا ئیدریس ژاڵەیی كارگێڕی لق.

# هەولێر به بەشداری مامۆستایانی ئاییني خۆپیشاندان دژی هێرشەکانی تورکیاو ئێران ئەنجام درا

سەرلەبەیانی رۆژی (٢٠١١/٩/٧) بە تێکەڵاوی سەرجەم چینو توێژەکان، لەنێویشیاندا مامۆستایانی ئاییني لە هەولێر پایتەخت خۆپیشاندانێکی هێمنانەی جەماوەری بۆ بەردەم بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجام دەداو، لە خۆپیشاندانەکە هاووڵاتیان داوای راگرتني هێرشەکانیان لەو دوو وڵاتە دەکرد، داواشیان لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکرد لە رێگای ئەنجومەنی ئاسایشو کەناڵەکانی دیکەیەوە پاڵەپەستۆ بخاتە سەر ئەو دوو وڵاتە بۆ راگرتني هێرشە سەربازیەکانیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

# ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی زانایان کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا



رۆژی ٢٠١١/٩/٧ لەبارەگای مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان، ئەنجومەنی ناوەندی یەکێتی زانایان کۆبوونەوەی مانگانەی خۆی ئەنجامدا.

لەسەرەتای کۆبوونەوەکەدا، یەکێتی زانایان سوپاسی خۆی ئاراستەی سەرجەم مامۆستایانی ئاییني کرد، بۆ ئەو ئەرکو ماندووبونەی لەمانگی پڕ خێری رەمەزان پێشکشیان کرد، لە هۆشیارکردنەوەی خەڵكو بەڕێوەبردنی مزگەوتەکانو بەهێزکردنی لایەنی رۆحیو ئیمانی موسڵمان.

دواتر بەرێز مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایان بەرنامەی کۆبوونەوەی خستە روو، کە بریتی بوو لە چەند تەوەرێك بۆ گفتوگۆی کۆبوونەوەکە.

هەر لەو کۆبوونەوە باس لە ئامادەسازی بۆ یادکردنەوەی ساڵیادی یەکێتی زانایان کرا، کە بەر لە ٤١ ساڵ بە پاڵپشتی راستەخۆی مەلا مستەفای بارزانی دامەزراو، بووە دەسکەوتێکی گرنگی مێژوویی بۆ گەلەکەمان.

لەتەوەرێکی تردا باس لە پشتگیری یەکێتی زانایان بۆ مامۆستایانی ئاییني کرا، کە ئەو یەکێتی تەواو پاڵپشتی زانایان دەکاتو بەردەوامیش لەهەوڵی ئەوەدایە خزمەت بە زانایان بکات، بەڵام داواشی لە مامۆستایانی ئاییني کرد کە بە حیکمەتو دانایی وتاری ئاییني عەرز بکەنو تەشهیرو سوکایەتی بە هیچ کەسو لایەنو ناوەندێك نەکەن، چونکە پەیامی ئیسلام پەیامی رەحمەتو میهرەبانیە.

لەبەشێکی تری گفتوگۆی کۆبوونەوەك باس لەوە کرا، کە یەکێتی زانایان پشتیوانیو پاڵپشتی خۆی بۆ کوردی سوریا دەردەبڕێ، کە ماوەیەکی درێژە بەدەستی رژێمی ئەو وڵاتە تووشی ئەشکەنجەو لێدانو ئازار هاتوونەتەوە.

ئەمەو چەندین تەوەرەی تر لەو کۆبوونەوەیە قسەو باسی لەبارەوە کرا.

# یەکێتی زانایان داوا لە وتاربێژان دەکات لەوتارەکانیان تیشك بخەنە سەر هێرشەکانی تورکیاو ئێران بۆ سەر هەرێمی کوردستان

ئەو هێرشە بەردەوامانەی هەردوو دەوڵەتی ئێرانو تورکیا بۆ سەر ناوچە سنووریەکانو خەڵکی سیڤیلی کورد ئەنجامی دەدەن، وێڕای ئەوەی زەرەرو زیانی زۆری دروست کردووەو چەندان شەهیدو برینداری لێ کەوتەوە، لەهەمان کاتدا بۆتە جێگەی نارەزایی تەواوی میللەتی کورد لە ناوەوەو دەرەوە.

یەکێتی زانایان وەك هەست کردن بە بەرپرسیارێتیو داکۆکیکردن لەمافی هاوڵاتیان، زۆر بە توندی ئەو تۆپبارانەی ئیدانە کردو داوای راگرتني ئەو هێرشو هەرەشانەشی کرد.

بۆیە لێرەوە دووبارە ئیدانەی توندی ئەو هێرشانە دەکەینو، وەك ئەرکێکی ئاینیو نیشتیمانیشمان، داوا لە وتاربێژانی بەرێز دەکەین، بە توندی ئیدانەی ئەو کارە بکەنو، خەڵکی لە هەڵوێستی دوژمنکارانەی ئەو وڵاتان ئاگادار بکەنەوە.

لەو بارەوە مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایان بە (پەیامی زانایان)ی راگەیاند: ئێمە وەکو یەکێتی زانایان نیگەرانین لەو هێرشانەی کۆماری ئیسلامی ئێرانو تورکیا، کە بەداخەوە زیانی گیانیو ماددی زۆری لێکەوتۆتەوە، لە لای خۆمانەوە زۆر بە توندی ئیدانەی ئەو کارە نامرۆڤانە دەکەینو دخوازین هەرچی زووە تۆپبارانەکان بوەستێندرێن.

هەروەها سەرۆکی یەکێتی زانایان گوتیشی: خۆزگە هەمووان بە یەك هەڵوێستو زۆر بە توندی ئەو کارەمان پرۆتستۆ کردبا، چونکە بەداخەوە هەندێ کەسو لایەنو تەنانەت هەندێ مامۆستای ئاییینیش، هێندەی بە پەرۆشی خەڵکی فەلەستینو شوێنەکانی ترنو فرمێسکیان بۆ دەبارێنن، هێندە پەرۆشیان بۆ هاوڵاتیو رۆڵەکانی خۆیان نیە، کە بەدەستی ئەو دەوڵەتە دراوسێیانە شەهید دەکرێن.

# بەکارهێنانی لاپەڕەکانی قورئان بۆ کەڵو پەلی بازرگانی




ماوەیەکە هەست دەکرێت لاپەڕەکانی قورئانی پیرۆز لەناو کەڵو

پەلی بازرگانی بەکار دەهێندرێت، بەتایبەتیش لە نێو سندووقی میوەو سەوزە دادەندرێت، بەتایبەتی ئەو کەڵو پەلانەی لە ڕێگای ئێران‌و موسڵەوە دەهێندرێنە ناو هەرێمی کوردستان، کە چەندین جارە لە نێو سندووقی سێوو سەبەتەی قەسپ‌و خورما دووبارە دەبێتەوە، ئەوەش نیگەرانیەکی زۆری لەلای زانایانی ئایینی‌و هاووڵاتیانی کوردستان دروست کردووە، چونکە ئەمە بێ حورمەتی‌و سوکایەتیکردنە بە قورئانی پیرۆزو عەقیدەو باوەڕی موسڵمانان.

بۆ ڕێگرتن لەم کارە یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان نووسراوێکی ئاراستەی پارێزگای هەولێر کردووە، بەو هیوایەی ئیجرائات بکرێت تا مامەڵە لەگەڵ ئەو کۆمپانیاو بازرگانانە رابگیرێت، کە ئەو کارانە دەکەن، بەتایبەتی ئەوانەی لە موسڵ یان ئێران کار دەکەن، هەروەها داوا لە بازرگان‌و هاووڵاتیان‌و کڕیارو فرۆشیاران دەکەن خۆیان لەو بازرگان‌و کۆمپانیایانە دووربگرن، کە قورئان لە نێو میوەو کەڵو پەلی بازرگانی دادەنێن، وە هەر شتێکی واش هەست پێکرا، قورئانەکە بەڕێزەوە دەربێنن‌و، یەکتریش لە ناوی ئەو شوێنە ئاگادار بکەنەوە، بۆ ئەوەی بە یەك هەڵوێستی خۆیانیان لێ دووربگرن.

## لقی شەقڵاوەی یەکێتی زانایان
## داوا دەکات خواردنەوەی عارەق لەسنوورەکەیان قەدەغە بکرێت

بەهۆی ئەو دیاردە بەربڵاوەی لە سنووری قەزای شەقڵاوە بوونی هەیە، لە خواردنەوەو فرۆشتنی عارەق لەسەر ڕێگاو شوێنە گشتیەکان، لقی شەقڵاوەی یەکێتی زانایان داوا لە لایەنە پەیوەندارەکان دەکات، کە ڕێگری لەو دیاردەیە بکات‌و چیتر ڕێگە نەدرێت بەو شێوەیە ئەو دیاردەیە تەشەنە بکات.

لە لێدوانێکی بۆ (پەیامی زانایان) مامۆستا مەلا تەحسین شەقڵاوەیی بەرپرسی لقی شەقڵاوەی یەکێتی زانایان گوتی: بەراستی ئەو دیاردەیە وای لێهاتووە، هەموو سنوورەکانی بەزاندووەو مامۆستایانی ئایینی ئەو سنوورەشی تەواو نیگەران کردووە، راستە شوێنێکی گەشتیاریە، بەڵام جێی خۆیەتی حکومەت ڕێ‌و شوێنی تایبەتی خۆی هەبێ بۆ ئەو دیاردەیە، چونکە لەسەر ڕێی گشتی‌و شوێنە گشتیەکان یەکجار زۆرە، بۆیە داوامان وایە حکومەت چارەسەری ئەو مەسەلەیە بکات‌و چیتر ڕێگە نەدات خواردنەوەی عارەق بەو شێوە بەربڵاوە تەشەنە بکات.




## ئەنیستیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ سوپاسنامەیەکی ئاراستەی مامۆستا دلشاد گەڵاڵی دەکات

لە نامەیەکدا بۆ بەڕێز مامۆستا مەلا دلشاد گەڵاڵی ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان لە بەشی پەیوەندیەکان، ڕێکخراوی ئەنیستیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ سوپاسی هەوڵ‌و ماندووبونی مامۆستا دلشاد دەکات، لەبەرامبەر ئەو دەستپێشخەریانەی، سەبارەت بە کردنەوەی خولە ڕۆشنبیریەکان‌و لێك نزیك کردنەوەی زانایان‌و ڕێکخراوەکانی دیکەی کۆمەڵگەی مەدەنی.

لەنامەکەدا هاتووە: لە بەرامبەر دەسپێشخەری کۆششی بەڕێز (مامۆستا دلشاد محمود گەڵاڵی) ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، ب_ پەیوەندیەکان. بۆ گەشەپێدانی ڕۆشنبیری مامۆستایانی ئایینی لە کوردستان بەتایبەت لە بواری (مافەکانی مرۆڤ)دا.

هەروەها هاتووە: (kihr) ڕێز لە هەوڵی پەیامدارانەیان دەگرێت‌و ئەم بڕوانامەی ڕێزلێنان پێشکەش دەکات...

**عەلی کەریم**

**سەرۆکی ئەنیستیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ**

**هەولێر ٢٠١١**

# بۆ پشتیوانیكردن: شاندێكی باڵای یەكێتی زانایان ناوچەكانی خانەقین و ناوچە دابڕاوەكان بەسەردەكاتەوە

**دانا مەلا حەمەئەمین- گەرمیان:**
سەرلەبەیانی ٢٠١١/٨/٢٣ شاندێكی باڵای یەكێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی كوردستان بەسەرۆكایەتی بەڕێز مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتكی سەرۆكی یەكێتی زانایان و ئەندامێتی چەند ئەندامێكی مەكتەبی تەنفیزی و بەرپرسی لقەكانی گەرمیان و چەمچەماڵ و سلێمانی و ئەندام لقەكانیان دەڤەری گەرمەسێرو هێزەكانی پێشمەرگەی كوردستانیان لەو ناوچانە بەسەركردەوە.

لەسەرەتادا شاندی باڵای زانایان كاتژمێر ١٠ ی سەرلەبەیانی لەشاری خانەقین سەردانی مەڵبەندی ١٢ی ڕێكخستنی خانەقینی یەكێتی نیشتمانی كوردستانیان كردو لەلایەن بەڕێز محمود سەنگاوی ئەندامی مەكتەبی سیاسی و بەرپرسی مەڵبەندو هەڤاڵانی مەڵبەندەوە بە گەرمی پێشوازی كران و دواتر لە دانیشتنێكدا سەرەتا بەڕێز مامۆستا مەلا عبدالله مەلا سەعید سەرۆكی یەكێتی زانایان لە ووتەیەكدا ئامانجی سەردانەكەی بۆ مەڵبەندی خانەقین دەربڕی كە خۆی لە پشتیوانی و پشتگیری هێزی پێشمەرگەو سەركردایەتی سیاسی كورد ئەبینییەوە لە درێژەی ووتەكانیدا ووتی زانایانی ئاینی هەمیشە لە خزمەتی كۆمەڵگاكەماندایین و وەكو ئەركێكی ئاینی و نەتەوایەتی سەرشانمان بە پێویستمان زانی لە نزیكەوە سەردانی ئەم ناوچانەو برا پێشمەرگەكانمان بكەین و پەیامی خۆمانتان پێ ڕاگەیەنین كە پەیامی پشتیوانیو دەستخۆشیە، وە ئاماژەی بەوە كرد كە ئەو كۆمەڵە مامۆستا بەنوێنەرایەتی سەرجەم زانایانی ئاینی سەربەرزی كوردستان هاتوینەتە ئێرەو بەهەموو شێوەیەك پشتگیری و پشتیوانی خۆمانتان بۆ دووپات ئەكەینەوە ئامادەین بەخوێنیش وەكو ئێوە بە ئەركی سەرشانمان هەستین و بەرگری لە خاك و ئاومان بكەین...

پاشان بەڕێز محمود سەنگاوی لێپرسراوی مەڵبەند سوپاسی زانایانی ئاینی كرد بۆ بەسەركردنەوەكەیان و باسی لە ڕەفتاری شۆڤێنێكان كرد بەوەی كە بەناوی دینەوە كارەكانیان ئەكەن و ئەو ناوچانەی ئێمە داكۆكی لێ ئەكەین زۆربەی دانشتوانەكەی موسوڵمانن و بەلام بەداخەوە بەبەرچاوی زانا عەرەبەكانەوە زوڵمیان لێ ئەكرێت و هیچ هەڵوێستێك نابینین وە ئاماژەی بەوە كرد ئەركی سەرشانی مامۆستایانی ئاینی یە هەرچی پێیان ئەكرێت بیكەن چونكە زانایانی ئاینی لەهەموو كەس زیاتر خەڵك گوێیان لێ ئەگرێت.

سەنگاوی ئاماژەی بەوەدا تاوەكو ئێستا هەوڵەكان بەردەوامن بۆ تێكدانی ناوچەكە




پاشان لەدرێژەی گفتوگۆكەدا سەرۆكی زانایان ئاماژەی بەوە كرد كە ئێمەش وەكو مەلای كورد گلەیی زۆرمان لە زانا ئاینییە شیعەو سوننەكان هەیە، بەڵام سەركردایەتی سیاسی كورد زۆر لە مەوقیفی زانایانی یانی ئاینی كورد ڕازین بوونی ئەو هەموو شەهیدو برینداروو زیندانە سیاسیەی مەلای كورد گەواهی لەسەر بەهەڵوێستیمان دەكات پاشان هەریەك لە سەرۆكی زانایان و هەڤاڵ محمود سەنگاوی بۆ دەزگاكانی ڕاگەیاندن ئامانجی سەردان و دانیشتنەكەیان خستە ڕوو .

پاشان هەر لەمیانەی ئەو سەردانە مەیدانییەی شاندی باڵای یەكێتی زانایاندا سەردانی لقی ١٥ی خانەقینی پارتی دیموكراتی كوردستانیان كردو لەلایەن بەڕێز سەلاح دەلۆ ئەندامی مەكتەبی سیاسی و ئەكبەر حەیدەر لێپرسراوی لق و كارگێڕو ئەندامانی لقەوە بەگەرمی پێشوازی كران

سەرەتا بەڕێز مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید سەرۆكی یەكێتی زانایان لە وتەیەكدا ئاماژەی بە پێویستی ئەو سەردانەی شاندی زانایان كرد بۆ پشتگیری و پشتیوانی هێزی پێشمەرگەی كوردستان كە بەو گەرماوە كەشە ناخۆشەوە بەزمانی بەڕۆژووەوە بەرگری لە شەرەفو ناموس و كەرامەتی كورد دەكەن هەروەكو لە هەموو سەردەمەكاندا لە بەرگری كردن بەردەوام بوون و ئاماژەی بەوە كرد كە جێگەی داخە لەمانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا هەرێمی كوردستان دووچاری ئەو هەموو نەهامەتییە ئەبێتەوە هەر لە تۆپبارانكردنی ناوچە سنورییەكان لەلایەن تۆپخانەكانی ئێران و توركیاوەو داگیركردن و تێكدانی باری ئاسایشی ناوچەكوردیەكان لە ناوچەكانی سەعدییەو جەلەولا و باسی لەوە كرد كە ئەو مامۆستایانە بە نمایندەیی تەواوی مامۆستایانی ئاینی لە كوردستان هاتوون بۆ ئەوەی سوپاسی سەركردایەتی سیاسی كورد بكەین بۆ ئەو بڕیارە پێویستانەی دەربارەی ئەو ناوچانە داویەتی بەتایبەتی ڕێزدار سەرۆكی هەرێمی كوردستان.

هەروەها باسی لەوە كرد كە پەیامی پیرۆزی ئیسلام داوای ئەوەمان لێ ئەكات كە خاكی داگیركراو بۆ خاوەنكانیان بگێڕینەوەو ئەوەی ئەمڕۆ برا پێشمەرگەكانمان خەباتی لە پێناودا ئەكەن هەر هەمان مەبەستە پاشان بەڕێز سەلاح دەلۆ ئەندامی ئەنجومەنی سەركردایەتی پارتی دیموكراتی كوردستان لە ووتەیەكدا سوپاسی سەرۆكی زانایان و شاندی یاوەری كرد بۆ ئەو سەردانە مەیدانییە بۆ ئەو ناوچانەو ئاماژەی بەوە كرد كە ئەم كێشەیە ئەو هەڵدەگرێت كە هەموو چین و توێژەكان بە تەنگ ئەم تەنگەژەیەوە بێن كە دووچاری میللەتەكەمان هاتووە لەو ناوچانە پاشان باسی لە بەرزی ئیرادەی خەڵكی كوردستان كردو دڵنیایی خۆی لەوە دەربڕی كە ئەو سیاسەتانەی شۆڤێنێكان ئەنجامی ئەدەن هیچ دەرەنجامێكی نابێت بۆیان و ئاماژەی بەوە كرد كە هاتنی شاندی زانایان مەعنەویێتێكی باش و تەواو بە خەڵكی ئەم ناوچانە ئەبەخشێ. پاشان و لەدرێژەی سەردانەكەیانداو بۆ لەنزیكەوە ئاگاداربوون لە بارو گوزەرانی ئەو برا پێشمەرگانە شاندی باڵای یەكێتی زانایان سەردانی فەرماندەیی هێزەكانی پشتیوانی دووەمیان كردو لەلایەن بەڕێز لیوا ڕوكن حسین منصور فەرماندەی هێزو ئەفسەرو دەرەجەدارانی هێزەوە بەگەرمی پێشوازی كران.

لەسەرەتادا سەرۆكی یەكێتی زانایان ئامانجی سەردانەكەی بۆ بەڕێزیان خستەڕوو و

ئاماژەی بەوە کرد ئە ئێوە وازتان لە هەمو شتێك هێناوە لە پێناو بەرگری کردن لە خاك و نەتەوەکەتان ئەم هەڵوێستەی ئێوە هەڵوێستێکی ئاینی و نەتەوایەتی یەو وەکو زانایانی ئاینی ئاینی بەرزی ئەنرخێنین و دەستخۆشی لە تەوای هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەکەین کە هەمیشەو هەموو کات لە خۆبوردوانەو جوامێرانە بەئەرکی پیرۆزی خۆیان هەستاون.

پاشان بەڕێز لیوا ڕوکن حسین منصور بەناوی هێزەکانی پێشمەرگەوە سوپاسی شاندی زانایانی کردو ئاماژەی بەوە کرد کە هاتنی شاندی یەکێتی زانایان دڵنیاییان پێ ئەبەخشێت لەوەی کە ئەوەی ئەوان ئەیکەن ڕاستەو لەگەڵ بنەما پیرۆزەکانی ئاینی ئیسلامدا یەکانگیرە. هەر لەو سەردانەداو لەوەڵامی پرسیارێکی فەرماندەی هێزەکانی پشتیوانی دووەم دەربارەی ئەوەی ئایا دروستە ئەو هێزەی ڕۆشتونەتو ئەو ناوچانە بەڕۆژوو نەبن یان نا؟ بەڕێز مامۆستا مەلا ئەحمەدی شافعی ئەندامی لیژنەی باڵای فەتوای هەرێمی کوردستان لەوەڵامدا گوتی "بەوپێیەی ئەو برا پێشمەرگانە لە سەفەردان و ئەرکی قورسیان لەسەر شانە ئەتوانن بەڕۆژوو نەبن و دوای ڕمەزان بیگرنەوە".

پاشان بەیاوەری ئەفسەرو دەرەجەدارانی هێزەکە شاندی باڵای یەکێتی زانایان سەربازگەو هێزەکانی پشتیوانییان بەسەرکردەوەو لەنزیکەوە لەگەڵ برا پێشمەرگەکان دوان و ئەوانیش خۆشحاڵی خۆیان بۆ بەسەرکردنەوەیان دەربڕی لە دوو وتەی جیاداو بۆ برا پێشمەرگەکان هەریەکە لە مامۆستا مەلا نەجمەدین بەرپرسی لقی سلێمانی مامۆستا مەلا عبدالوهاب سەنگاوی بەرپرسی لقی چەمچەماڵ پشتگیری و پشتیوانی شاندو تەواوی زانیانی ئاینی ئیسلامی کوردستانیان بۆ برا پێشمەرگەکان دەربڕی.

# یەکێتی زانایان: ئیدانەی تۆپبارانەکانی تورکیاو ئێران دەکات

یەکێتی زانایان لەنامەکیدا، کە یەکێتی زانایان لەڕێگای کونسولخانەی تورکیاو ئێران بۆ حکومەتی تورکیاو ئێرانی ناردوون، بە توندی ئیدانەی هێرشەکانی تورکیاو ئێران دەکاتو، داوای راگرتنی هێرشەکانیش دەکات، کە لەبەشێکی نامەکەدا هاتووە:

لە دوای دەرچوونی پارتی دادو گەشەپێدان لە تورکیا خەڵکێکی زۆر هیوای پێیان هەبوو گۆڕانکارییەکی جەوهەری لە سیاسیەتیاندا بکرێت، لەوەش بە گەواهی شارەزایان توانی هەنگاوی باش بهاوێژێت، ئێرانیش بەو پێیەی خۆی بە حکومەتێکی ئیسلامی دەزانێت، چاوەڕێ دەکرا دەست بۆ خەڵکی مەدەنی نەباتو، مافی دراوسێیەتی پێشێل نەکتو، هیچ نەبێت حورمەتی مانگی رەمەزان بگرێت، بەڵام ئەوەی لە مانگی پیرۆزی رەمەزان پێی هەڵستان، بە داخەوە، بەشێکی زۆری ئەو خەونانەی خەڵك بە تورکیای دەدیت پوکانەوە، ئێرانیش رەچاوی هیچ بەهایەکی ئیسلامی نەکرد، چونکە لەو کاتەی تورکیا داوا لە سوریا دەکات دەست لە کوشتنی خەڵکی سڤیلو مەدەنی بکێشێتەوە، هەروەها دژایەتی ئیسرائیل دەکات لەسەر ئەوەی خەڵکی مەدەنی لە کەرتی غەزەی فەلەستین شەهیدو بریندار دەکات، کەچی شان بە شانی ئێران لە هەرێمی کوردستانی ئێراق بە مانگی رەمەزانی پیرۆز، بەبێ گوێدانە هیلاکیو ماندوبوونی هاوڵاتیان لە مانگی رەمەزان، ژیانو گوزەرانی سادەی خەڵکی مەدەنی تێك دەدەنو، ترسو دڵەڕاوکێیان خستۆتە ناو دڵی هاووڵاتیانی رۆژەوانو سەدان هاووڵاتی بەو مانگی رەمەزانە ئاوارەبوونو ماڵو حاڵی خۆیان جێهێشتووەو زیانێکی زۆریشیان بەرکەوتووە، ئەو کارە نەك تەنها لە رەمەزان بەڵکو هەموو کاتێك تاوانە بەتایبەتیش لە مانگی پیرۆزی رەمەزان بۆ وڵاتانێکی ئیسلامی چەندان جار تاوانەو. ناچێتە ژێر هیچ پرەنسیپێکی ئایینیو مرۆیی، چونکە لەو پڕۆسە سەربازییە بە پلەی یەکەم خەڵکی مەدەنی بووەتە قوربانی.

بۆیە لێرەوە بەناوی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان وێڕای ئیدانەکردنمان بۆ تۆقاندنو ترساندنو لێدانی خەڵکی بێ تاوان، داوا لە حکومەتی تورکیاو ئێران دەکەین هێرشەکانیان رابگرن، چونکە جگە لە رقو کینە هیچ شتێکی دیکە بەرهەم ناهێننو، چەندان دەقی ئیسلامی راشکاوانەش پێشێل دەکەن.

**یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**

**٢٠١١/٨/٢٠**

# ڕێکخراوی توانا سازی ئافرەت سوپاسنامەیەك ئاراستەی نوێنەری پەیوەندیەکانی یەکێتی زانایان دەکات

بە بۆنەی چالاکیو ئاسانکاریەکان لە بەرامبەر بەڕێوەچوونی خولە رۆشنبیریەکانی زانایانی ئایینی، رۆژی سێشەممە ٢٠١١/٧/٢٦، ڕێکخراوی توانا سازی ئافرەت، سوپاسنامەیەکی ئاراستەی بەڕێز مامۆستا مەلا دڵشاد گەڵاڵی نوێنەری پەیوەندیەکانی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان کردووە، کە ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

**بۆ/ بەڕێز مامۆستا مەلا دڵشاد**

**بابەت/ سوپاسو پێزانین**

بەناوی ڕێکخراوی توانا سازی ئافرەت، ئەوپەڕی سوپاسو پێزانینی خۆمان ئاراستەی جەنابتان دەکەین، بە هۆی ئەو هەموو کارئاسانیو هەوڵو کۆششەی جەنابتان پێشکەشتان کردین، لە ڕێکخستنو بەڕێوەچوونی خولی هۆشیارکردنەوەی مافی مرۆڤ، بۆ جێبەجێکردنی کارەکانو، پێشکەشکردنی پڕۆ گرامی خولەکە بە باشترین شێوە، داوا لە خوای گەورە دەکەین ئەجری کارەباشەکانتان بداتو، هیواداریین نمونەتان زیادبێ.

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزمان

**سۆزان عارف**

**ب. گ. ڕێکخراوی توانا سازی ئافرەت**

## یەکێتی زانایان مۆمی ٤١ ساڵەی تەمەنی دادەگیرسێنێت

# ڕۆڵو پێگەی زانایانی ئایینی لەنێوان گەیاندنی خزمەتو هەبوونی کەمو کوڕیدا

**ئا: عەبدوڵلا ئەحمەد**

یەکێتی زانایانی ئایینی وەك ڕێکخراوێکی پیشەیی، کە لە بەرواری ١٩٧٠/٩/٢١ لە ڕێژ چاودێریو بەسەرپەرستی ڕاستەوخۆی جەنابی مەلا مستەفای بارزانی لە گەلاڵەی باڵەکایەتی دامەزراوە، بووە جێگەی خۆشحاڵی زانایانی ئایینی لە کوردستان لە لایەكو، گربوونەوەی تەواوی زانایانی ئایینی لە ژێر چەتری ئەو یەکێتیەدا لە لایەکی ترەوە، لەوساوە تا ئێستا ئەو ڕێکخراوە لە تێکۆشانی بەردەوام دایە، بەمەبەستی خزمەت کردنی مامۆستایانی ئایینیو داکۆکی کردن لە مافەکانیان، لەو پێناوەشدا هەورازو نشێوی زۆری بینیوەو، تەنانەت قوربانی زۆریشی داوە.

لە درێژەی ئەو چلو یەك ساڵەی خزمەتیدا ئەو یەکێتیە، بەردەوام هەوڵی بۆ بەرەو پێشەوە بردنی کیانی کوردو بایەخدان بە ئایینی ئیسلامو پاراستنی سەروەرییەکانی مامۆستایانی ئایینی داوە، ئێستا یەکێتی زانایان بە هەرسێ ئاراستەی ئایینیو نەتەوەییو پیشەیی کار دەکات:

لە ڕووی ئایینیەوە، کار لە پێناو گەیاندنو پاراستنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەکاتو، ئامانجیشی ئەوەیە هەمیشە ڕووە گەشەکەی ئیسلام پیشان بداتو سوودیش لە پەیڕەو کردنی وەربگرێت بۆ خزمەتی موسڵمانانو گەلی کورد.

لە ڕووی نەتەوەییشەوە کار دەکات بۆ بەرەو پێشەوە بردنی ئەزمونی نەتەوەییو گەیشتنی ئەو گەلە ستەم لێکراوە بەمافەکانی خۆی، وەك چۆن زانایان هیچ کاتیش دانەبڕاون لە خۆشیو ناخۆشیەکانی نەتەوەی خۆیانو بگرە بەو پەڕی تواناوە پارێزگاریان لە کەرامەتی ئەو میللەتە کردووەو هانی خەڵکیشیان داوە کە دەسکەوتی نەتەوەیی وەك سەروەتێکی نیشتمانی سەیر بکەنو بیپارێزن.

لە ڕووی پیشەیشدا یەکێتی زانایان کاتی خۆی کە دامەزرا بۆ ئەوە بوو، خزمەتی زانایان بکاتو ڕۆڵی مامۆستایان بەرەو ئاستێکی باش بەرێت، ئێستاش بەهەمان نەفەس کار دەکاتو، بە هەموو توانایەك هەوڵ دەدات خزمەتی زانایانی ئایینی لە کوردستان.

بۆ هەڵسەنگاندنو قسەکردن لەسەر ئەو مێژووەو خستنە ڕووی لایەنە ئیجابیەکانو دیار کردنی کەمو کوڕیەکان بە پێویستمان زانی چەند کەسایەتیەك بدوێنینو بۆچوونو سەرنجو پێشنیارو خاڵە بەهێزو لاوازەکان دیاری بکەین:..



### سەرۆکی یەکێتی زانایان:

## یەکێتی زانایان لەسەردەستی کەسانێکی دڵسۆزو لە پێناو ئامانجێکی دیاریکراو دامەزراو ئێستاش بەهەمان نەفەس کار دەکات

**سەرەتا بەڕێز سەرۆکی یەکێتی زانایانی لەبارەی ئەو ساڵیادەوە گوتی:** بەر لەهەر شتێك بەبۆنەی ٤١ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی زانایان پڕ بە دڵ پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی سەرجەم زانایانی ئایینی دەکەمو پەیامی ڕێزیشمان بۆ هەموو ئەوانە دەنێرین، کە ڕۆژێك لە ڕۆژان لە پێناو ئەو یەکێتیە کاریان کردووەو ماندوو بوونیان دیتووە، لەگەڵ ڕێزو نەوازشمان بۆ تێکڕای شەهیدانی ئەو یەکێتیە.

بێگومان ئەو یەکێتیە لەساڵی ١٩٧٠ لە گەلاڵە، لەسەر دەستی کۆمەڵە زانایەکی دڵسۆزو بە پاڵپشتی مەرحومی مەلا مستەفای بارزانی لەپێناو ئامانجگەلێکی دامەزرا، وای کرد ببێتە هەوێنی لێك نزیکبوونەوەی زانایانو کۆکردنەوەیان لەژێر یەك چەتردا، بۆ ئەوەی بتواندرێ لە شێوەی کاری ڕێکخراوەیی وزەو توانای زانایان لە تەواوی

کوردستان کۆبکرێتەوەو لە خزمەتی گشتیو لە پێناو برەودان بە هەستی ئاینپەروەریو نیشتمانپەروەری خەرج بکرێتەوە.

بە رۆیشتنی زەمەن ئەو راستیە دەرکەوتو زانایان بووە مایەی خزمەتێکی گەورە لە بواری دینداریو رەوشت بەرزیو پێگەیاندنی نەوەی تازەو بەرەو پێشەوە بردنی رۆحی ئایینی لە کوردستاندا، وێڕای ئەمەش بوون بە هاوشانی گەلەکەیان لە مەینەتو خۆشیو ناخۆشیو لەو پێناوەش هەورازو نشێوی زۆریان بینی.

ئەو رێکخراوە بە درێژایی تەمەنی خزمەتێکی زۆری بە مامۆستایانی ئایینیو مزگەوتو تەدریسو حوجرەو تەنانەت بەرەو پێشەوە بردنی بزاڤی رۆشنبیری لەو هەرێمە کردووە، هەمیشەش وەك داکۆکیکارێکی دڵسۆز بۆ خاكو نەتەوەی کوردی موسڵمان ئەرکی کێشاوەو قەتیش نەیکردووە بەلای گچکەترین خاڵدا بڕوات، کە زیانی بۆ گەلو وڵات تێدا بێت.

زانایانی ئایینی هەمیشە بەو پەڕی هەست کردن بە بەرپرسیارێتی ئایینیو نەتەوەییو پیشەیی کاریان کردووە، کە دەتوانین بڵێین تا ئێستاش خاوەن خاوێنترین پەرێزی خۆیانن، کە ئەمەش شەرەفێکی گەورەی لە مێژووی پڕ شکۆی زانایانی ئایینی لە کوردستان تۆمار کردووە.

ئێستاش ئەو رێکخراوە بە هاوکاریو پشتیوانی سەرجەم زانایان لەسەر پێ وەستاوەو بەهەمان نەفەسی جاران، ئامانجیەتی خزمەتێکی گەورە بە موسڵمانو خاكو وڵاتو بەتایبەتیش زانایانی ئایینی بکات، کە لەو بوارەشەوە هەنگاوی زۆری ناوە، هەمیشە هەوڵی ئەو یەکێتیە بۆ ئەوەیە، کە چۆن بتوانێ زۆرترین خزمەت بە زانایانو ئەزمونی هەرێمی کوردستانو کاری رێکخراوەییو دروست کردنی پەیوەندیو چارەسەرکردنی کێشەکانو بەرقەرار کردنی ئاشتی بۆ کوردستانو بەرەنگار بوونەوەی هەموو ئەو پیلانو هێرشو دەستانەی دەیانەوێ کیانی کوردی بەرەو ئاقارێکی خراپو ئاڵۆز ببەن بکات.

زانایانی ئایینی خاوەنی خاوێنترین پەرێزن لە بواری کارو مەودای پیشەیی خۆیانەوە

لەدوای کۆنگرەی پێنجەمیشەوە یەکێتی زانایان وێڕای بەرفراوان بوونی مەودای کاروچالاکی، بەڵام بە ئەندازەی قەبارەو توانای خۆی هەنگاوی ناوەو لە پێناو ئەو ئامانجانەی لە پێناوی دامەزراوە کار دەکات، سەرەرای هەبوونی ئاستەنگو ئاریشەش هیچ کات نایەوێ لە خەباتی پاكو راستو خزمەتەکانی کەمتەرخەمی بکات، یان پاشەکشە بکات لەو هێڵە ستراتیژیەی، کە کۆی زانایان دەباتە پێشی پێشەوەو لە خزمەتو داکۆکیکرنو بەرەو پێشەوەبردنی رەوشی مەلای کورد ماندوو نابێت.

بەڵام ئەوەش مانای ئەوە نیە کە ئەو رێکخراوە بێ کەمو کوڕیە، یاخود گرفتو کێشەی نیە،، چونکە ئێمە بە نەفەسێکی درێژو سینگ فراوانی زۆرەوە دەمانەوێ خزمەت بکەین، بەڵام نە خزمەتەکان لەئاست تموحی ئێمەن بۆ مامۆستایانی ئایینی، نە هەندێ شتیش لەتوانای ئێمەدایە بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامیان بدەین.

بەڵام گرنگ ئەوەیە زانایانی بەرێزمان هاوکاری زیاترو هەماهەنکی جددیتر پیشان بدەن، بۆ ئەوەی بە هێزو بازوی هەموو لایەك کاری رێکخراوەیی ئەو یەکێتیەو، هەوڵە بەردەوامەکانمان بۆ خزمەتکردنی زیاتری مامۆستایانی ئایینیو بەرز راگرتنی سەروەریو تەقدیری مەلای کوردو مێژووە پاکەکەیان وەك خۆی رابگرین.

هیوادارم ئەو ساڵیادە دەروازەیەکی نوێتر لە بەردەم هەموو لایەکمان بکاتەوەو، بتوانین بەو پەڕی دڵسۆزیو بە گیانێکی لەخۆ بوردیەوە، پەرە بە زانیاری تازەو بەهێزبکردنی لایەنی زانستیو بواری رۆشنبیری ئایینیو ئاراستەیەکی جوانتری وتاری هەینیو بە یەکەوە بوونو گیانی هاوکاری بکەینە بەرنامەی کارمانو، بە تەرحو پێشنیاری جوانو هیممەتی هەموو لایەك هەنگاوی زیاتر بنێینو، تکام وایە مامۆستایانی ئاینی رەچاوی ئەو ئازادەیە ئایینیە بکەن کە لەهەرێمەکەماندا هەیە، چونکە ئەو ئازادیە ئاینیەی لەکوردستاندا هەیە لە هیچ وڵاتێکی عەرەبیو ئیسلامی بەدی ناکرێت.



## عومەر عەلی غەفور:

# دەبێ ئەو گوتارە لە دەرەوەی مزگەوت لەبەردم نەشتەرگەری دابێو مامۆستایانی ئایینیش قوربانی بەخۆیان بدەنو پێشوازی لە رەخنە بکەن

**لەبارەی ئەو پرسیارەی کە ئایا زانایانی ئایینیو ئەو یەکێتیە، توانیویەتی ئاراستەی وتاری ئایینی لە بەرگی خۆیدا ئاراستە بکەنو لەئاست ئەو بەرپرسیارێتیە دابن؟ ئەی کەمو کورتیەکانی ئەو بوارە لە کوێنو پێشنیار چیە بۆ کار لەسەر کردنیان؟**

بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە بەڕێز (عومەر عەلی غەفور) توێژەرو روناکبیر لەو بارەوە دەڵێت: ئەز، ئەگەرچی لەو بڕوایە دام هیچ کەسو گروپو تەوژمو توێژێکی کۆمەڵایەتی نیە، کە فریشتە یان شەیتان بێ، تێرو تەواو و بێ کەموکوڕی، یان فول کەموکوڕی و لاوازی بێ، بەڵام نەمکردوە بە نەریت بە شان و شکۆی شتەکاندا هەڵبلێمو لایەنە بەهێزو پرشنگدارەکانیان زەق بکەمەوە، ئەویش لەبەرئەوەی لەلایەك کەم نین ئەوانەی ئەو لایەنە ئەرێنییانە باس دەکەن و دەڕازێننەوە، لەلایەکیدیکەشەوە ئێمە لە رووی رۆشنبیری و شارستانیەوە گەلێکی دواکەوتوین، بۆیە چین و توێژە خوێندەوارەکانمان، لە زانایانی ئاینی، مامۆستایانی زانکۆ، سیاسەتمەداران، نوسەران و رۆشنبیران و رۆژنامەنووسان، چەندە ئەکتیڤو بەهێزیش بن هێشتا بەهێزییەکەیان بەهێزییەکی لۆکاڵیو

## عەلی کەریم:

# پێویستە یەکێتی زانایان کۆمەڵێ مەرج و پێوەری روونی زانستی و پیشەیی مۆدێرنی هەبێت بۆ ئەوانەی دەبنە زانای ئایینی

سنووردارو وابەستەیە بە ئاستی نزمی پێشکەوتنی گشتیی کۆمەڵگەکەمان.

بۆیە پێویستە نەک بەو ئاستەی هەیانە مەست و سەرسام نەبین و شیعری بە باڵادا نەهۆنینەوە، بگرە دەبێ بەردەوام خاڵە لاوازەکانیان، نەک بەهێزەکان، زەق بکەینەوە، تەنانەت هەندێ جار ئاساییە زێدەڕۆییش لە رەخنەلێگرتنیاندا بکەین، تا بتوانین تەکان و گورێکی زیاتریان بۆ پێشەوە پێ بدەین.

لەم رووەوە من تا رادەیەکی بەرچاو لە هەڵسەنگاندنی زانایانی ئاینیدا رەشبین و توندم و رەخنەگرانە مامەڵە لەگەڵ گوتار و رۆڵیاندا دەکەم، وەک ئەوەی لە کتێبی (گوتاری ئاینی لەژێر وردبیندا، ٢٠١٠) کارم لەسەر کردوە، بەو هۆیەشەوە هەندێ کەسی دڵسۆز، بەڵام ناحاڵی لە قووڵایی و دووراییەکانی ئەو فەلسەفەیەی بەندە کاری لەسەر دەکات، لۆمەم دەکەن و پێیان وایە من حساب بۆ لایەنە بەهێز و بنیاتنەرەکانی ئەو گوتارە و رۆڵی ئەو توێژە ناکەم، یان هەندێ خەڵکیتر لە سادەبینییەوە بێ یان لە کورتبینیی ئایدیۆلۆژی–حزبییانەوە، پێیان وایە من دژایەتی زانایان و بانگخوازانی ئاینی دەکەم.

دیارە کۆی ئەم تێڕوانینە هەڵەیەو بەرپرسیارێتیی بەشێکی بەرچاو لەم هەڵە تێگەیشتنەی ئەو خەڵکەیش، وەک هەمیشە، بۆ لاوازییەکانی گوتاری زانایانی ئاینی دەگێڕمەوە، چونکە نەیانتوانیوە گوتارێک و خۆراکێکی رۆحی و فیکریی ئەوتۆ بەرهەم بێنن، کە ئاسۆ و قووڵایی بیرکردنەوەی جەماوەرە موتەدەینەکە بە شێوەیەک گەشە پێبدات، کە رەخنە لە گوتاری ئاینی یان لە رۆشنبیریی مەلاکان بە دژایەتی و سوکایەتی بەو توێژەو تەنانەت هەندێ جار بە دژایەتیی ئاینەکەیش تێنەگات. هەمووانیش دەزانین کاتێ هەستی ئاینی بکرێتە پاشخانی خانەگومانی بەرامبەر نووسەرێک چ مەترسیەک دروست دەکات.

ئەز پێم وایە زانایانی ئاینی توێژێکی گرنگن، هاوکات خاوەن رۆڵێکی گرنگ و کاریگەریشن لە داڕشتنی هەست و هۆش و سلوکی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەدا، لەوەیشدا نکولی لە رۆڵی ئیجابییان ناکرێ، ئەوان سەرکردەی جەماوەرین و توێژێکن کە چ وەک باوەڕ و پابەندبوونی شەخسیی خۆیان بێ، یان بەهۆی ئەو کۆت و بەندە کۆمەڵایەتییانەی بە عادەت لە گەردنیان ئاڵاوە، کەمترین تێوەگلانیان هەیە لە خوو و خدە خراپەکانی نێو کۆمەڵگە، هاوکات رۆڵیشیان لە پاککردنەوەی کۆمەڵگە لە کردار و رەفتارە دزێوەکاندا ئاشکرایە و بەگشتی لەو رووەوە دۆسیەیەکی سەربەرزانەیان هەیە.

بەڵام ئەمە بەو واتایە نایەت کە ئەوانە مادام پێشەوای ئاینین و خاوەنی ئەو کەسایەتیەن، ئیدی هیچ کەموکورییان نیە و نمونەی پیرۆزن و نابێ رەخنەیان لێ بگیرێ، نەخێر. بەپێچەوانەوە ئەوان بە حوکمی ئەو پێگەو مەقامە کۆمەڵایەتی و رۆحیەی هەیانە دەبێ لە هەموو توێژە رۆشنبیرەکانی تری کۆمەڵگە زیاتر رەخنەیان لێ بگیرێ، ئەویش لەبەر چەندین هۆ، لەوانە:

یەکەم لەبەرئەوەی ئەوان بەناوی ئاینەوە قسە دەکەن لەکاتێکدا وەحییان بۆ نایەت، بەڵکو کار بە ئیجتیهاداتی مرۆڤانەی خۆیان دەکەن، واتە ئیجتیهادێکی بەشەری لە بەرگی بۆچوونێکی ئاینیدا پێشکەش دەکەن، کە خەڵکی عام وەک پەیامی ئاینەکە، نەک بۆچوونی مرۆڤێک، مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، ئەمەیش کارێکی هەستیارە و هەڵەکردن تێیدا کارەساتبارە.

دووەم: ئەوان بەزۆری گوتاریان ئاراستەی خەڵکە عامەکە دەکەن، کە توانا و تاقەتی هەڵسەنگاندن و رەتکردنەوەیان نیە، سۆز بەسەر عەقڵیاندا زاڵە و زوو بە گوتاری عاتیفییانەی ئاینی دەوروژێن، ئەمەیش دیسان کێشەی گەورەی لێدەکەوێتەوە ئەگەر بە وریایی مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێ.

سێیەم: ئەوان لە هەموو توێژە رۆشنبیرەکانیتر زیاتر قسە دەکەن و وتار و رێنمایی دەدەن، قاعیدەیەکیش هەیە کە "من کپر کلامە کپر سقگە" هەر کەس زۆر قسە بکات زۆریش هەڵە دەکات. ئەمە لەکاتێکدا گوتارەکانیشیان گوتاری تەلقینی و ئاراستەکارانەن نەک گوتاری حیواری و مشتومڕ. واتە ئەوان تەنیا قسەدەکەن و بەرامبەرەکانیان، کە خەڵکن، گوێ دەگرن و سەر دەلەقێنن و ناتوانن، یان بۆیان نیە رەخنە لەو گوتارە بگرن (وەک لە وتاری هەینیدا)، بەم پێیەش هەڵەکانی نێو گوتارەکان وەک خۆیان دەمێننەوە و ریشە دادەکوتن و بە تێپەڕینی زەمەن بەرگی پیرۆزی دەپۆشن و دەبنە هەڵەیەکی "پیرۆز" لە بیرکردنەوەی ئاینیی کۆمەڵگاو ناوەندە زانستییە ئاینییەکە.

هەر بۆیە دەبێ ئەو گوتارە لە دەرەوەی مزگەوتەکاندا بەردەوام لە بەردەم نەشتەری رەخنەدا بێ، تا لەو گەردو خڵتانەی لێیان دەنیشێ پاک بکرێنەوە.

مامۆستایانی ئاینیش ئەگەر لە خەمی ئایندەی ئاینەکەو کۆمەڵگەکەیاندا بن، دەبێ قوربانی بەو حەزی لەخۆرازیبوونەی خۆیان بدەن و بە رۆحی ریازی و دوور لە دەمارگرژی و پەنابردن بۆ ئامرازەکانی تەشویه و تەفسیق و تەکفیر پێشوازی لەو گوتارە رەخنەییە بکەن و سوودی لێببینن.

**هەروەها بەڕێز عەلی کەریم سەرۆکی ئەنستتیوتی کوردستان بۆمافەکانی مرۆڤ، سەبارەت بە کاری رێکخراوەیی یەکێتی زانایان کە تا چەند توانیویەتی لە قالبێکی**





دکتۆر عومەر پەتی

## پێویستە زانایان کاریگەری هیچ تاك و لایەنێك کاریان لێ نەکات و هەوڵیش بدەن دیاردە ناشیرینەکانی کۆمەڵگە کەم بکەنەوە

**پیشەیی و ڕێکخراوەیی خۆی ببینێتەوە؟ ئەرك و قورسایی ئەو یەکێتیە وەك ڕێکخراوێکی پیشەی لەکوێ خۆی دەبینێتەوەو چۆن هەنگاوی باشتر باوێت؟ بەڕێزیان گوتی:**

من ڕێك دەچمە سەر ئەوەی کە پێویستە یەکێتی زانایان چۆن بێت و چی بکات لە ئایندەدا..

بەبڕوای من ئەرکی یەکێتی زانایان لەم چەند خاڵەدا کۆ و کورت دەبێتەوە :

یەکەم: چاودێریکردن و پاراستن و پەرەپێدانی مافی مامۆستایانی ئایینی بەبێ جیاوازی و تەنها لەسەر بنەمای پیشەیی بوون بەپێی یاسا.

دووەم: لەسەر ئاستی ناوخۆ وەك ڕێکخراو پێویستی تازەبوونەوەی دیموکراسی لەبنەمای هەڵبژاردن و داهێنانی میکانیزم و شێوازی تازە بۆ کارگێری و سود بینین لەتوانای هەموو مامۆستایانی ئایینی بۆ کاروباری ڕێکخراوەکە و گەشەپێدانی و گەیشتن بەئامانجەکانی... هتد

سێیەم: لەسەر ئاستی کۆمەڵگا پێداچوونەوەی گوتاری ئایینی لەکوردستان بەتایبەت لەوەی کەپەیوەستە بەپێداچوونەوەی ممارەسەی پیشەی زانایانی ئایینی. واتە ڕاستکردنەوە و ڕاست دانانی بنەمای ممارەسەکردنی پیشەی (زانای ئایینی) لەکوردستان کە ئێستا جۆرێك لەشێوانی پێوە دیارە. ئەمەش لەڕێگای زەمینەسازی بۆ دەرچوونی کۆپێکهاتەیەك لەیاساو بڕیاری تازە لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانە وە بەشێوەیك کە ئەوەی ناوی لێدەنرێت (زانای ئایینی) پێویستە لەو ئاستەدا بێت و کۆمەڵێ پێوەری ڕوونی زانستی و پیشەیی مۆدێرن هەبێت، وەك چۆن بەرپرسیش بێت بەرامبەر یاسا وەك هەر هاوڵاتیەکی تر.

چوارەم: سەر لەنوێ ڕێکخستنەوەی وتاری هەینی و پێناسە کردنەوەی میمبەر وەك کایەیەکی گشتی و موڵکی هەموو کۆمەڵگاوە بەدواشیدا دانانی کۆمەڵی مەرج و پێوەری تایبەت و مۆدێرنی زانستی بەتایبەت بۆ ئەوانەی دەبنە وتاربێژ کەپێویستە لەوئاستەدابن.

پێنجەم: گەشەپێدانی توانای زانستی مامۆستایانی ئایینی لەڕێگەی جۆراوجۆرەوە وەك : دابینکردنی کورسی خوێندنی باڵا لەناوەوەو دەرەوە بۆیان _ کۆرس و خول و وۆرکشۆپ و سیمیناری جۆراوجۆر و بەردەوام _ زەمینەسازی کردن و هاندانی قوڵکردنەوەی مەعریفەی ئیسلامی هاوچەرخ لەکوردستان لەڕێگەی توێژینەوە و نوسینی بابەتی و پەرتوك و بڵاوکراوە – کتێبەرکێی زانستی و گەشتی زانستی بۆیان – ئاشناکردن و ڕاهێنانیان لەسەر بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای مۆدێرن وەك کۆمپیوتەر ئینتەرنێت ئایفۆن ئایپاد.. .هتد .

شەشەم: هەوڵدان بۆ گەشەپێدانی ڕۆشنبیری مافەکانی مرۆڤ لای مامۆستایانی ئایینی و پابەندکردنیان بەبنەماکانیەوە لە کارو چالاکیەکانیاندا .

حەوتەم: پێویستە یەکێتی زانایان هانی تازەگەری ئایینی و ڕۆشنگەری ئیسلامی بدات . بەشێوەیەك کە تێگەیشتنێکی تازە لەسەر بنەمایەکی مرۆیی بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام لەکوردستان بێتە کایەوە، کە دوور بێت لەملکەچ بوون بۆ کلتوورو کەلەپوورو دووریش بێت لە خوێندنەوەی شکڵگیرانەو هەرگیز دەمارگیرانەش نەبێت. بەڵکو دین و دنیا بەیەکەوە کۆبکاتەوەو ببێتە دەروازەیەکی گرنگ بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لەکوردستان لەڕێگەی جوڵاندن و ئاراستەکردنێکی پۆزەتیڤانەی ئەو وزە ڕۆحیەی لەناوتاکی کورددا هەیە بەرەو گەیشتن بەکوردستانێکی نوێی نمونەیی.

**ئایا زانایانی ئایینی تا چەند هۆکار بوونە لە ئاراستە کردنی کۆمەڵگە بەرەو شتە باش و ڕەوشتە بەرزەکان؟ پێت وایە زانایان تەواو بە ئەرکی خۆیان هەستابن؟ ئەی کەم و کورتیان لەچیدایە؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەش دکتۆر عومەر پەتی پسپۆڕی دەروون زانی گوتی:**

زانایانی ئایینی بە درێژایی مێژوو، هەر لەسەرەتای دامەزراندیەوە لە کوردستان تەواوکەرو پشتگیری کاری بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بوونەو ڕۆڵی خۆیان بە چاکی بینیوە، لە ئاراستە کردنی تاك و کۆمەڵگەی کوردی بەلایەنی باش و ڕەوشتە بەرزەکانیەوە.

ڕێ پێشاندەری کۆمەڵی کوردەواری بووینە، لە هەموو سەردەمە دژوارەکانیشدا، نمونەی زیندوو ئەوەندە زۆرە تەنانەت چەندان لە زانایانی کورد دووچاری ئازاردان و ئەشکەنجەدان بوونەتەوە لەسەردەمی ڕژێمی پێشوودا.

ئەوەندەی لە توانایان بووە کاریان کردووە، بەڵام بێ کەم و کوڕیش نیە، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی ناهەمواری کوردستان و حەزی ناحەزانی کوردەوە، لە دوای ڕاپەرینیش ئەو کارو کردەوانەی ئێمە لێی ئاگادار بین، لە ڕێی یەکێتی زانایان و بەتایبەت لە ڕێگەی لێژنەکانیەوە لەوانە:

لێژنەی فەتواو ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری ڕۆڵی خۆیان بینیوە، جا چ لە ڕێگەی کردنەوەی خولی پەرەپێدان بۆ مامۆستایانی ئایینی و تارخوێنان و پێشنوێژەکانی



سۆزان عارف

# زانایانی ئایینی هۆکارێکی گرنگن لە وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لە بارەی مافەکانی مرۆڤ‌و مافەکانی ئافرەت

**لەبارەی ڕۆڵی زانایانی ئایینی لە بارەی داکۆکی کردنیان لە مافەکانی ئافرەت‌و نەهێشتنی ئاریشەو کەمکردنەوەی کێشەکانیان‌و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ئایینی لەو بارەوە بەڕێز سۆزان عارف بەڕێوەبەری ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەت گوتی:**

سەرەتا پیرۆزبایییەکی گەرم ئاراستەی ستافی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلام دەکەین لە ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلام. هیوای سەرکەوتن‌و بەردەوام بوونتان بۆ دەخوازین لە سەرجەم کارەکانتان بە پەنای خوای گەورە.

ڕۆڵی زانایانی ئایینی ئیسلام ڕۆڵێکی یەکجار بەرچاویان هەیە لە نەهێشتنی ئاریشەو کەم کردنەوەی کیشەکانی ئافرەتان‌و داکۆکی کردن لە مافەکانیان بە بەڵگەوە، کە ڕێکخراوی تواناسازی ئافرەت زۆربەی چالاکیەکانیان بە هەماهەنگی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلام جێبەجێ دەکەن وەك کەمپینی نەهێشتنی خەتەنە و، کوشتن لەسەر شەرەف و، مارەکردن لەدەرەوەی دادگاو، کەم کردنەوەی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت‌و، پاك کردنەوەی شەریعە لە داب و، نەریتی کۆن یاخود زۆر پێشلکاری دەکرێ دژ بە ئافرەت بە ناوی ئایینی ئیسلامەوە. ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی یەکجار بەرز دەسەنگێندرێ‌و جێ پەنجەیان دیارە لە ڕەنگدانەوەی چالاکیەکانمان لەماوەی ساڵی رابردوو کە 200 مامۆستای ئایینی بەشداری خولی تایبەت بە بابەتەکانی مافی مرۆڤ و مافەکانی ئافرەت. بەهەمان شێوە لەو ساڵەدا خولی مافی مرۆڤ و مافەکانی ئافرەت بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ بەڕێوەچوو لەناو بارەگای یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلام وە دەست نیشان کردنی ٤٠ مامۆستای ئایینی بۆ بەشداری پێ کردن لەو خولەو هاوکاری ماددی‌و مەعنەوی لەلایەن یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلام، بۆیە بەردەوام جێ پەنجەی مامۆستایانی ئایینی دیارەو هیوای سەرکەوتنییان بۆ دەخوازین لە هەموو بوارەکان.

زانایانی ئایینی ئیسلام هۆکارێکی گرنگن لە وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لەبارەی مافەکانی مرۆڤ‌و مافەکانی ئافرەت وە هەروەها ئەم بابەتانە لە وانەکانیان بەر گوێ دەکەوێ لە بەر ئەوە تێگەیشتنی مافەکان‌و تێکەڵ نەکردنیان لەڕێگەی ئەوانەوە دەبێت‌و دەگەیەنرێتە کۆمەڵگە بە چاکترین تێگەیشتنەوە. چونکە هەیە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا لە پێناوی مەسەلەی پیاو سالاری پێ لە مافەکانی ئافرەت دەنێ وە لە بەرژەوەندی پیاو قسە دەکات یاخود زۆر بایەخ بە بابەتەکانی مافی ئافرەت نادات بە تایبەت لە دەوروبەری شار ئەو دیاردەیە بە زەقی دەبینرێ، وە کێشەی ئافرەت بە کۆنی داب و نەریتی کۆمەڵگە سەیر دەکرێ‌و بڕیاری لێ سەر دەدرێ وەبە تێکەڵ بوونی ئایینی ئیسلام و لێك نەکردنەوەی شەریعەت‌و داب‌و نەریت مامەلەی لەگەڵ دەکرێ.

چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتەش دەکرێت بایەخی پتر بدرێت بە بەرنامەی بەردەوامی هوشیاری لەلایان وەزارەتی ئەوقاف‌و یەکێتی زانایانی ئیسلام سەبارەت بە شەریعەت‌و پاك کردنەوەی شەریعەت لە داب‌و نەریت‌و کلتوری کۆن کە ناگونجێت لەگەڵ ئەم سەردەمە هەروەها هوشیاری لەسەر بابەتی مافی مرۆڤ‌و مافی ئافرەت‌و مافی منداڵ لەڕوانگەی ئاینی ئیسلام. ڕۆڵی یاساو سەروەری یاسا وەمافی یەکسان بۆ هەر تاکێك کە سەیر بکرێت وەك مرۆڤ نەك وەك ژن یاخود پیاو مزگەوتەکانی هەرێمی کوردستان لە پاڵ کارو کردەوەکانی تریان.

لەگەڵ ئەوەشدا هیچ داموو دەزگاو فەرمانگەیەك نیە بێ کەم‌و کوڕی، یەکێتی زانایانیش بەهەمان شێوە ڕەنگە کەم‌و کوڕی هەبێ، بەڵام ئەرکی سەرەکیان ئەوەیە زیاتر لە کۆمەڵانی خەڵك نزیك ببنەوەو ڕۆڵی خۆیان پتر وەدەر بێخن.

هەروەها زیاتر پشتگیری مامۆستایانی ئایینی بکەن بۆ ئەوەی ببنە هاندەرێك لە بردنیان بۆ نێو ڕۆشنبیری پترو کراوەتر.

جێی خۆیەتی ڕۆڵیان هەبێ لە هەموار کردنەوەی یاساو ئاگادار بوونیان لەو پرۆژە یاسایانەی، کە پێشکەشی پەرلەمان دەکرێن.

دەبێ هەوڵی پتر بدەن بۆ پێشکەش کردنی توێژینەوەی زانستی لە بوارە جیا جیاکانی کۆمەلایەتی‌و ڕۆشنبیری‌و مێژوویی‌و.. هتد.

خاڵێکی تر دەمەوێ ئەوەیە دیار بخەم کاریگەری هیچ تاك‌و لایەنێك کاریان لێ نەکات، بەڵکو تەنها بە بەڵگەی شەرعی ولامی هەموو کەسێ بدەنەوە.

زانست‌و ئایین‌و شەرع تێکەڵ بە یەکتری بکەن بۆ وڵامدانەوەی هەموو چین‌و توێژێکی کۆمەڵی کوردەواری، چارەسەری هەموو گرفتە کۆمەلایەتی‌و ئابووری‌و رامیاری‌و هەموو لایەنەکانی تر، وکو گەندەڵی‌و نادادپەوەری‌و دزی‌و کەمتەرخەمی‌و ئەرکی بەرپرسیارێتی‌و برایەتی‌و لێبوردەیی‌و هاوکاری یەکتری هەموو ئەم بەهایانە لە لایەن یەکێتی زانایانەوە پیادە بکرێ‌و هەوڵی چەوساندنەوەو بڵاوکردنەوەیان بدرێت لە ڕێگەی میدیاکان.

لە کۆتایی پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی یەکێتی زانایان دەکەم بە بۆنەی ساڵیادی دامەزراندنیەوەو هیوای سەرکەوتنیان بۆ دخوازم.

# سەرۆكی كاروباری ئایینی توركیا نامەیەك ئاراستەی سەرۆكی یەكێتی زانایان دەكات



لە نامەیەكیدا سەرۆكی كاروباری ئایینی توركیا بەرێز (دكتۆر محمد كورمان)، بۆ سەرۆكی یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان، وێڕای رێزو سڵاوی تایبەتیو پیرۆزبایی جەژنی رەمەزانی پیرۆز، لە بەشێكی نامەكە هاتووە: ئەمڕۆ هەموومان پێویستیمان بە گیانی هاوكاری تەبایی هەیەو مانگی پڕ خێری رەمەزانیش ئەوەی فێر كردین كە بە سۆزو رەحمەتەوە هاوكاری یەكتر بینو برایەتیو تەناهی لەناو یەكتر بڵاو بكەینەوە، بۆیە ئومێد دەكەین ئەم جەژنە بەسەر ئێوەی بەرێزو سەرجەم موسڵمان بەخێر بگەڕێتەوەو رێزو سڵاوی ئێمەش قەبوڵ بكەن.

دكتۆر محمد كورمان_ سەرۆكی كاروباری ئایینی توركیا/ ٢٠١١/٨/١٧.

لە بەرامبەریشدا مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید سەرۆكی یەكێتی زانایان وڵامی نامەكەی بەرێزیانی داوەتەوەو وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی بە نامەكەی سەرۆكی كاروباری ئایینی توركیا هیوای خواستووە، كە بەرێزیان پەیامی زانایان بگەیەنێتە سەرووی خۆی بە مەبەستی راگرتنی ئەو تۆپبارانەی ماوەیەكە سنوورەكانی هەرێمی گرتۆتەوە. لە بەشێكی نامەكە هاتووە: زۆر خۆشحاڵبوم بە پیرۆزبایی نامەكەی بەرێزتانو لە لایەن خۆشمانەوە بەهەمان شێوە پیرۆزبایی گەرممان ئاراستەی بەرێز دكەینو هیوادارین ئەم جەژنە ببێتە مایەی خێرو تەبایی نێوانمان. لە بەشێكی تری هاتووە: بە پێویستی دەزانین لەو دەرفەتە داوا لە بەرێزتان بكەین، كە هەوڵی جدی بدەن بۆ راگرتنی ئەو تۆپبارانە سنووریانەی، كە زیانی زۆری بە هاوڵاتیانو ناوچەكە گەیاندووەو ئەو كارەش كاریگەری نەرێنی لەسەر برایەتیو نەتەوەیی دروست دەكات، هیوادارین ئەو جەژنە ببێتە مایەی خێرو ئارامی بۆ هەموو لایەكمان.

# ئێمە سەد جار دەترسێین

دانا مەلا حەمەئەمین كەلاری* ـــــ dkalary@yahoo.com



لەژمارە (٧٢)ی گۆڤاری پەیامی زانایانی زمانحاڵی یەكێتی زانایانداو لەگۆشە تایبەتەكەی مامۆستای بەڕێزم مامۆستا مەلا جەعفەر گوانی ناونیشانێكی عەجیبم بینی كە باسی ترس بوو ڕاستەوخۆ لەناخی خۆمدا گوتم كو دەبێ وابێ؟ مامۆستایانی ئایینی هەرگیز نەترساون، ئەم ناونیشانە بۆ؟ بۆیە سەرنجی ڕاكێشامو خوێندمەوە ترسەكەی جەنابی مامۆستا مەلا عبداللە ی گردەسۆریم زۆر پێ جوان بوو، كە بێگومان ئەو ترسەی جەنابی مامۆستا پەرۆشییەتی بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلامو سەربەرزیو رابەرێتی مەلای كورد، بەڕاستی ئەوەی ئەورۆ دەیبینین ئەتوانین ناوی بنێین كارەساتو لەقۆناغی دیاردەبوونیشی تێپەڕێنین، چونكە گەر ئاوڕ لەڕابردووی دەسەڵاتی ئیسلامی بدەینەوە ئەبینین ناوچەیەك یا فەرمانڕوایەتییەك تەنها یەك قازی یا یەك موفتی یا یەك حاكمی هەبووە ئەوەی ئەمڕۆ هەیە نەبووەو نەكراوە، كە هەركەس لەئاستی خۆیەوە موفتی بێت ئیدی زانا بێت یا نەزان تێگەیشتنی تەواوی هەبێت بۆ دەقەكان یا نا خەڵكی ئاراستە بكات ئیتر خوا بۆ خۆی دەزانێ چۆنی ئاراستە دەكات بۆ نەجات یا بۆ هەڵدێر، ئەمە لەكاتێكدا ئێمە لە كوردستان خاوەنی ئەو لیژنە فەتوایەین كە بەڕاستیو دوور لە زوبانی ڕوپایی كردن نموونەی شارەزایانی ئیسلامن لەڕووی ڕێكخستنیشەوە لەنێو ڕێكخراوێكدان كە تەواوی زانایانی هەرێمەكەمانی لە خۆگرتووەو لە هەموو شارەكاندا لیژنەی فەرعییان هەیەو وابەستەی ڕاستەوخۆی لیژنەی باڵای فەتوان لەهەرێمەداو دڵسۆزانەو لێبڕاوانەو پەرۆشانە خۆیان تەرخانكردووە بۆ وەڵامدانەوەو چارەسەركردنی پرسە شەرعیو هەتا كۆمەڵایەتیو لایەنەكانی تری موسڵمانان، ئیدی چی پێویست دەكات كە هەر كەسەو تێگەیشتنێكی سادەی هەبێت موفتی بێتو چۆنی ویست فەتوا بدات، چونكە ڕەنگە زۆر كەسی خوێندەواری ئاسایی بتوانێت كۆمەڵێك كاری مەلایەتی بكات، بەڵام پێویستە ئەوە بزانین كە هەموو مەلایەك ناتوانێت موفتی بێت، چونكە فەتوادان لێپرسراوێتییە...

یەكێك لەسەرچاوەكانی دروست بوونی ئەم كێشەو تێكەڵاوییە ئەو فرە جومعەییە كە لەشارەكاندا هەیە زۆر پێویستە هەموو كوچەو گەڕەكێك مزگەوتی هەبێت، بەڵام لازم نییە هەموو كۆڵانێك جومعەی هەبێت، ئینجا پێویستە زانایانی سەربەرزی وڵاتەكەم ئەوە بزانن كە مینبەری مزگەوت شوێنی فەتوادان نییە شوێنی گەیاندنی ئایینە، خۆم بۆ خۆم لەوتاری مامۆستایەكی بەڕێزدا ئامادەبووم سەرلەبەری وتارەكەی فۆرمی فەتوادانی وەرگرتبوو...

بۆیە ترسەكەی جەنابی مامۆستا شێخ عبداللە ی گردەسۆری دڵنیام ترسی هەموو مەلاو موسڵمانێكی ڕاستەقینەی ئەم وڵاتەشەو پێویستە خەمی سەرەكی یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان بێت ئەویش بەكاراكردنی لیژنەی باڵای فەتواو لیژنە فەرعییەكانی لەشارەكاندا، ڕێگریكردنی تەواوی ئەو كەسانەی كە پێگەو شارەزایی تەواویان نییە لەئایندا، وابەستەكردنی موسڵمانان بەگشتیو زانایانی ئایینی بەتایبەتی بە لیژنە فەتواكانەوە، پێویستە خەڵك لەوە هۆشیار بكرێتەوە كە ئەوانەی ئەمڕۆ موفتین لەڕیزەكانی لیژنەی فەتوای سەر بەیەكێتی زانایان پێشەنگو لە پێشترینی زانایانی ئایینی هەرێمەكەمانن، هەروەها پێویستە یەكێتی زانایان كار بۆ كەمكردنەوەی وتاری هەینی بكات لەڕێگەی پێشنیار بۆ دروستكردنی مزگەوتی گەورەو فراوان لەشارەكاندا، وڵاتمان ئارامو كوردستانمان ئاوەدان...

* بەكالۆریوس لە دیراساتی ئیسلامیدا.

# خوێندنەوەیەك بۆ ئارامی ڕەوشی هەرێمی کوردستان

حسن قادیانەیی
qadiyani@gmil.com



ئـە گەرچـی کوردوسـتان ولاتـی هەمومانـەو هەمومان بە یەك چارەنووس لـەنێو کەشتیەکەیدا دەژینو "ئەگەرچی هـەمووومان وەکو یـەك لەبـەر هـەمو خێـرو بیرەکـەی نـاخۆین" دایکـی ڕاستەقینەی هەموومانـە بـەجۆرێك چـۆن منـداڵی شـیرە خـۆرە بـێ دایکـی ناتوانێـت بـژیت ئـاواش کوردێك کە خۆی بەڕۆڵەی ئەم کوردستانە بزانێـت ناتوانێـت نـە بێـی ئـەو بـژێت نـە دەشـتوانێت ڕۆڵەیەکی بەوەفاو نمەك دار نەبیت بۆ ئەم خاکە.

بێگومـان ئـەم هەسـتە جـوامێرو جوانـە لـەڕابردوودا ڕەنگـی داوەتـەو لەهەسـتو نەسـتو بیرکردنـەوەی بەشـێکی زۆری جـوامێرانی گەلەکەمان کە ئەوان توانیان بەم ئاراستەیەدا کـار بۆ ئـازادیو ڕزگـار کردنـی ئـەم خـاك چەوسـاوەو داگیر کراوە بکەن تاکو لەئەنجامدا بە مانـدوبوونی ئەوانو خۆبەخش کردنیا لـەم پێنـاوەداو خـەباتی بـەردەوامی مـاڵیو گیـانی بەخـشینی ڕووبارێـك خوێنی زولالو بێگرد بەم خاکە پیرۆزە بۆ ئـەوەی گەر هیچ نەبێت ڕۆڵەکانی ئـەوان بـەئازادی بـژینو داگیرکـەریش لـەوە بگـات ئـەم خاکـە خواپێـداوە ڕۆڵانێکی هەن ئامادەن بە هەر نرخێك بێت نەیەلن ستەمکاران بحەسینەوە، تـا لەئەنجامـدا بەهـەوڵی ئەم سەروەرو بەڕێزان بەشێکی بەرچاو لەم خاکـە ئازاد بکرێت "کە ناکرێـت ئێمـە لێرەدا بـاس لـەم هـەموو مەینەتیانـە بکـەین کـە لـەم پێنـاوەدا هاتونەتـە ڕێگـای دڵـسۆزانی گەلەکـەمان، بـەڵکو دەکرێت ئەوەی دەیەوێت زانیـاری هـەبێت بـەدیار سەرگوزشتەی کەسوکاری شـەهیدانو قوربانیـانو ئەو کەسانەی کە لەناوچە شاخاویەکان نیشتەجێ بـوونو چـەندین جـار ماڵیـان وێـران کـراوەو کەوتونەتە بەر ڕەحمەتی زەبرو زەنگـی دوژمنـان زیـاتر بـزانن بـۆ ئـەوەی دەرك بەگـەورەیی دەسکەوتەکانەوە بکەن".

ئـەوەی زۆر جێگـەی سـەرنجە گـەلێك جـار دەبینین کەسانێك لەم وڵاتەدا کە خۆیان بە نزیكو دڵسۆز بۆ خـاكو نیـشتیمان دەزانـن، بـەڵام کـاری وادەکـەن لـەپێناو بەرژەوەنـدی تەسـکی تاکـە کەسی خۆیان بێ یان حزبەکەیان "هزری بێ واتە بۆ سەرخستنی ئـەو ئـەفکارەی کـە ئـەو بـەڕەوای دەزانـی یـاخوت مـاددی بـێو بـۆ وەدسـتهێنانی بەرژەوەندی زیاتربێ" مەگەر دوژمنـان ئـەم کـارە بکەن ئەگینا هەمیشە دڵسۆزان ئەم کـارە ناکـەن، لەنێویاندا هەر خودی ئـەو کەسانەی کـە جلـەوی سیاسیو ئیـداری کوردسـتانیان کەوتۆتـە دەسـت زۆر جاری وا هەبووە لـە هەلومـەرجی زۆر ناسـکدا کاری وایـان کـردووەو بڕیـاری وایـان داوە خـەریك بووە ئەگەر هـەوڵی دڵسۆزان نەبوایـە حکومـەتو میللـەت بـە گـژ یـەکترەوە بنـێن هـەر بـۆ نمونـە بەشـێك لـەو بڕیارانـەی کـە لەپەرلـەمانی کوردستانەوە دەردەچن بەدرێژایی چـەند ساڵەی ڕابـردوو "کـە لای خـۆی پەرلـەمانتاران نوخبـەی پێشکەوتووی ئەم وڵاتەن" بونەتە مایەی بێ زاری بەشێکی هەرەزۆری گـەلی کـوردو بگـرە چـەندین جاری وا هەبووە لەسەر بڕ یارێکی زۆر بێ بایەخی پەرلـەمانی کوردسـتان ئاسایـشی وڵاتەکـەمان کەوتۆتـە مەترسـیەکی زۆر ترسـناکەوە، کـەمن نازانم بۆ دەبێت لەم بارودۆخی هەستیارو ناسـکی گـەلی کـورددا پەرلـەمان لەسـەر داوای چـەند کەسـانێك کـە ڕەنگـە کـەمو زۆر تـالیو سـوێریان نەچەشـتوە بـۆ وەدەسـتهێنانی ئـەم ئەزمونـە یاسـایەك دەربکـات یـا خـوت تـاوتوێی یاسـایەك بکات کە دژبێـت بـە بـیرو ئـاین کـەلتورو دەنـگو ڕەنگی گەلەکەی خۆی تاکار بگات بەوەی میللەت بەزۆربـەی توێژەکانیـەوە بێـزاری لەدەسـت حکومەتەکەی خـۆی دربڕێـت، ئـاخر مـن دەتـوانم لێـرە وە بەڕاشـکاوی ئـەوە بڵـێم، لەسـاڵانی ڕابـردوودا بـەهۆی درکردنـی هەنـدێك یاسـا لەپەرلەماندا درزێكو بێ متمانە بیەك دروست بـوو لەنێوان حکومەتو میللەتدا کە هەمیشە دوژمنانی گەلەکـەمان نـەیانتوانیووە ئـەم کـارە بەرامبـەر وڵاتەکەمان بکەن، کە ئەمەش واپێویـست دەکـات سەرۆکایەتی هەرێم بەتایبەتی کـار بکـەن لەسـەر ئـەم خالـەدا کـە بـەلای منـەوە زۆر گرنگـە بـۆ گێڕانەوەی ئەم متمانە لەدەست چوەی کە ڕەنگە لەئایندەیـەکی زۆر نزیکـدا کارمـان بـەم متمانەیـە بێو بەڵام ئەوکات درەنگە بەکۆچی ئێمە ڕاناگـات ئەوکات دەبێت نەفرین لـەم جـۆرە یاسـا نامۆیانـە بکـەینو پەنجـەی نەدامـەتی خۆمـان هەلمـژین، بەڕاستی مـن بـەگوناهی دەزانم چارەنووسـی ئـەم وڵاتـە بدەینـە دەسـت چـەند بڕیـارێکی لاوەکـی پەرلەمان، یاخوت ئاشتی نێو مـاڵی کـورد لەسـەر نـوکی قەڵـەمی چـەند نووسـەرێکی فەنتازییـەوە بوەسـتێت کـە مـن زۆر جـار دەڵـێم فتنـەی ئـەم وڵاتـەی ئێمـە سـێ جۆر کەسن بڕیـار بەدەسـتی نامەسئول.

دووەم: نووسـەری فتنەچـی کـە قەڵەمەکـەی تەنها خزمەت بەمیللەتو نیشتیمان ناکـات بـەڵکو تەنها دەیانهەوێت ئاژاوە بنێنەوەو سـوکایەتی بـە پیرۆزیەکانـەوە بکـەنو لەوەتـەری هەسـتیاری گەلەکەیان بدەن.

سـێهەم: فـەتوا و وتـاری عاتیفیانـەی چـەند مامۆسـتایەکی ئـاینی کـە زۆر جـاری وا هـەبووە مامۆستایەك لەوتارێکدا لەسـەر شـتێك کـە ڕەنگـە ئەوەنـدەش لەئایـندا گـرنگ نـەبووبێ گـەر بـۆی بکرایە ئامادە بـوو ئـەم وڵاتـە بڕوخێنێـت، وە زۆر جـاری واهەیـە بەشـێك لـەم جـەماوەرە بـەدوو ئەسرین بارین ئامادەن ئەم وڵاتە سـەراوژێر بکـەن کە ئەمەشیان کارێکی ناتەندروستە بـەڵکو هـەموو لایـەك چ ئەوانـەی سیاسـەت دەکـەن چ ئەوانـەی ئامۆژگاری خەڵك دەکـەن دەبێـت لەوپـەڕ هەسـت کردن بە بەرپرسیاریەتیەوە ئەم کارە بکەن.

# شێخ ناسیح نەقشبەندی چووە بەر دلۆڤانی خودا

سەر لە ئێوارەی ڕۆژی چوارشەمە (١٠ ڕەمـەزانی ١٤٣٢ی کۆچی بەرامبـەر ١٠-٨-٢٠١١ی مـیلادی شـێخ ناسـیح نەقـشبەندی کـوڕە گـەورەی شـێخ عوسمان نەقشبەندی شێخی بیارە لە باریکـەی سـەر بـە پارێزگـای سلێمانی کۆچی دوایی کرد، بڕیارە بەیانی لـە ڕێـورەسمێکی شایـستەدا لـە شـارەدێی بیارە بە خاك بسپێردرێت.

بەناوی مەکتـەبی تـەنفیزی یـەکێتی زانایـانی ئـاینی ئیـسلامی کوردسـتان پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی خانـەوادەی خوالێخۆشـبووو سـەرجەم موریدو خۆشەویستو هەوادارانی بنەماڵەی شێخی بیارە دەکەین، خوا گەورە لەو مانگە پیرۆزەدا بـەر ڕەحمـەتی خـۆی بخـاتو بیخاتـە بەهەشـتی بـەرینی خۆیو سەبووری هەموو لایەکیش بدات.

إنّا لله وإنّا إليه راجعون




# مامۆستا مەلا شەفیع ئەحمەد کاکل کۆچی دوایی کرد

ڕۆژی ٢٠١١/٩/٢ مامۆستا مەلا ئەحمەد شەفیع ئەحمـەد کاکـل، کـە مامۆسـتایەکی ئـاینی شاری هەولێر بوو، خاوەنی چەندین نووسـراوو پـەرتووكو هـۆنراوە بـوو، کۆچـی دوایـی کـرد، یـەکێتی زانایـانی ئـایینی ئیـسلامی کوردسـتان وێـڕای بەشـداریکردن لـە پرسـەکەیدا پرسەنامەیەکیشی ئاراستە کردووە، تێیدا پرسەو سەرەخۆشی لە خانەوادەکەی دەکـاتو، لـە خوای گەورەش داواکارن جێگای مامۆستا بەهەشتی بەرین بێت.

# خۆزیا ئێمەی کوردیش لیژنە فەتوایەکی بەهێزو یەك دەنگمان هەبوایە



محمد مەلا ئیسماعیل ئێنەیی

ئەگەر ئاورێك لە مێژووی فەتوا بدەینەوە، لە زەمانی پێغەمبەرەوە (د.خ) تا ئەم چەرخەی ئێمە زانایانی فەتوا هەمیشە رێبەرو پێشەنگ بوونە بۆ گەلەکەیان وە لە ناو کۆمەڵگەی خۆیان وەك ئەستێرەیەکی پرشەنگدار درەوشاونەتەوە، وە لە هەموو چەرخەکان خەڵك بۆ کێشە سەردەمیەکانی خۆیان پەنایان بردۆتە بەر ئەو زانا بەرزو ناودارانەی، کە توانای رابەری رێنومایی خەڵکیان هەبووە بۆ رێگاو رایی راست و دروست.

دیارە ئەم پەیوەندیەش لە بەینی ئەم دوو چینەی فەتوا دەرو فەتوا وەرگر لە قورئانو فەرمودەی پێغەمبەر(د.خ) سەرچاوەی گرتووە بەپێی ئەم دوو سەرچاوەیە موسڵمان دابەش دەبن بە دوو چین:

١- چینی فەتوا وەرگر = پرسیارکار

٢-چینی فەتوادەر = وەڵام دەرەوە

واتە چینی یەکەم بۆ ئەو شتانەی نایانزانێت پێویستە پرسیار لە زانایان بکات، وە زانایانیش پێویستە لەسەریان وەڵامیان بدەنەوە و رێنومایان بکەن، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِنْ كُنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ﴾، هەروەها پێغەمبەر (د.خ) کاتی (مەعازی کوری جەبەل)ی نارده یەمەن پێی فەرموو: (كيف تقضي إذا عرض لك قضاء؟ قال: أقضي بكتاب الله، قال: فإن لم تجد في كتاب الله، قال: فبسنة رسول الله، قال: فإن لم تجد في سنة رسول الله ؟قال: أجتهد رأي ولا الو أي لا أقصر).

جا بەپێی ئەم دوو سەرچاوەیە دەرگای ئیجتهاد یا فەتوادان لە هەموو چەرخ و زەمانو شوێنیکدا دەرگای فەتوا داناخرێت وە لەم چەرخەشدا دەبینین دەوڵەتەکانی دەوروبەرمانو وڵاتانی ئیسلامی هەریەك لەم دەوڵەتانە سەرچاوەیەکی فەتوایان هەیە، وەك (مجمع الفقة الاسلامي)و (دار الافتاء المصري)و چەندەهای تریش.

کە موسڵمانانی ئەم وڵاتانە بۆ رووداوو کێشە سەردەمیەکان پەنا دەبەنە بەر ئەم مەرجعە فەتوایانە، بێگومان ئەم سەرچاوە فەتوایانەش بە جوهدو خۆماندوکردنو بە دواداچوون لەژێر تیشکی ((ئەدیلە شەرعیەکان)) کێشە سەردەمیەکانی کۆمەڵگەی خۆیان چارەسەر دەکەن، دیارە لە کوردستانی خۆشمان لیژنەی باڵای فەتوای دامەزرا لەگەڵ لیژنە فەتوا فەرعیەکان.

وە لەماوەی دامەزراندنیەوە تا ئێستا خزمەتێکی زۆری بە گەلو نیشتمانی خۆی کردوە بەسەدان کێشەی تاكو خێزانو هۆزو کۆمەڵایەتی چارەسەر کردوە، چەندەها بریاری گرینگی جۆراوجۆری دەرکردوە، کە پەیوەندداربووە بە کێشە هاوچەرخەکان بەڵام بێ گومان لیژنەی فەتوای کوردستان بەدەرنیە لە کەموکوڕیو بێ هێزی ئەوەی جێگەی داخە لاوازیەکەی گەیشتۆتە ئەو ئەندازەیە، کە بریارەکانی لە هەندێ مینبەرو راگەیاندنەکان رەت دەکرێنەوەو بریاری پێچەوانە بە خەڵك دەوترێت.

لەوەش ناخۆشترو ترسناکتر ئەوەیە هەندێ جار بریار لە لیژنەی باڵای فەتوا دەردەچێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هاوڵاتیان بەڵام لە لیژنە فەرعیەکان، کە سەر بە لیژنەی باڵای فەتوان پێشوازی لە بریارەکە ناکات بەڵکو هەندێ جار، کە پرسیاریان لێ بکرێت دەربارەی فەتواکە بە پێچەوانەی فەتواکە وڵامیان دەدەنەوە لەوەش ناخۆشتر خودی ئەندامەکانی لیژنەی باڵای فەتوا هەندێ جار کۆك نین لە سەر دەرکردنی فەتوایەکی یەك دەنگ، کە ئەمە جێگەی داخە چونکە ئەم ناکۆکیەی لیژنەی فەتوا دەبێتە هۆی دووبەرەکیو سەر لێشێوانی کۆمەڵگا. کە نازانن فەتوای راست چۆنو لە کێی وەربگرن،

یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان بۆ رێکخستنی لیژنە فەتوایێکی بەهێزو کۆكو کارامە پێویستە ئەم چەند هەنگاوانەی خوارەوە بنێت:

١- کارکردنو ئیشکردن لە سەر تەواوی مەزهەبەکانی ئیسلامی سوننی، واتە بەر فراوانکردنی سنوری فەتوادان لە ژێر ئەدیلە شەرعیەکان.

٢- کارکردن لەسەر رەئی هەندێ لە زانایانی ناوداری ئیسلامی بۆ کاتی پێویست و ناچاری.

٣- پەیوەندییەکی بەردەوام لە گەڵ زانایانی ئسلامی جیهان بەتایبەت لەگەڵ (مجمع الاسلامي) لە جدە، وە (دار الافتاء المصري) وە ئاگاداربوون لەسەر دەرچوونی فەتواو بریارەکانیان بەتایبەت ئەو فەتوایانەی، کە پەیوەندارن بە کێشە هاوچەرخەکان.

٤- پێکهاتەی لیژنەی باڵای فەتوا لەم دوو باڵەی خوارەوە :

یەکەم.. هەندی زانای تەمەندارو بەئەزمونو شارەزا لە فیقهی ئیسلامی هەروەها شارەزا لە دابو نەریتی کۆمەڵگەی کوردەواری.

دووەم.. چەند کەسانی خاوەن شەهادەی دکتورا لە شەریعەو بابەتەکانی فیقهی ئیسلامی وە شارەزا لە ئەنتەرنێت و ئاگاداری رۆژانە لە کێشەو رووداوەکانی جیهانی ئیسلامیو بریارە گرینگەکانی زانایانی ئیسلامی.

٥- لێپێچینەوە لەگەڵ هەر کەسێ دژ بە بریاری لیژنەی باڵای فەتوا بریاری پێچەوانە لەسەر مینبەر یا لەسەر کەناڵەکان بڵاوبکاتەوە.

لەکۆتاییدا داواکارم لە خوای پەروەردگار ئێمەی کوردیش ببینە خاوەن فەتوایەکی کۆكو یەك دەنگو بە هێزو کارامە.

# ئیفراتو تەفریت
# لە دانی ڕۆڵ بە مەلا دا

**سامڕەند**

لەسالآنی ڕابردوو دا ڕۆشنبیران لەڕیگای مێدیای کوردییەوە داوای جودایی دینو سیاسەتیان کردووە. ئەوە شتێکی غەیرە تەبیعییە کە دین لەسیاسەت هەڵاوێردرێ چونکە دنیای واقیع پێچەوانەی ئەوەمان بۆ دەردەخا.

لەلایەکی دیکەوەو لە بەرامبەر ئەو تەفریتە دا کە مەلا بە کوللی لە ساحەی سیاسەت دوور دەخاتەوە، ئێستا حاڵەتی عەکسی ئەوەمان بۆ خولّقاوە. ڕۆشنبیری کورد ڕۆڵی گەورەی "بەرقراربوونی ئاشتی، پێکەوە ژیانو جێبەجێکردنی حەقی سرووشتیو مرۆیی کوردستانیان" لە بەرامبەر هێرشی تۆپخانەکانی ئێرانو بۆردومانی تەیارەکانی تورکیە دەسپێرێ بە مەلای کوردو سەیدەکانو وەزاڕەتی ئەوقافو بەم جۆرە دینو سیاسەت تێکەڵ بە یەك دەکاتەوە.

ڕاوەستان لە بەرامبەر هێرشی میلیتاریی دەرەوەی حدوودەکان بۆ سەر خاکی عێڕاقو سەیادەی سیاسیی ئەو وڵاتە ئەرکێکە کە لە ئەستۆی شوڕای ئەمنیەتی ئومەمی موتتەحیدە، وەزاڕتی دیفاعی ئەمریکا، وەزاڕەتی دیفاعی عێڕاقو وەزاڕەتی پێشمەرگەی کوردستانەو لەو بارەوە وەزاڕەتی ئەوقافی کوردستان ئەرکێکی لە ئەستۆ نییە. ئەو بەشە هیچ بۆدجەو ئیختیارو دەستەڵاتو ئیمکاناتێکی بۆ کێشەی لەو نەوعە بۆ تەرخان نەکراوەو مەلای مزگەوتو بنەماڵە سەیدەکان چ سەڵاحییەتو ئوتوریتەیەکی سیاسی عەسکەریو ئیدارییان بۆ دیاری نەکراوە. بە تایبەتی ئارشیوی تلڤزیۆنەکان پڕن لەو دروشمانە کە لێرەو لەوێ ڕۆشنبیران داوایان کردووە دین و سیاسەت لێك جودا بێ. ئەوان گوتوویانە حکومەتێکی سێکۆلاریان دەوێ، جا کە وایە چۆن وەزارەتی ئەوقافو مەلاو ماڵە سەید هەستن لەسەر ئەو هەمووە مونەززەممە نێودەوڵەتیو دوەلیو هەرێمییە ڕا دەرکی مزگەوت داخەن و مێزەر دانێن و بچن کێشەی سیاسیی وا قوولّ وەك هێرشی دەرەکیی وڵاتان حەل بکەن؟!!! تۆ بڵێی بە تەسبیح ڕاوەشاندن بکرێ بەری ڕاجیمە بگیرێ ئەگەر بودجەو سەڵاحیەتو مەشق لە دەست مەلای کورد و ماڵە سەید و ئەوقاف دا نەبێ؟! پێت وایە ئەگەر مەلا سەر سنووری گرت بۆ دیفاع لە خاکی کوردستان ڕۆشنبیران لێی لە هەرا نادەن و داوای لێ ناکەن بچێتەوە نێو مزگەوتو خەریکی پێوەندیی نێوان خۆی و خودای خۆی بێ؟!!

بەڵێ ڕاستە مێژووی کورد بە بەرسەهاتی فیداکاریی مەلا و سەید و خەڵکی دیکەی کورد پڕ کراوەتەوە، وەك مەلا مستەفا و شێخ محمود و قازی محمد و ...، کە چی ئەمڕۆ بۆ ئەرکی وەستاندنی هوجوومی لەشکری دەرەکی مادام دەزگای دەوڵەت هەیە و پێوەندیی بە مەرکەزەوە بەردەوامە و ڕەئیس جمهور کوردە و هێزی ئەمریکا دەستی بە سەر عێڕاق داگرتووە، ئیتر تەوەققوعێکی ناسیاسییانەیە داوا لە وەزاڕەتی ئەوقاف و مەلا و سەید بکرێ بۆ پێشگرتنی تۆپباران و بۆردومانی تەیارەکان هەنگاو بنێن. لە وڵاتانی دەرەوەش بۆ مەسەلەی هەڕەشەی عەسکەری دەرەوەی حدوودەکان قەشە و پیاوی دینی لێی مەسئوول نین.

جا ئەوە کەی ڕەوایە هەتا دنیا بێدەنگە بە مەلا بڵێین لە سیاسەت وەدوور کەوە! و ئەگەر هوجوممان بۆ هات ئێمە پاڵ دەینەوە و بە وان بڵێین بچن پێش لەشکرمان بۆ بگرن؟!

لێرە دا دەقی داوای ڕۆشنبیرێکی کورد لە سایتی کوردستان نێت ـەوە دێنم کە داوای تەداخولی مەلا و سەید و ئەوقاف و بە گشتی دین لە سیاسەت دا دەکا، بەم شێوەیە:

**بۆ وەزارەتی ئەوقافو هەموو مەلاو سەیدەکانی کوردستان.. مێزەرەکانتان دابنێنو دەرگای مزگەوتەکان دا بخەن!...**

**سەلام عەبدوڵڵا - خانەقین**

بە بەرچاوی خۆتانەوە دەبینن چۆن حکومەتی ئیسلامی حزبی (ئاکەپە) لە تورکیاو کۆما ری ئیسلامی لە ئیرانو حکومەتی ئیسلامی لەعیراق چۆن لەبری داننان بە مافە سەرەتاییەکانی گەلی کوردستان، بەهاوشێوەی قاعیدە بەشێوەیەکی وەحشیانە خەڵکی کوردستان بۆردومانو ئاوارە دەکەنو لەعیراقیشدا بە تەعریبکردنی ناوچە بەزۆرەملی دابڕێنراوەکان درێژە بە سیاسەتی بەعس دەدەن.

مرۆڤ ناتوانێ بڵێ حکومەتی ئیران، قاعیدە، تورکیاو عیراق حکومەتگەلو ڕێکخراوی ئیسلامی نین. هەر یەکێکیان بەگوێرەی ئیجتهادی خۆی ئیسلامییەو بەپێی یاساو ڕێسای ئیسلامی تاوانەکانیان دژ بە ئێمە ئەنجام دەدەن.

ئەگەر من مەلا بم مێزەرەکەم دادەنێمو دەرگای مزگەوتەکەم دادەخەم تا ئەو حکومەتانە کۆتایی بە کوشتنی منالّی کوردستان دەهێنن.

حەقوایە ئێوەش ئیتر لەپێناو بەرقراربوونی ئاشتی، پێکەوە ژیانو جێبەجێکردنی حەقی سرووشتیو مرۆیی کوردستانیان، بەرپرسیارییەتی خۆتان لەئەستۆ بگرنو ئەم جۆرە خەباتە مەدەنیو ئاشتیخوازە بەکاربهێنن.

# مامۆستایانی ئایینی دەخوازن خولە رۆشنبیریەکان بەردەوام بن..!

## یەکێتی زانایانیش ئەو هەنگاوە بە ئەرکی خۆی دەزانێت

ئا: مەلا ئەمیر گەردی amergardi@gmail.com

بەمەبەستی بەرەو پێشەوە بردنی بزاڤی رۆشنبیری ئایینیو هزریو زانستی زانایانو کار کردن لە پێناو بەهێز کردنی پتری ئاراستەی زانایان لەو واقعەی هەرێمی کوردستاندا، یەکێتی زانایان وەك چۆن لە ئامانجەکانی خۆی هاتووە، بە ئەرکی خۆی دەزانێت کار لەو بوارە بکات، کە خزمەت بە زانایانی ئایینی دەگەیەنێت.

وەك دیاریشە لە ماوەی ٨ مانگی رابردوودا، لە سەرجەم لقو ناوچە جیاجیاکانی یەکێتی زانایان، ژمارەیەك لە خولی رۆشنبیری جۆراوجۆرو، بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگاو رێکخراوەو کەسایەتیە پسپۆڕو شارەزاکان، لە بوارە زانستیو رۆشنبیریە گشتیەکان کراونەتەوە، زۆرێك لە وتاربێژو پێشنوێژو زانایانی ئایینی شارو شارۆچکەو گوندەکان بە جیاوازی تەمەنو دووریو نزیکی لە شوێنی کردنەوەی خولەکان، چالاکانە وێڕای هەبوونی پێشنیارو تێبینی جیاواز بەشداریان تێداکردووەو، هیوای بەردەوامیو فراوانکردنی خولەکان دەخوازن.

لەو بارەوە بەرێز مامۆستا مەلا دلشاد گەلاڵی سەرپەرشتیاری خولەکان گوتی: ئەو هەوڵەی یەکێتی زانایان لە پێناو بەرەو پتر رۆشنبیربوونی زانایانو بە زیندوو هێشتنەوەیانە لەبەر دەم دووڕیانی پێشکەوتنەکانی گۆڕەپانی ئێستا، هەروەها دەیەوێ لە رێی کردنەوەی خولی جۆراوجۆر هێڵی پەیوەندیەکانی زانایان بە یەکترەوە پتەوتر بکاتو زانایان زیاتر لێك نزیك بکاتەوە، کە ئەمەش وا دەکات هێزی خزمەتکردن بەهێزترو کاریگەرانە خۆی ببینێتەوە، بۆیە ئێمە دەخوازین مامۆستایانی ئایینی ئێمە هەمیشە بە رۆحی پێکەوە بوونو گیانی هاوکاریەوە بایەخ بەو بوارە بدەنو هاوکاریش بن لەگەڵ یەکێتی زانایان بۆ زیاتر گەیاندنی خزمەت بە موسڵمانانو کۆمەڵگەکەمان.

لە دوایین خولی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان، کە بەهەماهەنگی رێکخراوی تواناسازی ئافرەتو، رێکخراوی (دیاکۆنیا)، بۆ زیاتر لە ٤٠ وتاربێژی هەریەك لە هەولێرو، شەقڵاوەو، کۆیەو، خەباتو، سۆران، کرابویەوە، بە پێویستمان زانی لە نزیکەوە چەند بەژداربوویێك بدوێنین.

سەرەتا سەبارەت بە کاریگەریو سوودی خولەکان، **مامۆستا مەلا عەبدولهادی** شێخ وەسانی پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی (خێرخوازان) لە شەقڵاوە، بۆ گۆڤاری (پەیامی زانایان) گوتی: هەرچەندە پێموایە مامۆستای ئایینی، زاناو رۆشنبیرەو، دەخوێنیێو دەخوێنێتەوە، بەڵکو لە رێگەی وتارو ئامۆژگاریەکانی، رۆشنبیری گشتیو هەمە بابەت بڵاودەکاتەوە، بەڵام بەڕاستی ئەم خولانە زۆر پێویستو کاریگەرن، چونکە بێگومان هەندێ زانیاری هەنووکەییو بابەتی سەردەمی وا هەیە، کە مامۆستای



مامۆستا مەلا عەبدولهادی شێخ وەسانی



مامۆستا مەلا یوسف عەزیز ئەحمەد



ئایینی مامۆستای ئایینی وشیارتر دەکاتەوەو، سودی زیاتری پێدەگەیەنێت، بۆیە من تەمەننا دەکەم یەکێتی زانایان لەو هەوڵەی سارد نەبێتەوەو بایەخی تەواو بەو جۆرە خولانە بدات.

هەروەها **مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا محمد** پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی (حاجی عومەر نەقاڕ) لە هەولێر لەو بارەوە گوتی: ئەم خولە رۆشنبیریانە جگە لەوەی سوودی زانستی زۆریان هەیە، مامۆستایانی ئایینی شارو گوندو ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بە یەکتر دەناسێنیٚو، تۆڕی پەیوەندی زانایان پتەوتر دەکات، خۆی لەخۆیدا هەنگاوێکی ئیجابی ئەو جۆرە خولانەیە، بەڵام من پێشنیاری دەکەم فراوانتر بکرێنو تەوەرو بابەتی جۆراجۆرو هەستیارتر قسەیان لەسەر بکرێت.

دواتر مامۆستا مەلا یوسف عەزیز ئەحمەد، پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی (گوڵستان)، گوتی: بەڕاستی دەستخۆشی لە یەکێتی زانایان، بە تایبەت مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان دەکەمو، هیوام وایە کە زۆرینەی مامۆستایانی ئایینی شارەکانی کوردستان لەم خولانە بەشداربنو، هیوام بەردەوامیو سەرکەوتنو، بەرزبوونی زیاتری ئاستی رۆشنبیری زانایانە.

سەبارەت بە تێبینیو پێشنیاری بەڕێزیشیان بۆ خولەکانی داهاتوو، مامۆستای ناوبراو گوتی: پێمباشە کە ماوەی خولەکان بۆ سوودی زیاتری زانایانی ئایینی درێژتر بکرێتەوەو، میوانداری زیاتری پسپۆڕانو شارەزایانی بوارو بابەتە پێشکەشکراوەکان بکرێتو، لە لایەنی راگەیاندنیشەوە گرنگی تایبەتی پێبدریٚ، چ لە رێگەی رێکلام، بۆ وادەی بەڕێوەچوونی خولەکە، یان گواستنەوەی تەواوی بەرنامەو پڕۆگرامەکانی، چونکە ئەو جۆرە سیمینارانە بایەخی زانستیو رۆشنبیری زۆریان هەیە، کە ناکریٚ بە ئیهمالی سەیر بکرێن.

هەر لەم بارەیەوە مامۆستا مەلا جاسم ئیسماعیل پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی (شێخ باستام) لە کۆمەڵگەی خەبات، وێڕای دەستخۆشی لە ستافی بەڕێوەبەری خولی ناوبراو و مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایان، گوتی: باشتر دەبیٚ ئەگەر گۆڕانکاری لە وانەبێژو کۆڕگێڕان بکرێت، بۆ نمونە: پزیشکێك بانگ بکرێتو، باسی تەندروستیو، نەخۆشیە سەردەمیو مەترسیدارەکان بکات، یان کەسێکی شارەزای کۆمپیوتەرو ئەنتەرنێت بێتو، دەکریٚ بابەتی فکریو دیالۆکی زانستی لەناو زانایان پەرەی پیٚ بدریٚ، بۆ ئەوەی زانایانمان پتر رابێن لەسەر ئەو جۆرە گفتوگۆیانەو کرانەوەی لۆژیکی.

پاشان مامۆستا مەلا کۆسرەت هەنارەیی پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی (شێخ) لە کۆمەڵگەی مەلا ئۆمەر، گوتی: بە خۆشحاڵیەوە لەم ماوەیەی دواییدا، یەکێتی زانایان دەستیکردوە بە کردنەوەی خولی رۆشنبیری فیکریو عیلمی، پێموایە بە راستی ئەمە ئەرکی تەواوی یەکێتی زانایانەو، بەمە بوونی خۆی دوپاتکردۆتەوە، هیوادارم کە خولەکان بواری جیاجیا بگرنە خۆو، میدیاکانیش گرنگی پێبدەن، پێم وایە



مامۆستا مەلا جاسم ئیسماعیل



مامۆستا مەلا کۆسرەت هەنارەیی

ئەگەر یەکێتی زانایان لەسەر ئەو رێڕەوەی بەردەوام بێت، ئەوە دوای چەند ساڵێکی تر لەو پەڕی باشیو پێشەوە خۆی دەبینێتەوە..

# مزگەوتی دوو منارە
# مزگەوتێکی تەمەن سێ سەد ساڵە

**دیمانە : نازەنین عبدالباقی حەمە - سەقز**



مزگەوتی دوو منارە، یەکێکە لەمزگەوتە مێژووییەکانی کوردستان کە لەشاری سەقز لەڕۆژهەڵاتی کوردستان دایە، ئەم مزگەوتە بەهۆی کۆنی‌و شێوەی دروستکردنی لەڕووی بیناسازی و هەڵکەوتەی جوگرافیاوە گرنگیەکی زۆری هەیە.

شایەنی باسە سەرجەم مزگەوتەکانی تری شاری سەقز تەنها یەك منارەیان هەیەو ئەم مزگەوتە دوو منارەی هەیە بۆیە بە مزگەوتی دوو منارە ناوبانگی دەرکردووە. جێی ئاماژەیە شاری سەقز لەباشووری دەریای ورمێ و لە سەر ڕێگای سنە- بۆکان- بانە، لەپارێزگای کوردستان دا هەڵکەوتووە، واتە ئەکەوێتە سەر ٤٦ پلەو ١٦ خولەکی درێژی‌و ٣٦ پلەو ١٦ خولەکی پانی جوگرافی لەباکووری هێڵی ئیستیواوەو ١٤٧٦ مەتر لەئاستی دەریاوە بەرزە، نزیکەی ٢٥٠ هەزار دانیشتووی هەیە، ناوی سەقز لەسەکاوە هاتووە، ئەویش کاتێ سەکاکان لەباشووری دەریای ورمێ نیشتەجێ بوون‌و جێگەی ماناکانیان گرتەوە ئەم شارەیان کردە پایتەخت و بەو شێوە ناوی سەکز دواتر گۆڕا بۆ سەقز، سەقز ناوەندی سەرەکی ماناناکاو مادەکان بووە، سەقز شارێکی گرنگ و مێژووییەو پێویستی بە باس و لێکۆلینەوەی زۆرە، بەڵام، ئەوەی مەبەستی منە باس و لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر مێژووی مزگەوتی دوو منارەی سەقز کە لەبەرگرنی ومێژووی ئەم مزگەوتە ساڵی (٢٠٠٠) زایینی بەرامبەر بە ساڵی (١٣٨٠) هەتاوی خراوەتە ڕیزی شوێنەوارە میللییەکانی ئێرانەوە.

لەسەردانێکماندا بۆ شاری سەقز لەنزیکەوە چاومان کەوت بە (ناسری زیارەتی) مامۆستاو پێشنوێژی مزگەوتی دوو منارە کە ١٥ ساڵە لەو مزگەوتە دایە، ئەم دیدارەمان لەگەڵیدا سازکرد.

*** مێژووی دروستکردنی ئەم مزگەوتە بۆ کەی دەگەڕێتەوە وکێ دروستی کردووە؟**

– دوو ڕیوایەتی لەسەرە، هەندێك دەڵێن (شێخ حەسەنی کاکە سوری وەزمەڵە) دروستی کردووەو هێندێکیش باوەڕیان وایە (شێخ حەسەنی مەولاناوا)، بەڵام بەشی زۆری خەڵکی باوەڕیان لەسەر ئەوەیە کە پرسیارو ڕوونکردنەوەیان لەسەر کردووە پێیان وایە کە لەسەر دەستی شێخ حەسەنی مەولاناوا دروستکراوە، مێژووی دروستکردنەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ (٣٠٠ ) سێ سەد ساڵ لەمەوپێش، بەڵام لەبەر ئەوەی کە بەڵگەیەك لەبەر دەستماندا نییە ناتوانین بڵێین لە چ سەردەمێکدا بووە، بەبۆچوونی هەندێك دەڵێن لەسەردەمی (ئەفشاری‌و زەندییە وە، هەندێکیش دەڵێن دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی قاجارییەکان)، تائێستاش وەك خۆی ماوەتەوە لەسەر ئەو شێوازەی کە دروستکراوەو نۆژەن نەکراوەتەوە.

*** ئەوەتەی کە ئێوە ئاگادارن یەکەم مامۆستای ئایینی ئەم مزگەوتە کێ بووە؟**

– یەکەم مامۆستای ئایینی تائێستا نەزانراوە کێیە، بەڵام بەر لە (١٠٠ ) سەد ساڵ لەمەوپێش ئەو مامۆستایانەی کە لەم مزگەوتەدا بوون، دەڵێن: (مامۆستا مەلا قادری ساهیدی‌و مامۆستا مەلا سالحی چاوڕەش‌و مامۆستا مەلا سەید حسامەدبنی قووڕەیشی) بووە، ئەم مامۆستانە لەم مزگەوتە بوون، دوای ئەمانە لەساڵی (١٣٧٥)ی کۆچی شەمسییەوە (مامۆستا مەلا عەلائی) هاتۆتە ئەم مزگەوتە.

*** ئایا ئەوە تاچەند ڕاستە کە کوردی پارچەکانی تریش وەك فەقێ دەرسیان خوێندووەو ئەو فەقێیانە کێ بوون؟**

– بێگومان، کوردی باشووری کوردستانیشی تێدابووە، بەڵام ناوەکانیان تائێستا نەزانراوە.

*** ئێرە جگە لەوەی کە مزگەوتە لەهەمانکاتدا مەرقەدیشە خەڵکانێکی زۆر دێن بۆ ئێرە بەبڕوای تۆ هۆکاری ئەو هاتنە بۆ چییەو بە چ نیازێکەوە دێن؟**

– ١٠٠ سەد ساڵ لەمەوپێش (سەید



عەبدول حەکیمی گولّ چەرمۆ) ئیمامی ئەم مزگەوتە بووە، واتە ئیمامێتی ئەم مزگەوتەی کردووە کە پیش غەلیفەی کاك ئەحمەدی شیخ بووەو پیاوێکی زۆر گەورەو ڕوو لە خوا بووە خەڵکی زۆریان خۆشویستووە، چونکە مەلایەکی زۆر باشبووە، ئێستاش ئەم مەرقەدەی کە لەم مزگەوتە دایە زیارەتگایەو بۆ نەخۆشی ڕووی تێ دەکەن زیاتر ئەو منداڵانەی کە پێ ناگرن چوار شەممە دێن بۆ ئێرەو فاتیحایەك بۆ ئەو شەخسە ئەخوێننو لە خوای گەورە دەپاڕێنەوە کە لەبەر گیانی پاکی ئەو شەخسە یان کەسانێکی باش کە لەو مزگەوتەدا بوون داوات لێ دەکەین کە منداڵەکەم پێ بگرێت، هەتا لەسلێمانیو لەهەولێرەوە هاتوون دوای ئەوە قسەم لەگەڵدا کردوونو وتویانە سوپاس بۆ خوا ئێستا منداڵەکەمان باشبووەو پێی گرتووە ئەتوانێت بڕوات.

*** ئێوە وەك وتاربێژی ئەم مزگەوتە ئایا حکومەت هاوکاریتان دەکات، یاخود تائێستا هەوڵیانداوە بۆ چاك کردنەوەی مزگەوت یاخود پڕکردنەوی کەموکوڕییەکان؟**

– لێرە دەوڵەت تاڕادەیەکی کەم یارمەتی دەدات واتە مامۆستایانی ئایینی بە خەڵك بەڕێ دەچن، نەك بەدەوڵەت، چونکە دەوڵەت مانگانەیەکی زۆر کەم ئەدات هەم بە مامۆستایانی ئایینیو هەم بە کارگوزارەکانیشی، بۆیە زیاتر لەلایەن خەڵکەوە بەڕێ دەچنو هاوکاری دەکرێن، لەهەمانکاتیشدا سندوقمان داناوە لە مزگەوتەکەدا ئەو خەڵکانەی دێن زیارەت دەکەن ئەو پارەیەی کە تێی دەکەنو کۆدەبێتەوە کەموکوڕی مزگەوتەکەی پێ تەواو دەکەین، زۆربەی ئەو فەرشانەی کە لە مزگەوتەکەدان هی دایكو باوکی ئەو منداڵانەیە کە دوای گەڕانەوەیان لە مەرقەدەکە پێیان گرتووەو باش بوون.

**تێبینی:**

لەژمارە ٣، ٤ی گۆڤاری (ڕاگە) ساڵی ١٣٨٥ی کۆچی هەتاوی بەرامبەر بە ساڵی (٢٠٠٥ )ی زایینی بڵاوکراوەتەوە کە بڵاوکراوەیەکی ئەنجومەنی ئیسلامی شاری سەقزە، بۆچوونێکی تێدا بڵاوکراوەتەوە دەربارەی دروستکردنی مزگەوتی دوو منارە، بۆ زیاتر ئاشنا بوونی خوێنەران لەو بۆچوونە دەقەکەی لێرەدا بڵاو دەکەینەوە:

لەسەر مێژووی دروستکردنی ئەم مزگەوتە بۆچوونی جیاواز هەیە، بەڵام ئەوەی لەڕاستیەوە نزیکترە ئەوەیە کە، کاتێ (نادر شای ئەفشار) لەڕاستیدا (نادر شای هەوشارەو ڕەگەزی کوردەو لە کوردەکانی هەوشارە) بەرەو گرتنی بەغدا هات لەشاری سەقز پشوو ئەدا، لەوکاتە (شێخ حەسەنی مەولاناوا) کە زانایەکی ئایینی گەورەی سەردەمی خۆی بووە ئەچێتە لای نادر شاو داوای لێ دەکات مزگەوتێکیان بۆ دروست بکات ئەویش ڕەزامەندی دەردەبڕێ ئەو مزگەوتەیان بۆ دروست دەکات، کە دواتر بە مزگەوتی دوو منرە ناوی دەرکردووە، ئەویش بەهۆی بوونی دوو منارەوە لەم مزگەوتەدا.

هەرچەندە دواتر چەندین جار نۆژەن کراوەتەوە، بەڵام هێشتا هێمای بیناسازی ئەو سەردەمەی پێوە دیارە تەنانەت نادر شا دوو عەسای گەوهەر نیشانو سفرەیەکی (خوان) چەرمی جوانی بەخشیوەتە شێخ حەسەنو ئێستا لە مەولاناوا لەمەزارگەی شێخ حەسەن هەڵگیراون کە ئەویش ئەو بۆچوونە پشت ڕاست ئەکاتەوە. کە نادر شا ئەو مزگەوتەی دروست کردووە.



# قۆناغەکانی دروست بوونی کۆرپەلە

## (ثُمَّ خَلَقْنَا النُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا الْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا الْمُضْغَةَ عِظَامًا فَكَسَوْنَا الْعِظَامَ لَحْمًا ثُمَّ أَنْشَأْنَاهُ خَلْقًا آخَرَ فَتَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ)

ئا: زیرەك نورەدین مەلەکانی

ئەم لێکۆڵینەوەیە تەنها بۆ زانین نییەو بەس، بەڵکو ئەمە پەرستشەو وەڵام دانەوەی فەرمانی خواییە، کە دەفەرموێت: (فَلْيَنظُرِ الإِنسَانُ مِمَّ خُلِقَ)، واتە: کەواتە با ئادەمیزاد تەماشا بکات و سەرنج بدات کە لەچی دروستکراوە؟!، (إِنَّهُ عَلَى رَجْعِهِ لَقَادِرٌ)، واتە: بێگومان ئەو زاتە دووبارە (دروستکردنەوەی ئادەمیزادی) زۆر لائاسانەو توانای تەواوی هەیە.

وەبیر کردنەوە لە دروستکراوەکانی خوای گەورە عیبادەتێکی گەوریەو گرنگیەکی کەمتر نیە لە نوێژو ڕۆژو زەکات، چونکە ئەم بیرکردنەوەیە نەفس پاك دەکاتەوەو وا لە مرۆڤ دەکات زیاتر هەست بە بچووکی خۆی بکات لە بەرامبەر گەورەیی دروستکراوەکانی خوای گەورەدا، بەڵکو وا لە موسڵمان دەکات کە ئیمانی زیاتر بێت و زیاتر تەسلیم بێت بە موعجیزەکانی خوای گەورە.

**- گڵ یەکەم قۆناغی دروست بوونە:**

ئەمڕۆ زانایان تەئکید لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە هەموو ئەو پێکهاتانەی لەشی مرۆڤی لێ پێکهاتووە لە ناو گڵدا هەیە، هەر وەك لە قورئانی پیرۆز ئاماژەی بۆی کردووە خوای گەورە دەفەرموێت: (وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ إِذَا أَنتُم بَشَرٌ تَنتَشِرُونَ)، واتە: لە نیشانەو بەڵگەکانی خوا ئەوەیە ئێوەی لە خاك دروست کردووە، دوای بڕینی چەند قۆناغێك کوتوپڕ بوونەتە مرۆڤێك و بڵاودەبنەوە بە زەویدا.

**- قۆناغی دووەم ئاوە:**

خوای گەورە هەموو شتێکی زیندووی لە ئاو دروستکردووە، وە زانایان بۆیان دەرکەوتووە کە ڕێژەی ئاو لە دروست بوونی دروستکراوە زیندووەکان دەگاتە زیاتر لە سەدا (٧٠٪)، هەر بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: (وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ)، واتە: لە ئاویش هەموو شتێکی زیندوومان فەراهەم هێناوە (ئاو، زۆربەی پێکهاتەی لەشی ئادەمیزادو زیندەوەران و ڕووەك پێکدەهێنێت).

(وَاللَّهُ خَلَقَ كُلَّ دَابَّةٍ مِنْ مَاءٍ فَمِنْهُمْ مَنْ يَمْشِي عَلَى بَطْنِهِ وَمِنْهُمْ مَنْ يَمْشِي عَلَى رِجْلَيْنِ وَمِنْهُمْ مَنْ يَمْشِي عَلَى أَرْبَعٍ يَخْلُقُ اللَّهُ مَا يَشَاءُ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ)، واتە: هەروەها خوا هەموو زیندەوەرێکی لە ئاوێکی تایبەت دروست کردووە، جا هەیانە لەسەر سکی دەڕوات، هەشە لەسەر دوو قاچ دەڕوات، هەیشە لەسەر چوار پێ دەڕوات، خوا هەر چی بوێت دروستی دەکات، بە ڕاستی خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

**- ئەی مرۆڤ بنچینەی خۆت بزانە:**

کاتێ کە مرۆڤ بۆی دەرکەوت بنچینەی خۆی بریتییە لە قوڕ، پاشان لە تۆوێك کە بە چاو نابینرێت، ئەو کات خۆ بە چووك زانینی زیاتر دەبێت و لە لەخۆیایی بوون و خۆ بە گەورە زانین ڕزگاری دەبێت، خوای گەورە دەفەرموێت: (يَا أَيُّهَا الإِنسَانُ مَا غَرَّكَ بِرَبِّكَ الْكَرِيمِ * الَّذِي خَلَقَكَ فَسَوَّاكَ فَعَدَلَكَ * فِي أَيِّ صُورَةٍ مَّا شَاءَ رَكَّبَكَ)، واتە: ئەی ئینسان!! تۆ چی وای لێکردویت سەر کەش بیت بەرامبەر پەروەردگاری میهرەبان و بەڕێزت؟! چی وای لێکردویت وەکو پێویست قەدری نەزانیت؟ (نافەرمان و یاخی بیت؟)، (بەمەرجێك) ئەو پەروەردگارە تۆی دروست کردووە، بەڕێکو پێکترین شێوە، بەجوانترین شێواز (ئەندامەکانی هەموو لەشوێنی تایبەتی خۆیاندا دانراون کە بتوانن کارو فرمانی خۆیان بەچاکی ئەنجام بدەن و ئەو ئەندامانەش، کە جووتن قەبارەو درێژی و شێوەیان چوونیەکە، جگە لەوەی کە یارمەتیو تەبایەکی تەواو هەیە لەنێوانیانداو هەموان هاوکارن، لەهەر شێوەو شێوازێکدا کە ویستوویەتی تۆی ڕێکخستووەو ئەندامەکانی بە یەکەوە لکاندووە.

لە هەموو دیاردەکانی سروشت سەرسوڕهێنەرتر بریتی یە لە دروست بوونی مرۆڤ، چونکە تەنها یەك خانە گەشە دەکات و دەبێتە (١٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠) سەد تریلیۆن خانە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەم کردارە چۆن ڕوودەدات؟ کێ یە سەرپەرشتیاری ئەم بەرنامە پڕ لە وردەکارییە؟ ئایە سرروشتە؟ یان خوای گەورە بەدیهێنەری سروشتە؟ بەرنامەی ژیان کێ دروستی کردووە؟

سەرسوڕهێنەترین شت لەمەدا ئەوەیە، کە خانە سەرەکیەکە دەست دەکات بە دابەشبوون، بەڵام هەمان خانە بەرهەم ناهێنێتەوە، بەڵکو چەند خانەیەکی جیاوازو هەمەڕەنگ بەرهەم دەهێنێت، کە هەندێکی پێست پێکدێنێت، هەندێکی تریان ئێسك و هەندێکی تر دەماغ، هەندێکی تر دەبێتە خانەکانی چاو وە خانەکانی دڵ، کێیە فەرمانی کردووە بەو خانانە کە هەستێت بە کارو فەرمانی خۆی بەو گۆرانکارییەوە؟ ئایە ئەو خوایە نییە، کە دەفەرموێت: (الَّذِي لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَلَمْ يَتَّخِذْ وَلَدًا وَلَمْ يَكُن لَّهُ شَرِيكٌ فِي الْمُلْكِ وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ فَقَدَّرَهُ تَقْدِيرًا)، واتە: ئەو زاتەی کە هەموو ئاسمانەکان و زەوی موڵکی ئەوەو هەر ئەو خاوەنیانە، کەسیشی نەکردووە بەڕۆڵەی خۆی و کەسی نەکردووە بە شەریك و هاوبەش لە مەودای موڵك و دەسەڵاتیدا، هەموو شتێکی دروستکردووە بە ئەدازەو قەبارەو شێوەو تام و بۆن و ڕنگ و جیاوازی هەمە جۆر... هتد، نەخشەی ڕێك و پێکی بۆ هەموو شتێك داناوە (بە شێوەیەك کە پێویستیەکانی ئادەمیزاد دابین بکەن و لە خزمەتیدا بن).

**- قۆناغەکانی دروست بوونی کۆرپەلە لە قورئانی پیرۆزدا:**

خوای گەورە لە بارەی دروستبوونی کۆرپەلە بە حەوت قۆناغ باسی کردووە، کە دەفەرموێت (وَلَقَدْ خَلَقْنَا الإِنسَانَ مِن سُلالَةٍ مِّن طِينٍ * ثُمَّ جَعَلْنَاهُ نُطْفَةً فِي قَرَارٍ مَّكِينٍ * ثُمَّ خَلَقْنَا النُّطْفَةَ عَلَقَةً فَخَلَقْنَا الْعَلَقَةَ مُضْغَةً فَخَلَقْنَا الْمُضْغَةَ عِظَامًا فَكَسَوْنَا الْعِظَامَ لَحْمًا ثُمَّ أَنشَأْنَاهُ خَلْقًا آخَرَ فَتَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ)، واتە: سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە ئادەمیزادمان لە ئاوێتەیەکی پێکهاتوو لە قوڕ بەدیهێناوە، لە جێگەیەکی پارێزراو و لەباردا (کە منداڵدانی دایکە) لە شێوەی نوتفەیەکی زۆر بچووکدا دامان مەزراندووە.

لەوەودوا نوتفەکەمان کردووە بەخۆ هەڵواسەرێك (سەرە مێکوتەیەك) پاشان خۆهەڵواسەرەکەمان کردووە بە گۆشت پارەیەك، ئینجا (شێوازی) گۆشت پارەکەمان بە پەیکەری ئێسك گۆڕیوەو بە گۆشت پەیکەری ئێسکەکەمان داپۆشیووە، ئەوسا لە شێوەیەکی تردا دەرمان هێناوە (کە شێوەی ئادەمیزادێکی ڕێکوپێکەو ڕۆحی پێ بەخشراوە)، بە ڕاستی خوای مەزن بەرزو پیرۆزو موبارەکەو چاکترین بەدیهێنەرو چاکترین دروستکارە.




**جا ئێستا سەرنج بدەینە ئەو حەوت قۆناغە بە وێنە:**

خوای گەورە مرۆڤی لە ئاوو گڵ دروستی کردووە، دەبینین دوو لەسەر سێی لەشی مرۆڤ پێکدهێنێت، بەم جۆرە کاتێ ئاوو گڵ تێکەڵ دەبن دەبێتە قوڕ، کە ئەویش بەبنچینەی سەرەکی مرۆڤ دادەنرێت هەر وەك خوای گەورە دەفەرموێت: (وَلَقَدْ خَلَقْنَا الإِنسَانَ مِن سُلَالَةٍ مِّن طِينٍ)، واتە: سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە ئادەمیزادمان لە ئاوێتەیەکی پێکهاتوو لە قوڕ بەدیهێناوە.

بۆیە زانایان ئەوەیان ئاشکرا کردووە، کە لاشەی ئادەمیزاد لە هەمان ئەو توخمانە پێك هاتووە کە لە گڵدا هەیە، بگرە هەموو ڕۆژێك زانایان نهێنی زیاتری نوێ ئاشکرا دەکەن دەربارەی گڵی زەوی، دوایی ئەو دۆزینەوانەش ئەوە بوو، کە بۆیان دەرکەوت هەندێك لە جۆرەکانی قوڕ دژە ڤایرۆسی وای تێدایە توانای کوشتنی سەرسەختترین جۆرەکانی میکرۆبی هەیە، هەر لەبەر ئەوە ئەمڕۆ بیریان لەوە کردۆتەوە خۆڵ بەکار بهێنن بۆ پاککردنەوەی نەخۆشەکان.

بۆیە خوای گەورە ڕێزی لێ ناوی کاتێ تۆی لەگڵ دروست کردووە. هەروەك خوای گەورە لەبارەی ڕێز لێنانی مرۆڤ دەفەرموێت (وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ)، واتە: سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە ڕێزمان لە نەوەی ئادەم گرتووە. کۆمەڵێکی زۆر لە تۆوەکان دەوری هێلکۆکەیان داوە، بەڵام تەنها یەك تۆو پەردەی هێلکۆکە دەدڕێتو دەچێتە ناویو تێکەڵ بوونێك دروست دەکات، بە جۆرێ دەبێتە تێکەڵەی تۆو و هێلکۆکە، لە ناویدا دەتوێتەوە، جا ئەگەر سەرنج بدینە پێکهاتەی کیمیاوی تۆو یان هێلکۆکە دەبینین زۆربەی پێکهاتەکەی بریتیە لە ئاو هەر بۆیەش خوای گەورە دەفەرموێت: (فَلْيَنظُرِ الإِنسَانُ مِمَّ خُلِقَ * خُلِقَ مِن مَّاءٍ دَافِقٍ)، واتە: کەواتە با ئادەمیزاد تەماشا بکاتو سەرنج بدات، کە لەچی دروستکراوە؟! دروستکراوە لە ئاوێکی هەڵقوڵاو (کە مەنی پیاوەو هێلکۆکەی ئافرەتە، هەردوو لایان هەڵدەقوڵێن بۆ پێکهاتنی ئادەمیزاد، بە ویستی خوا).

تۆوەکان پێشبرکێ دەکەنو نزیك دەبنەوە بەرەو لای هێلکۆکەو لە هەوڵدان بۆ دڕینو چوونە ناوەوەی، جا پرسیاری گرنگ ئەوەیە کێ ئەو تۆوەی فێر کردووە، کە بەو ڕێگایەدا بڕوات بەناو ئەو تاریکیدا؟

بۆیە خوای گەورە لەم بارەیەوە دەفەرموێت: (أَفَمَن يَخْلُقُ كَمَن لاَّ يَخْلُقُ أَفَلا تَذَكَّرُونَ)، واتە: باشە ئەی هۆشمەندەکان ئایا ئەو زاتەی ئەم هەموو دروستکراوە سەر سوڕهێنەرانەی بەدیهێناوە، وەکو ئەو کەسە وایە کە ناتوانێت هیچ بەدی بهێنێت، ئایا ئەوە بۆ لێکی نادەنەوەو یاداوەری وەرناگرن؟

سەری تۆو هەموو زانیاریو بەرنامەیەکی پێویستی تێدایە دەربارەی بەرهەم هێنانی کۆرپەلە، واتە ئەو بەرپرسیارە دەربارەی دیاریکردنی جۆری منداڵەکە، کە نێر بێت یاخود مێ، قورئانی پیرۆزیش ئاماژەی کردووە بۆ ڕۆڵی تۆو لە دیاریکردنی ڕەگەزی کۆرپەلە، خوای گەورە دەفەرموێت: (وَأَنَّهُ خَلَقَ الزَّوْجَيْنِ الذَّكَرَ وَالأُنثَى * مِن نُّطْفَةٍ إِذَا تُمْنَى)، واتە: هەر ئەو زاتەش دوو جۆری دروست کردووە، کە نێرو مێیە لەنوتفەیەك (لە خاڵێکی زۆر بچووك، ئەویش ئەگەر ویستی خوای لەسەربێت) کاتێك لە جێی خۆیدا دادەنرێت، (أَوَلَمْ يَرَ الإِنسَانُ أَنَّا خَلَقْنَاهُ مِن نُّطْفَةٍ فَإِذَا هُوَ خَصِيمٌ مُّبِينٌ)، واتە: ئایا ئادەمیزاد سەرنجی نەداوە کە ئێمە بێگومان دروستمان کردووە لە نوتفەیەك، کەچی خێرا بووەتە دوژمنێکی ئاشکراو دژایەتیمان دەکات؟!

دوای چوونە ژوورەوەی یەکەم (حیوانی مەنەوی) بۆ ناو هێلکۆکە، خێرا ئەو هێلکۆکەیە ئیفرازاتێك دەردەدات، کە ماددەیەکە دەبێتە هۆی داخستنو داپۆشینەوەی پەردەی دەرەوەی هێلکۆکەکە لەبەردەم تۆوەکانی تردا، وە دوای تێکەڵاوبوونو یەکگرتنی خانە پیتێنراوەکە هۆرمۆنی (hCG) دەردەدات، کە پشکینەری حەمل هەستی پێدەکات ئەم هۆرمۆنە فەرمان دەدات بە لاشە، کە سووڕی مانگانە بوەستێنێت، وە چەند ئاماژەیەك دەدات بە ئافرەتەکە کە لەسەرەتای سکپڕی دایە.

**- تۆوی تێکەڵ بوون (النطفة الامشاج):**

دوای (٣٠) کاتژمێر لە چوونە ژوورەوەی (حیوان المنوی) بۆ ناو هێلکۆکە یەکەم دابەشبوون ڕوودەداتو خانەکە دەست دەکات بە زۆربوون، تا تۆوێکی تێکەڵە دروست دەکات، ئەویش بە نزیکی چوار ڕۆژ، وە قەبارەی ئەم خانەیە زۆر بچووکترە لەسەری دەرزیەك، بە جۆرێ نابینرێتو باس ناکرێت، هەر بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت: (هَلْ أَتَى عَلَى الإِنسَانِ حِينٌ مِّنَ الدَّهْرِ لَمْ يَكُن شَيْئًا مَّذْكُورًا * إِنَّا خَلَقْنَا الإِنسَانَ مِن نُّطْفَةٍ أَمْشَاجٍ نَّبْتَلِيهِ فَجَعَلْنَاهُ سَمِيعًا بَصِيرًا)، واتە: بەڕاستی ماوەیەکی زۆر لە ڕۆژگار بەسەر ئادەمیزادا هات، کە شتێکی وانەبوو ناو ببرێت، بێگومان ئێمە ئینسانمان دروستکرد لە تێکەڵەیەك (لەسەرە مێکوتەیەکی بچووك و هێلکۆکەیەك) لەکاتێکدا دەمانەوێت تاقی بکەینەوە، هەر بۆیە دەزگای بیستنو بینینمان پێبەخشی.

خوای گەورە دەفەرموێت (هُوَ اللَّهُ الْخَالِقُ الْبَارِئُ الْمُصَوِّرُ لَهُ الأَسْمَاء الْحُسْنَى يُسَبِّحُ لَهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ)، واتە: هەر ئەو خوایە بەدیهێنەرو دروستکارە، (لە نەبوون هەر چی بوێ بەدی دەهێنێت)، نەخشەو وێنە کێشەرە، ناوە پیرۆزو جوانەکان، هەمووی شایستەی ئەون، هەر چی لە ئاسمانەکانو زەویدا هەیە ستایشی ئەو دەکەن، بەڕاستی ئەو زاتە خوایەکی باڵادەست و دانایە.

خوای گەورە دەفەرموێت: (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ * خَلَقَ الإِنسَانَ مِنْ عَلَقٍ)، واتە : ئەی محمد(صلى الله عليه وسلم) بخوێنە بەناوی ئەو پەروەردگارەتەوە، کە هەموو شتێکی دروست کردووە ئادەمیزادی لە چەند خانەیەکی هەڵواسراو (لەناو منداڵداندا) دروست کردووە.

**- هەڵواسراو (العلقة):**

دوای یەکگرتنی تۆو لەگەڵ هێلکۆکەی مێینەدا ڕاستەوخۆ دابەشبوون دەست پێدەکات، پاشان هێلکە پیتێنراوەکە دەڕوات تا خۆی بلکێنێتو خۆی هەڵبواسێت بە دیواری ڕحمدا، خوای گەورە لەم باریەوە دەفەرموێت: (هُوَ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ)، واتە: ئەو خوایە لە خاك ئێوەی دروست کردووە، لەوەودوا لە نوتفە (کە بریتی یە لە بەیەکگەیشتنی سەرە مێکوتەیەك کە بەچاو نابینرێت بە هێلکۆکەیەك، کە بەقەدەر خاڵێکی بچووکە).

خانە پیتێنراوەکە دەگۆڕێت بۆ شێوەیەکی تری تەواو جیاواز، کە بریتییە لە (العلقة)، ئەویش بریتیە لەکۆمەڵە خانەیەك هاوڵدەدەن خۆیان هەڵبواسن بەدیواری ناوەوەی ڕەحمدا لەماوەی نزیکەی (٦-١٢) ڕۆژداو باشترین جێگای تێدا هەڵدەبژێرن.

**ـ شێوە گۆشتێکی جویراو (المضغة):**

دوای ئەم قۆناغە کۆرپەلە دەچێتە سەر شێوەی گۆشتێك، کە شوێنەواری جوینی پێوە دیاربێت هەر بۆیە قورئانی پیرۆز باسی لەم قۆناغە دەکاتو دەفەرموێت: (ثُمَّ من مُّضْغَةٍ مُّخَلَّقَةٍ وَغَيْرِ مُخَلَّقَةٍ لِّنُبَيِّنَ لَكُمْ وَنُقِرُّ فِي الأَرْحَامِ مَا نَشَاءُ إِلَى أَجَلٍ مُّسَمًّى)، واتە: لەوەودوا (نەوەکان) لە نوتفەیەك (پەیدا بوون)، پاشان نوتفەش دەبێتە خۆهەڵواسەرێك لەناو منداڵداندا، لەوەودوا دەبێتە گۆشت پارەیەکی تەواوو سەرو سیمادار، یان ناتەواو، (هەموو ئەم شتانە دەهێنینەوە یادتان) تا بۆتان روون بکەینەوە ئێمە ئاوا ئێوەمان دروستکردووەو دووبارە دروستکردنەوەشتان لامان ئاسانە، ئەوەش بمانەوێت لە منداڵدانەکاندا جێگیری دەکەین.

وە لەم قۆناغەدا ئامێرە گرنگەکان دەست دەکەن بە دروست بوون، وەك کۆئەندامی دەمارو دڵو دەماغ، دەماغیش دەست دەکات بە ناردنی شەپۆلە کارۆکیسییەکان، وە ئیتر کاریگەری دروست دەبێت لە کاتی بیستنی دەنگی دایکی داو تەفاعول لەگەڵ هەر شتێکدا، کە دایکی دەیڵێ یان هەستی پێدەکات، لەبەر ئەوە پێویستە دایك زۆر قورئان بخوێنێت چونکە دڵو دەماغی کۆرپەلە کاریگەری دەنگی قورئانەکەی لەسەر دروست دەبێت، وە هەندێك شێوەی دەرەوەش دەست دەکەن بە دەرکەوتن، دڵ دەست دەکات بە دلێدان، زۆرێك لە کۆئەندامەکان دەست پێدەکەن وەك کۆئەندامی هەناسەو هەردوو گورچیلەو جگەریش گەشە دەکەن بەخێرایی، لەم قۆناغەدا درێژی کۆرپەلە کەمتر لە (٤ ملم)ە.

کۆرپەلەیەك کە تەمەنی (٧) هەفتەیە، ئایا دەزانن درێژی ئەم کۆرپەلەیە چەندە؟ دەگاتە کەمتر لە (٢)سم، لەم قۆناغەدا دروست بوونی ئێسقانەکان دەست پێدەکاتو گەشە دەکەن تا دوای لە دایك بوونیش، خوای گەورە دەفەرموێت (فَخَلَقْنَا الْمُضْغَةَ عِظَامًا)، واتە: پارچە گۆشتێکی جوواویشمان کرد بە ئێسقان.

**ـ قۆناغی گۆشت:**

لەم قۆناغەدا درێژی کۆرپەلە کەمتر لە (٣سم)ە ، لەم قۆناغەدا ماسولکە دەست بە دروست بوونی دەکەن، وە ئەم ماسولکانە دەست دەکەن بە داپۆشینی ئێسقانەکانو ئەم قۆناغەش زۆر بەردەوام دەبێتو درێژ دەبێتەوەو تێکەڵ دەبێت بە قۆناغی دوای ئەم، کە قۆناغی ئێسقانە خوای گەورە دەفەرموێت: (فَكَسَوْنَا الْعِظَامَ لَحْمًا)، واتە: ئینجا بە گۆشت پەیکەرە ئێسکەکەمان داپۆشی.

کۆرپەلەیەك تەمەنی (٧-٨) هەفتەیەو شوێنەواری سەرەتاکانی قۆناغی گۆشتی پێوە دیارە، کە ئێسقانەکان بە ماسولکە دادەپۆشرێت، لە سەرەتا هەفتەی هەشتەمدا ماسولکەکان دەست دەکەن بە جولە، هەروەك چینەکانی پێست، کە لاشەی دادەپۆشن دەست دەکەن بە دروست بوون، جا وەرنو لەگەڵ من سەرنج بدەنە فەرموودەی خوای گەورە کە دەفەرموێ: (وَانظُرْ إِلَى العِظَامِ كَيْفَ نُنشِزُهَا ثُمَّ نَكْسُوهَا لَحْمًا)، واتە: جا تەماشای خواردنو خواردنەوەکەت بکە (لەو ماوە درێژەدا) نەگۆڕاوەو تێك نەچووە، تەماشای گوێدرێژەکەشت بکە (بۆیە ئەمەمانکرد) تا بەم بەسەرهاتە بتکەینە موعجیزە بۆ خەڵکی جا سەیری ئێسکەکانی (گوێدرێژەکەت بکە) چۆن بەرزیان دەکەینەوەو بەیەکەوەیان دەبەستینو پاشان بەگۆشت دایاندەپۆشین، کاتێك بینیو بۆی دەرکەوت وتی: چاك دەزانمو دڵنیام بە ڕاستی خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

**ـ الخلق الآخر:**

لە قۆناغی کۆتایدا بە (الخلق الاخر) ناسراوە درێژی کۆرپەلە کەمتر (٤سم)ە، لەم قۆناغەدا کۆرپەلە شێوەو سیمای کۆتایی خۆی وەردەگرێت، کە تێیدا چوار پەلو چاوەکانو هەردوو گوێچکەو ئەندامەکانی تری لاشە دەردەکەوێت، جولەی دەست دەست پێدەکاتو چالاکی دڵ دەست پێدەکات، دەماغیش زۆر ئاڵۆزو نیوەی کێشی لاشەکە کارپێ دەکات، گۆڕانکاری دوای ئەمە بریتییە لە گەشەکردنی ئەم بەشانەو تەواو بوونی دروست بوونیان، ئەم قۆناغە بەردەوام دەبێت تا کۆتایی حەمل، دڵی کۆرپەلە لە ماوەی حەملدا (٥٤) ملیۆن جار لێدەدات، ژمارەی خانەکانی ئەم کۆرپەلەیە زیاترە لە هەزار ملیۆن خانە، هەر بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت (ثُمَّ أَنشَأْنَاهُ خَلْقًا آخَرَ)، واتە: پاشان ئەومان کرد بە دروستکراوێکی تر.

هەفتەی نۆیەم: کۆرپەلە بەمژینی پەنجەکانیو جولاندنی زمانیو هەست دەکات بە بەرکەوتنی بە لاشەی دایکی، کۆئەندامی نێرەو مێیەی تێدا جیا دەکرێتەوە، هەفتەی دەیەم: ڕواڵەتی پلەی پەنجەکانو نینۆکەکان دروست دەبن، کۆرپەلە دەست دەکات بە باوێشکدان.

هەفتەی یانزەم: کۆئەندامی زاوزێی دەست دەکات بە دەرکەوتن، ڕیخۆڵەکانیش دەست بە جوڵە دەکەن

هەفتەکانی دواتر تا کاتی لە دایك بوون کۆرپەلە دەست بە گۆرانکاری دەکاتو ئەندامەکانی بە خێرایی گەشە دەکەن، دەست دەکات بە هەست کردنو پێکەنینو گریانو هەست بە دایکیش دەکات، دەست دەکات بە خۆڕاهێنان لەسەر شیرخواردن، ئەویش بەوەی بەبەردەوامی پەنجەکانی خۆی دەمژێتو دەمی دەکاتەوەو دایدەخاتەوە ئەمەش وەك خۆ ئامادەسازیەك بۆ هاتنە دەرەوەو دۆزینەوەی شیری دایکی، گەورەیی بۆ خوای گەورەیە (ثُمَّ أَنشَأْنَاهُ خَلْقًا آخَرَ فَتَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ).

کۆرپەلە کە تەمەنی چوار مانگە، ئێستا کۆرپەلە دەست دەکات بە بیستنی ئەوەی لە چوار دەورەی ڕوودەدات، درێژی کۆرپەلە(١٢سم)، وە کێشیشی نزیکەی (١٤٠)غرام دەبێت.

لە کۆتایی مانگی شەشەمدا بینای کۆرپەلە کۆتایی دێت، کە ئەمەش کەمترین ماوەی حەملە، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت (وَحَمْلُهُ وَفِصَالُهُ ثَلَاثُونَ شَهْرًا)، واتە: سك پڕبوونو لە شیر بڕینەوەی سی دانە مانگی خایاندووە.

جا بەو پێیەی کاتی شیرخواردنی بریتییە لە ٢٤ مانگ، ئەوا کەمترین ماوەی سکپڕیش بریتییە لە: (٣٠-٢٤=٦ مانگ) ئەمەش موعجیزەیەکی قورئانیە لە دیاریکردنی ماوەی سکپڕیە.

دوای نۆ مانگ کۆرپەلە دێتە دونیاوە تا ببێتە منداڵێکی بێسەرو بینەر کە تەنها دەماغی زیاد لە (١٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠) خانەیە، ئەم منداڵە چۆن زانی دەبێت لەم ساتو کاتەدا بە تایبەتی بێتە دونیاوە؟؟

بێگومان ئەوە کاری ئەو خوایەیە کە دەفەرموێت (...ثُمَّ يُخْرِجُكُمْ طِفْلًا...) سورە غافر:٦٧

شاعیر دەڵێت:

ولدتك أمك يا ابن ادم باكيـــا والناس حولك يضحكون سرورا

فاعمد الى عمل تكون اذا بكوا في يوم موتك ضاحكا مسرورا

واتە: ئەی مرۆڤ کاتێ لە دایك بوویت بە گریانەوە هاتیت، خەڵك بە دڵخۆشی یەوە لە دەورت پێدەکەنین، ئەوسا هەست بە ئەنجامدانی کارێك وات لێ بکات لەو ڕۆژەدا کە دەمریتو ئەوان دەگرین تۆ بە دڵخۆشیەوە پێ بکەنیت.

یەکێك لە موعجیزەکانی پەروەردیگار ئەوەیە کە کۆرپەلە هەر لە ناو سکی دایکی دەست دەکات بە پێکەنین، پاشان لەگەڵ یەکەم ساتی هاتنە دونیاوە دەست دەکات بە گریان، لەبەر ئەوە خوای گەورە باسی لە ڕێزبەندی ئەم دوو کردارە بۆ کردووین، بەوەی کە تەنها خوای گەورەیە کە مرۆڤ دەخاتە پێکەنینو هەر ئەویشە دەیگریەنێت، پەروەردیگاری مەزن دەفەرموێت (وَأَنَّهُ هُوَ أَضْحَكَ وَأَبْكَى)سورە النجم:٤٣ واتە: بێگومان هەر ئەو زاتەش دیارەدەی پێکەنین و گریانی لە ئادەمیزادا بەدیهێناوە.



# هۆکارەکانی وێڵبوونی منداڵو چارەسەرییەکان



مەلا تەحسین خۆشناو

دیارە منداڵ بونەوەرێکی پاكو بێگەردە لە کاتی چاو هەڵێنانی بە دونیای ڕۆشەن، پیاوی دوارۆژە بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارەتی دینو ژین شایەنی هەمو ڕێزو تەقدیرێکە لەبەر چاوەڕوانی داهاتویەکی ڕۆنو بە نرخ لێی، دەبی هەموومان کاربکەینو خەمخۆر بین بۆ تێگەیاندنو پێگەیاندنی منداڵو بەرەو لوتکەی سەرکەوتنو پێشکەوتنیان بەرێ بکەین بەڵام ئایا ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەستەوسان بووە لە دانانی بەرنامەیەکی پتەوو کاریگەر بۆ منداڵان، یان ئاینێکە تێپەڕ بووەو کۆن بوەو کورت بوە لە بیابانی حجاز وەکو ڕۆژهەڵات ناسەکانودڵ ڕەق و بێ دینەکان وێنەیان کردوە، بە داخەوە هەندێکیش لە بەناو موسڵمانان دوای گومرایی ئەوان کەوتونە، لەبەر نەفامیو بێئاگایی خۆیان لە ڕاستی و روناکی ئاینی پیرۆزی ئیسلام.

لە ڕاستیدا پێغەمبەری پێشەوامان (د.خ) بە ئاگادار کردنەوە لە لایەن پەروەردگارو بایەخ دان بە منداڵ، ڕووی خەمخۆری کردۆتە منداڵ پێش بوونو دیار کەوتنی بەوەی کە پێویستە لەسەر ئەو کەسەی، کە دەیەوێ هاوسەرگیری بکات بگەرێو بسورێ بۆ دەست نیشان کردنو هەڵبژاردنی ئافرەتێکی خاوەن حوسنو جەمال لە روخسارداو، عەقلو کەمال لە ناوەرۆك دا، تا لە داهاتودا ببێتە مایەی فەرامۆشیو حەسانەوەی هاوسەرەکەییو دایك و بە خێوکەرو پەروەردەکەری منداڵەکانی زۆر بە جوانی، هەروەها لە پاش چاو هەڵێنانی بە دونیا لەسەرەتای ژیانی پێغەمبەر (د.خ) فەرمان دەکا کە بانگی بچرپێندرێ بە گوێچکەی ڕاستی داو قامەتیش بە گوێچکەی چەپی بۆ ئەوەی یەکەم شت کە دەیبیسێ یەکتاپەرستی خوداو ناسینی پێغەمبەر بێ، بە ئومێدی بەردەوام بوونی تا دواهەناسەی ژیانی پاشان ناوێکی جوانو پڕ مانای لێبنرێ کە بە ڕاستی ناو زۆر کاریگەرە لەسەر ناوەرۆك و خورەوشت وە هەروەها پێشەوامان ئامۆژگاری باوکانو سەرپەرشتکارانی کردوە کە هەمیشە بەبەزەیی بن لەگەڵ منداڵەکانیان یاریدەدەر بن لەسەر ئەنجامدانی کاری چاكو گێرانەوەیان لە کاری خراپ وەك فەرمویەتی (رحم الله والدا اعان ولدة علی برة).

گەر بێینە سەر باسی هۆیەکانی لادانو وێڵ بوونی منداڵ لەو فیترەتە پاکەی کەلەسەری دروست بوە هۆیەکان زۆرنو جیاوازن وەلێ ئێمە کورتیان دەکەینەوە لە چەند خاڵێکدا:..

١- بۆشایی پەروەردە: کە زۆر کاریگەرە لەسەر منداڵ چونکە گەر لە دایك وباوك و خانەوادەی پەروەردەو ڕەوشت بەرزی وەرنەگرێ، بەفەرمان بە چاکەو دورخستنەوە لە خراپە وە نەیبینێ بە کردار لێیان، ئەو کات بە ناچاری و بە ئاسانی لە دەرەوەی خانەوادەی خۆی وەری دەگرێو پەیدای دەکا کە بەزۆری خراپە یان کەم و کوری هەیە لەو پەروەردەی کە پێشکەشی دەکرێ لەلایەن خانەوادەی وەك پێویست نیە لەوەیەوە بۆشایی پەروەردە پەیدا دەبێ.

٢- بەتاڵیو بێکاری: کە دەردێکی کوشندەیەو منداڵ توشی کاری نابەجێ دەکات، چونکە بەڕاستی کات جێگای بایەخ پێدانە لە زێر و زیو بەسودترە بۆ مرۆڤ دەتواندرێ زەرەری زێرو زیو پڕ بکرێتەوە وەلێ کات گەر ڕۆیی ناگەرێتەوە جاری واش هەیە کاتی بەسەرچو فێری خراپەی کردوەو ناتوانێ خۆی لێ دورخاتەوە.

٣- هەژاریو نەداری: بەڕاستی شوێنەواری زۆر خراپ لەسەر منداڵ بە جێ دەهێڵێو سەرەنجامەکەشی خراپتر، زۆر جار کوڕەکان لەبەر نەداری توشی دزیو مامەڵە بە ماددە هۆشبەرەکان دەبن بە ناچاریو لە بێکاری دەبن بە خزمەتکاری مرۆڤی نەفس نزمو... هتد. کچەکانیش توشی داوێن پیسیو لەشفرۆشی کارەکەری ماڵانو... هتد. دەبن، لایەنی دەرونیان دەروخێو کاری خراپیان لەلا زۆر سوكو ئاسان دەبێ.

٤- یەتیمی: دیارە گەر منداڵ یەك لە دوانی دایك و باوکی لەدەستدا لایەنێکی گرنگی پەروەردە لە دەست دەدا ئەدی ئەگەر هاتو هەردوکی نەبو ئەو کات نەك هەر پەروەردەی لە مەترسی دایە، بەڵکو ژیانو گوزەرانیشی دەکەوێتە مەترسی هەر لەبەر ئەوەیە کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام زۆر هاتی خەڵکی داوە بۆ چاو دێری کردنی منداڵی بێ دایكو باوكو سەرپەرشتیار ئەجرو پاداشتی بێ وێنەی بۆ دیاری کردون.

٥- برادەری بەد: زۆر لەو منداڵانەی کە وێڵو سەرگەردان دەبن هۆیەکەی دەگەرێتەوە بۆ هاوەڵی نەگریسو بەد جێگای سەرسورمانە جۆرێك لە دایكو باوکانو مشور خۆرانی منداڵ لە نێو ماڵدا زۆر بایەخ بە پەروەردەی منداڵ دەدەن وەلێ کە لەماڵ دەرکەوت پشتی تێدەکەنو بە فریشتەی دەزانن، نازانن بۆ کوێ دەچێو چ دەکاتو هاورێو دۆستی کێیە؟ پرسیاریش نە لە خۆییو نە لەخەڵکی ناکەن لە هەڵسوکەوتی منداڵەکەی، سەرەنجام ڕەوشتی دۆستانی خراپی وەردەگرێو دەبێتە کەسێکی بەدو نەگریس و فاشل بۆ خۆشی توشی زەرەر دەبێو خانەوادەکەشی.

٦- بەدرەفتاری دایك وباوك لە گەل جگەر گۆشەکەیان: وا دەکات کە منداڵ ئامۆژگاریەکانیان وەرنەگرنو لامل بن هەر ئەوەندەیان لێ وەرگرن وەکو وان توندو تیژی بە کار بێنن لەگەڵ خانەوادەکەی بەڕاستی پێویستە بۆ دایكو باوکان و مشور خۆران بە وردی سەرنج بدەنە ئەو بابەتەو بزانن چۆن منداڵەکانیان پەروەردە دەکەن لەسەر بنچینەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامو ڕیگا سەرکەوتوەکانی پەروەردەی ڕەوشت بەرزی بە لێزانی و زیرەکی بەردەوامی چاودێری کردن.

بۆ وێنە جاری واهەیە تەماشاکردنێکی بە تورەیی بۆ کەسێکی هەستیارو وشیار چاکترە لە هەزار مەترەق، یان وشەیەکی پر لە ئامۆژگاری کاریگەرتر دەبێ لە جنێوو قسەی سوك، هەروەها ئاماژە بۆ کردن جاری واهەیە دەبێتە هۆی گەرانەوەی منداڵ لە ڕەفتاری نا بەجێ بەڵام جاری واش هەیە هیچ لە مانەی پێشەوە داد نادات تەنیا لێدان نەبێ ئەویش بەمەرجەکانی خۆی کە شەریعەتی بێ خەوشی ئاینی ئیسلام دایناوە هەندێك لە مەرجەکانی کاتی لێدانی منداڵ ئەوانەن:

أ- لێدانەکە لەدەستو قاچی بێ، نابێ لە دەم و چاو و جێگا هەستیارەکان بدرێ.

ب- نابێ بە هێز بێو شوێنەواری بەسەر لاشەیەوە دیار بێ.

ج - دەبێ لێدانەکە بە ئەندازەی تاوانەکە بێت، نابێ لەسەر تاوانێکی بچوك لێدانێکی زۆر.

د- دەبێ پێش لێدان بە چەند جارێك بەلانی کەم سێ جار ئاگادار کردنەوەو ئامۆژگاری تاقی کرابێتەوە.

هـ- دایكو باوك یان سەرپەرشتی كار بۆ خۆیان ئەركی لێدانەكە جێ بەجێ بكەن بە هیچ شێبۆەیەك نابێ بیدەنە دەستی براو خوشكو مامو خاڵو خزمانی تر.

و- جێ بەجێ لێدانەكە رادەگیرێ گەر بەڵێنی واز هێنانو دوبارە نەبونەوەی تاوانەكەیان دا.



ز- وە ئەگەر پۆزشیان هێناوە داوای لێبوردنیان كرد لەسەر ئەو تاوانەو جاری دووەم و سێیەمیش نەبو نابێ لێیان بدرێ.

ح - نابێ لێدانەكە لەسەر شتی دروست بێ وەك نوێژ چون، خەو گرانی هتد.

ت- گەر لێدان كاریگەر نەبو ئەتوانی بازدا بۆ رێگای تر وەك خۆ لێگرتنو بێبەش كردن لە خەرجیو دیاری بەڵام قەدەغەیەو دەبێ خۆ بپارێزی لە ئەزیەتی بچوكو گەورە لە وەسائلی بریندار كەرو بكوژ، وەك دارو قامچی گەورەو ئەستور ئاسنو فەلاقەو بەستنەوەوزیندانی كردن و لە كارەبا دانو داغ كردنو سوتاندنو مارو دوپشك پێوەنانو سە تێبەردانو ئەزیەت گەیاندن بە چاو و گوێ و كەپو دەمو زمانو ناو كۆ ئەندامی شەرمی مرۆڤ و هتد.

٧- مشتومرو كێشە كێشی نێوان دایكو باوك: هۆیەكی زۆر زۆر كاریگەرە بۆ وێڵیو لادانی منال چونكە گەر ژیانی دایك و باوك لە ماڵدا جێگیر نەبو ژیانی هەموو خانەوادە تێ دەچێو دەشلەژێ پاشان بە زۆری گەر دایكو باوك كێشەیان هەبێو یەكتر قبوڵ نەكەن هەریەكەیان هەوڵ دەدات منالەكە بكاتە دۆستی خۆی بە هەموو كەمو كوریەكەوە و دوژمنی بەرامبەرەكەییو ئەزیەت دانی سەرەنجام بەدەستی خۆییو بەقسەی خۆی منداڵەكە وێڵو سەرگەردان دەكاتو لەدەستی دەدا پێشی ناگەرێتەوە سەر خەت.

٨- هۆكارە سەركێشەكانی بەدرەوشتیو خراپە: ئەو وشەیە گشتی یە بەكاردێت بۆ هۆكاری بەد رەوشتی بینراو وەك وێنەی روتو قوتی رۆژنامەو گۆڤارەكانی فیلمی جنسیو نوسینی سەرنج راكێشی بەد رەوشتی بەهۆی تەلەفزیۆن و ئامێری سەتەلایتو ڤیدیۆ و كۆمپیوتەرو ئینتەر نێتو سینەماو هتد.. وە هەروەها بەكاریش دێ بۆ هۆكارە بیستراوەكان وەك گۆرانیو مۆسیقاو هۆنراوەی خراپو سەرنج راكیشو هتد.

## رێگاكانی چارەسەری هەڵەو تاوان:

دیارە رێگای چارە سەر بۆ هە ڵەو تاوان زۆر زۆرو شێوەی هەیە ناتوانێت هەمویان باس بكەین وەڵێ هەندێكیان لێ باس دەكەین زۆر بە كورتی:

١- یەكەم رێگا بۆ چارەسەری هەڵەو كەموكورتی ئامۆژگاری بەوشە، كە بەراستی وشەی جوانو پڕ مانا بێتە دەر لە زاری كە سێكی كەمو كوری زۆر كاریگەر دەبێ بە سەر تاوانبار جارێكیان پێشەوا حەسەنی كوری عەلی دەستی دا دنكە قەسپێكی زەكاتو هەریدا ناو زاری خۆی بە مەبەستی خواردن پێغەمبەر پێی فەرموو: ( كخ كخ ارم بیها اما علمت انا لا ناكل الصدقة).

٢- زەجركردنو خۆ لێ زویر كردن: جارێكیان ئە بو زەری غیفاری بە پیاوێكی وت ابن السوداو پێغەمبەر خۆی لێ زویر كرد فەرمووی (انك امروء فیك جاهیلة ).

٣- ئاماژە بە دەست: ابن عباس دەفەرموێ: فەزڵ ناوێك لەدوای پێغەمبەر (د.خ) سواری ولاغ ببوم ژنێكی خەسعەمی هات ویستی پرسیار لە پێغەمبەر بكا فەزل سەرنجی دا ئەو ژنەو لێی ورد بووە ژنەكەش تەماشای فەزڵی كرد پاشان پێغەمبەر بە دەستی موبارەكی روی فەزڵی وەرگێرا بۆ لایەكی تر.

٤- جاری واش هەیە چارەسەر بە لێدان بەو مەرجانەی باسمان كرد-دەكرێ وەك پێغەمبەر فەرمویەتی: فەرمان بە منداڵەكتان بكەن بە نوێژ كردن لە تەمەنی حەوت ساڵی دا لێیان دەن گەر نەیان كرد لەتەمەنی دە ساڵی دا .. دیارە لێدان بۆ هەندێك كەسو كات دەبێتە فەرمان وە لە بەرژەوەندی لێدراویشە.

٥- خۆ لێ گرتنو دواندن وەك لە گێرانەوەی كەعبی كوری مالك هاتوەو دەڵێ لەو كاتەی منو هیلالی كوری ئومەیەو مرارەی كوری رەبیع دواكەوتین لە جونمان لە پاش هاتنەوەی لە غەزا خۆی لێ گرتینو قەدەغەی كرد نابێ هیچ كەس لە یاران بمانەوێت كە لە نێو مزگەوت و بازارو كوچەو كۆلانەكان هیچ كەس نایان دەدواندین خەریك بوو دڵمان بتەقێ تا پەنجا رۆژ شەرێكی دەرونی كە بەشدار نەبوین لە جەنگ بە بێ پاساوی دروست.



# لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەڵوەستەیەك..!!



سید کاکە زراری

هەر لەگەل هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، کۆت و زنجیرو تاریکی لە سەر کۆمەلگای مرۆڤایەتی هەلگیرا، هەموو مرۆڤێك خوشكو بران لەم ئاینەدا،ئاینی پیرۆزی ئیسلام هەمیشە داوای بەهێز کردنی ئەم پەیوەندیە دەکات، بۆ ئەوەی گیانی هاوکاری و هەرەوەزی لەنێوانیان بەهێز بێت و گیانی خۆشەویستی و تەبای لەنێوان موسلمانان بەردوامبێت.

هەرکاتێك ئەم پەیوەندیە لە هەر کۆمەلگایەك پچڕا، ئەوە خۆشەویستی و هاوکاری و سۆزو بەزەیی‌و برایەتی نامێنێت‌و هەرکەسە بۆ گیرفانی خۆی هەوڵ دەداتو کەس خەم لە کەس ناخوات، ئەو کاتەش شیرازەی پەیوەندیەکان تێك دەچێت و کۆمەڵگا بەرەو رووخان دەچێت، ئێمە ئەمڕۆ بەچاوی خۆمان ئەم هۆکارە دەبینین.

پێغەمبەرمان(درودی خوای لە سەربێت) دەفەرموێ: (اِن بین يدي الساعة... قطح الارحام) واتە (لەنزیکی قیامەت و یەکێ لە نیشانەکانی ڕۆژی دوای ئەوەیە کە سیلەی رحم نامێنێتو دەپچڕێت). بەڕاستی چۆن پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) هەوالی داوە ئاوا هاتۆتەجێ و خراپەکاری لەنێو خەڵکدا بلاوی کردوەو خەلك گوێ بەوە نادەن کە چۆن کەوتۆنەتە نێو هەلەو سەرپێچی(خودای)گەورە.

دەبینین زۆر لە خزم و دۆستو برادر لەسەر شتێکی کەم یاخود هەر بەبێ هۆ ئەم پەیوەندیە دەپچڕن،چەند مانگ و سال دەڕواو دێ و لە یەك شار و گوندو گەڕەکن کەچی سەردانی یەکتر ناکەن،ئەمەش گومانی تێدا نیە لەسەرەنجامی بێهێزی ئیماندایە.

پێغەمبەر(درودی خوای لەسەربێت) دەفەرمێ: (ما من ذنب أحرى أن يعجل بصاحبه العقوبه مع ما يوْخر له في الآخره من بغي أو قطيعه رحم) واتە (هیچ تاوانێك شایستەی ئەونیە کە خودا لە دونیادا تۆڵە لە خاوەنەکی بکاتەوە لەگەل ئەوەش کە لە دواڕۆژیشدا سزای دەدات، وەك تاوانی ستەم و زۆرداری یان پچڕاندنی پەیوەندی خزمایەتی)،خودای گەورە دەفەرموێ {فَهَلْ عَسَيْتُمْ ان تَوَلَّيتُمْ أن تُفْسدُوا في الأرض وَتُقَطَعوا أرحَامَكُمْ أُوْلَئكَ الذنَ لَعَنَهُمْ اللهُ فَأصَمَهُمْ وَأعْمَى أبْصارَهُمْ أفَلاَ يَتَدَبَرونَ القُرأَنَ أمْ عَلَى قُلُبٍ أقْفَالُها} محمد/٢٤/٢٢ جا ئایا لە ئێوە چاوەڕوان دەکرێ ئەگەر بوونە فەرمان رەوای کاری خەڵك و لە زەویدا ئیفسادو خراپەکاری بکەن‌و پەیوەندی خزمایەتیان ببڕن، ئەمە کەسانێکن خودای گەورە لەعنەتی لێکردون و لە رەحمی خۆی بەری کردوون جا کەڕوو کوێری کردوون،جا ئایا بیر لە قورئان ناکەنەوە، یان دل و دەرونیان بەسراوە).

پێغەمبەرمان(درودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێ: (لايَدْخُل جَنْةَ قاطحُ رحم) صحيح مسلم ١١٢/١٦(واتە ناچێتە بە هەشت ئەو کەسەی سیلە رحم بەجێناگەینێ بەیەك جاری ئاوا ناچێتە بەهەشت).پێغەمبەری ئیسلام لە فەرموودەیەکی تر دەفەرموێ: یەکێك لەنیشانە بچوکەکانی ڕۆژی دوای ، ئەوەیە کەسۆزو بەزەی نامێنێ، خەڵك بەردەبنە گیانی یەکتر و خوێنی یەك بەناهەق دەڕێژن، تا ئەندازەیەکی زۆر ترسناك و بێ بەزەی ، دەفەرموێ: (حتى يقتل الرجل جاره وابن عمه وذا قرابته). واتە (لە بێ بەزەییدا وای لێدێ مرۆڤ دراوسێی خۆی دەکوژێ، باوکی خۆی دەکوژێ ، کوڕی مامی خۆی دەکوژی، برای خۆی خۆی دەکوژێ، مامی خوی دەکوژێ، خزمە نزیکەکانی خۆی دەکوژێ، جا هاوەلەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێت) گوتیان: پاکو بێگەردی بۆ خودا ئایە ئێمە ئەو کاتی هۆش و عەقلمان هەیە؟ فەرمووی: نەخێر،زۆربەی خەڵکی ئەو کاتەی عەقلیان لە دەست داوە، ئەگینا چۆن ئەم تاوەنە گەورەیە ئەنجام دەدەن.

ئینجا هەندێ جار سەردانی کردنیشیان بۆ خوا نیە و بۆ بەرژەوەندی دونیایە، ئەو خزمەی کە دەولەمەند بێت بەس سەیرکە لەبەر خزمان نازانی کو هەستی کو دانیشی دەی کەنە ریش سپی خۆیان بێ ئەوەی هیچ لە دین و دونیا بگات، ماڵەکەشی نازانی حەرامە یان حەلاڵە، بەلاّم ئەو خزمەی کە هەژار بێت رەنگ زۆر خوا پەرست و ئیماندارو ئاقل بێت بەلاّم خوای گەورە وای کردوە کە هەژار بێت، ئەوە لای خزمەکانی سەردانی ناکرێت، رەنگە بەچاوێکی سوك سەیری دەکرێت، دەڵێن کەم عاقلەو نەزانە بەڵکو هەر لەبیرخۆیان دەبەنەوە، لە رۆژی کۆتایی دەردەکەوێ کێ زانایەو کێ نەزان.





## لە کوردستان کار بەئایەتی میرات ناکرێت..!

# زۆربەی ئافرەتان گلەیی پێنەدانی میرات لەخزمانیان دەکەن

**ئا: مەلا تەیب زیارەتی**

میرات بریتیە لەو ماڵو مووڵكو کەلو پەلانەی لە دوای مردوو جێدەمینێ، ئەمەش بەپێی شەرعو یاسا کەسە نزیکەکانی وەكودایكو کوڕو کچو خوشكو برای هتد... میرات لە ماڵی مردووەکە وەردەگرن، بەڵام ئەوەی جێگەی نیگەرانیە لە ناو کۆمەڵگەی ئێمەدا ئافرەت بەش خوراو کراوەو وەك شەرع دای ناوە میراتی پێ نادرێت، ئەمەش بە کۆمەڵێك بیانووی جیا جیا، یاخود ناچاری دەکەن هەر باسی وەرگرتنی میرات نەکات، یانیش بەچ ڕێگاییێك ئافرەت کەمتر وەربگرێت ئەو ڕێگایە دەگرنە بەر، ئەمە بووەتە دیاردەیەك زۆربەی خێزانەکان پەیڕەوی دەکەنو زەرەر مەندی یەکەم لەم نێوەندەشدا چینی ئافرەتانن.

قسەکردنی ئێمە، لەو راپۆرتەدا لەسەر ئەم تەوەرەیە، بۆ ئەوەی بزانین کێن ئەوانەی ئەم مافانە زەوت دەکەن؟ بۆچی تەنها ئافرەتان زەرەر مەند دەبن؟ ئەی هۆکار چی یە؟ چی بکرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە؟ بەشدار بوانی ئەم راپۆرتە باسی لێوە دەکەن.

**خوشکێك:**

### براکەم ستەمی لێکردمو میراتی پێنەدام تا مردن گەردەنی ئازاد ناکەم

سەبارەت بەو کەسانەی میرات بەئافرەتان نادەن (ڕەیحان مەولود) ناوی خوازراوی ئافرەتێك بوو گلەیی زۆری لە براکەی هەبوو، کاتێك باوکی مردووە، براکەیان دەستی بەسەر ماڵو موڵکەکەیان داگرتووەو خۆییو دووخوشکی تری بێبەش کردوونە، لە میراتەکە، ئەو دەیگووت: لە دوای وەفاتی باوکمان هەر کە پرسە تەواو بوو، براکەم ئێمەی ڕەوانەی ماڵ کردەوەو، لە دوای ماوەیەکی کەم ئەم زەویانەی باوکم لەدوای خۆی جێ هێشتبوو هەموویانی فرۆشتو هەر ڕۆژەو سەیارەكو شتی گران بەهای پێ دەکڕی، خزمەکانی ئێمەش داوایان لێکردبوو کە بەشی ئێمەشی لێبدات، ئەویش پێیانی گوتبو: تازە ئەوان لەو ماڵە ڕۆیشتوون، مافیان بەسەر ماڵی من نیە، پێیان گووتبو: ئەمە شەرعی خودایەو مافی خۆیانە داوا بکەن، براکەم گوتی: شەرعیش بیدات، من نایدەم پێیان، بۆیە ئێمە هەرسێ خوشك بەڵێنمان داوە، تاقیامەت گەردەنی ئازاد نەکەین، چونکە ئێمە هەر سێ خوشك کرێ چینەو وەزعیشمان لەو پەڕی نالەباریو هەژاری دایە، بۆیە دەپرسین؟ ئایا ئێمەش لەم دایكو باوکە نینەو لەو ماڵە گەورە نەبووینەو مافی خۆمان نیە ئەم داوایە بکەین؟ بەڵام پشتمان بەخودای گەورە ئەستورە، خودای گەورە کەسی لە برسان نەکوشتووەو لە دوارۆژیش لەسەر پردی سیرات ڕێی لێدەگرین پشتیوان بەخودا.

**پیاوێك**

### وەكو شەرع میراتم بەسەر خوشکانم دابەش کردووە زۆر ئاسودەم

کاتێك باوکم وەفاتی کرد، یەکەم کار کە پێی هەڵسام، بەپێی شەرع ماڵەکەم بەسەر خوشکەکانم دابەش کرد، ئەمە قسەی(حاجی زیاد) بوو، لەو کاتەی باوکی وەفاتی کردبوو، ماڵو سامانێکی زۆری لە دوای خۆی جێ هێشتبوو، لە درێژەی قسەکانی حاجی زیاد ئەوەشی گوت: لەو کاتەی دەمویست ماڵەکە دابەش بکەم، خەڵکانێك هەبوون، بەداخەوە لە جیاتی هانم بدەنو دەست خۆشیم لێبکەن، کە من بەم کارە هەڵساوم، بەڵکو دەیان ویست ساردو پەشیمانم بکەنەوەو خوشکەکانم بێبەش بکەم، من لەسەر داوای ئەوان بەپێی شەرعی پیرۆز میراتەکەم بەسەر دابەش کردن، ئەو بەشدار بووە دەی گوت: ئەو پەنجەی شەرع دەی بڕێت ئازاری نیە، ئێستا هەست دەکەم زۆر ئاسودەم، هەرکارێکیش دەستی بۆ دەبەم تێیدا سەر دەکەوم، خودای گەورە بەرەکەتی بەسەر داباراندم، کە بێگومان ئەم بەرەکەتە لەم کارە دەزانم، کە پێی هەڵستام، چونکە بەردەوام دوعاو نزای بەخێرم بۆ دەکەن، بۆیە ڕوو دەکەمە ئەو کەسانەی کە میراتگرنو میراتیان بۆ بەجێ ماوە، با مەترسیی کەم بوونی ماڵەکەیان نەبێت بەدابەش کردن، بەڵکو خودای گەورە ماڵەکە زیاد دەکاتنو بەختەوەریان دەکاتن بەم کارە.

**ئافرەتێك:**

### باوکم هەر زوو دەیگوت میرات بەو کچە نادم مێردی کردبێ

کەسانێك هەن، وا تیدەگەن، ماڵو پارەو سەروەتو سامان، هەموو شتێکەو مرۆڤ پێی بەختەوەرو دڵخۆش دەبێت، بەڵام زۆر جاران نەك بەختەوەر بەڵکو دەبێتە مایەی تێك چوونی شیرازەی خێزانو پچراندنیانو نەمانی خۆشەویستی، لە بەینیاندا، ئەمە قسەی کچێك بو خۆی بە (ڕازاو) ناساند، کە باسی لەژیانی خۆی دەکردو دەی گوت: من لە خێزانێکی دەوڵەمەند دەژیمو تا بڵێی سەروەتو سامانمان زۆرە، بەڵام کەڵکی چیە، من تەمەنم گەیشتووتە سیو چوار ساڵ، تا ئێستا شووم نەکردووە، چەندین جاریش خەڵکی دیندارو خواناس هاتوونەتە خواز بێنیم، بەڵام لە ماڵەوە باوکم ڕێگریم لێدەکات، چونکە باوکم دەڵێت: ئەگەر تۆ بەشوو بدەم، دەبێت زاواش بەخێو بکەم، کە مردیشم لەو ماڵە دەبێتە هاوبەش، چۆن دەبێت من بەو ماڵە هیلاك ببمو کەسێکیش لەولا بێتو ماڵم ببات، بە بیانووی ئەوەی زاوامە، بۆیە تا کەسێکی یەکجار دەوڵەمەندو خۆش گوزەران نەیەتە داخوازیت، ئامادەنیم بەشووت بدەم.

**فەرمانبەرێك:**

### غەدرم لەخوشکان کرد میراتم پێ نەدان بۆیە هەر ئیشێکی دەستی بۆ دەبەم تێیدا سەرکەوتوو نابم

فەرمانبەرێك کە نەیویست ناوی بهێنین، گوتی: میراتم بە دایكو خوشکانم نەدا، زیانێکی زۆرم پێگەیشت، هەست دەکەم هەر ئیشەکی دەستی بۆ دەبەم سەرکەوتو نابم، بۆیە من ئەم زیانە بۆ ئەمە دەگێڕمەوە کە غەدرێکی یەکجار زۆرم لە خوشکان کردووە، بەوەی میراتم پێ نەدانو بێ بەشم کردن، بۆیە ئامۆژگاری هەموو ئەو کەسانە دەکەم، با دایكو خوشکی خۆیان لەمیرات بێبەش نەکەن، ئەگینا سوود لەم مالە وەرناگرن.

**مامۆستایەك:**

### چونکە میراتم وەرگرت ماڵی باوکم حاشایان لێکردم

خاتوو (گوڵاڵە) ناوی ئافرتێکی خوازراو بوو کە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتاییشە، باسی لەوە دەکرد، کە چۆن میراتی لەماڵی باوکی وەرگرت، گوتی: لەو کاتەی شوم بەپیاوەکەم کرد وەزعمان زۆر باش بوو، دواتر هەژاری رووی تێ کردینو وەزعمان بەرەو خراپی ڕۆیشت، براکەشم ئەو کات خانوو و زەویو هەموو شتێکی باوکمی فرۆشت، کە لەدوای جێ مابوو، منیش لەناچاری داوام لێ کرد کەمێك یارمەتیم بدات، هەر هیچ نەبێت میراتەکەم پێ بداتن، ئەوە بوو تا بڵێی قسەی نارێکی پێ گوتمو کەمێك پارەی بۆ ڕەوانە کردمو دواتریش حاشایان لێ کردمو گوتیان: تا ژیانت ماوە نەیتەوە بەر ئەم دەرگایە.



مامۆستاییکی ئایینی:

# بێبەش کردنی ئافرەتان لەمیراتدا یەکێکە لەتاوانە گەورەکان

کچە قوتابییێك:

## بەخشینی میرات بەئافرەتان لەئیسلامدا خۆی لەخۆیدا رێزێکە بۆئافرەتان چونکە پێش ئیسلام خۆیان میرات بووینە

ئەگەر ئافرەتان بەوردی سەیری بابەتی میرات بکەن، دەبینن میرات بۆ ئافرەتان کە خودای گەورە لەقورئان بەتێرو تەسەلی باسی لێوە کردووە، خۆی لەخۆی دا رێزێکە بۆ ئافرەتان، ئەمە قسەی (ناسکە محەمەد) قوتابی کۆلیژی یاسای ئێواران بوو، هەروەك لە درێژەی قسەکانیدا ئەو قوتابیە دەی گوت: هەموومان دەزانین، پێشی ئیسلام ئەوەی رێزی نەبوو لە نێو کۆمەڵگە ئافرەت بوو، بەشێوەیێکی وا تەنانەت وەکو کاڵاو شتو مەك سەیری دەکرا، جاری وا بووە، پیاوەکەی کە دەمرد، ژنەکەیان وەکو میرات بەسەر یەکێکی تر دابەش دەکرد، بەڵام کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام هات، ئافرەتان رێزیان بۆ گەرایەوەو بەمافەکانی خۆیان شاد بوونەوە، بەتایبەت ئەو مافانەی پێیان بەڕەوا نەدەزانین، وەکو مارەیی، نەفەقە، رێز، هتد... بەتایبەتیش میرات، بۆیە من وەکو ئافرەتێك کە دەبینم ئیسلام ئەم مافەی بە ئێمە داوە، پێم وایە خۆی لەخۆیدا رێزێکە بۆ ئێمەی ئافرەتان ئەگەر دەرکی پێ بکەین‌و بیزانین.

ئەندامێکی لێژنەی باڵای فەتوا:

## ئەو ئافرەتانەی دێنە لامان زۆربەیان کێشەی میراتیان هەیە کە پێیان نادرێت

هەر لەمیانەی راپۆرتەکەماندا، سەردانی لێژنەی باڵای فەتوا کوردستانمان کرد، لەو بارەوە مامۆستا مەلا (محەمەد ئینەیی) ئەندامی لێژنەی باڵای فەتوا پێی راگەیاندین‌و گوتی: ئێمە وەکو لێژنەی باڵای فەتوای کوردستان، هەردەم لە خزمەت هاووڵاتیانی خۆمان داینە، هەر گیرو گرفتێکیان هەبێت کە بە شەرع چارە سەری بکەن، بەڵام بەداخەوە جاری واهەیە خەڵکانێکمان هەن، خۆشیان پێ موسڵمانە، کەچی بەشەرع گرفتی خۆیان چارە سەر ناکەن، کە بێگومان ئەم شەرعە پیرۆزە، دەرمانی هەموو دەردێکە، یەکێك لەو کێشەو گرفتانەی زۆر دێتە لامان ئەو ئافرەتانن، کە کاتێك باوکێك یان کەسێکیان دەمرێت، مافی شەرعی خۆیتی کە بەشە میرات وەربگرێت، چونکە ئەوە خودا بۆی داناوە، کەچی بێبەشیان دەکەن، بێگومان ئەمە یەکێکە لەتاوانە گەورەکان بەرامبەر بەئافرەتان، چونکە دەقی قورئان داوامان لێدەکات، کاتێك ئافرەتانیش دێنە لای ئێمە، پرسیاری ئەوە دەکەن؟ لە ولامدا دەڵێین: ئەمە بەشی تۆیە، زۆر جاران بەدوای ئەو کەسەش دەنێرین، کە مانیعەو میراتەکە نادات، ئامۆژگاری دەکەین‌و پێی دەڵێین: ئەمانیش مافی خۆیتیان داوای میرات بکەن لە ئێوە، جاری واهەیە کە بۆمان روون کردەوە، کەسەکە بەشی ئافرەتان دەدات، کەسی تریش هەیە ئەو حەقە هەر بۆ ئافرەت نازانێت‌و وادەزانی پێ لەجەرگی خۆی دەنێت. ئەوەی لەسەر ئێمەش بێت تەنها ئامۆژگاریە.

چەند کارمەندێك:

## هەرچی ئافرەتە حەز دەکات میرات وەربگرێت بەڵام ناچاری دەکەن شەرم بکات‌و وەری نەگریت

سەبارەت بەو ئەو ئافرەتانەی کە میرات وەرناگرن‌و بەبراو کەسە نزیکەکان دەدەن، دوو ئافرەت کە خۆیان بە (بەهار هەولێری‌و پایزخۆشناو) ناساند لەو بارەوە گوتیان: جاری وایە ئافرەت کە مارە دەکرێت، لە شەرمان بە شێك لە پارەو مارەیی خۆی دەبەخشیتە براکەی، لە بەر ئەوەی لە ماڵەوە داوای دیاری‌و پارەی لێدەکەن.

میرات گرێك:

## ئەو پەنجەی شەرع بیبرێت ئازاری نیە

یان کاتێك باوکی دەمرێت، پرسە خەسوانەکی پێدەکەن‌و پێی دەڵێن: فلان ئەتوو میرات وەر دەگری؟ ئەگەر وەری دەگری با میراتەکەت بدەینێ؟ وەك ئەوەی خێری پێ بکەن، ئەویش لە شەرمان دەڵێت: من میرات وەر ناگرم‌و با بۆ براکەم بێت، چی بکات، خۆ ناهەق نیە چونکە ئەگەر میرات وەربگرێت، ئەوکات حەیای دەبەن‌و پێی دەڵێن: تازە باوکت مردووەو داوای میرات دەکەی، بەڵام لە دڵەوە زۆری پێ خۆشە وەری بگرێت، زۆربەی ئافرەتان حەز دەکات وەری بگرێت‌و سود مەندبێت، مافی خۆیتی‌و خودا بۆی داناوە، بەڵام ناچاری دەکەن ئەو ئافرەتە بڵێت: وەری ناگرم، سەبارەت بەو کەسانەش کە ئەم کارە دەکەن‌و ستەم لەئافرەت دەکەن، ئەو دوو ئافرەتە گوتیان: ئێمە پێمان وایە ئەوەی میرات بەئافرەتان نادات ئەوکەسانەن کە مولتەزیمی ئاینی ئیسلام نین، ئەگەر دینیان هەبێت، هەرگیز ئافرەت بێبەش ناکەن لەمیراتدا، بەداخەوە ئەم ئایینە جوانەمان هەیە بەڵام وەکو پێویست پەیڕەوی ناکەین، بەتایبەت کاتێك لایەنی مادده دێتە ناو کەسانێکمان هەنە خۆیان لەگێلی دەدەن‌و ئەم ئایینە پشت گوێ دەخەن، بەتایبەت تریش ئەگەر لە پرسێك ئافرەت تێیدا سود مەند بیت.

ماف ناسێك:

## بە پێی یاسا ئافرەت بەشی میراتی هەیە

هەروەها مافناس زانا رۆستایی لەو بارەوە دەڵێت: ئافرەت وەك چۆن لە ئیسلامدا مافی تەواوی خۆی هەیە لە وەرگرتنی میرات، بەهەمان شێوە بە پێی یاساش مافی خۆی هەیە وەری بگرێت، چونکە چەندین دەقی یاسایی هەیە، کە تەئکید لەوە دەکاتەوە، کە ئافرەت مافی وەرگرتنی میراتی هەیە، هەر ئافرەتێکیش ئەگەر مەحرومو بێ بەش کرا لە میرات، ئەوە بۆی هەیە لە دادگا داوای یاسایی لەسەر کەسەکە تۆمار بکات‌و داوای مافی خۆی بکات.

داکۆکی کارێك لەمافی ئافرەتان:

## کۆمەڵگە بەر پرسیارە لە بێبەش کردنی ئافرەت لەمیراتدا

هەر لە میانەی راپۆرتەکەماندا سەردانی (سەنتەری خاتو زین بۆ پرسی ئافرەتی کورد)مان کرد لەو بارەوە بەرێز بەناز مستەفا بەرێوەبەری رادیۆی زین بۆ گۆڤارەکەمان هاتە ئاخاوتن‌و گوتی: یەکێ لە دیاردە ناشیرنەکانی کۆمەڵگە بێ بەش کردنی ئافرەتە لە میرات، بێگومان ئەمەش جورێکە لە توندو تیژی بەرامبەر بە ئافرەتان، هیوام وایە هەوڵبدرێت ئەو دیاردە نەمێنێت، ئێمە وەك رێکخراو کارمان لەپێناو ئەو دیاردەیە کردووەو لە رێی راگیاندنەوە چارەسەرەکانمان دیاری کردووە، هەروەك ئیسلام‌و یاسا ئەو مافەی داوە بەڵام کۆمەڵگە لە نەدانی میرات بەرپرسە، کە پێویستە کۆمەڵگە وشیار بێتەوەو چیتر ئافرەت نەچەوسێنێتەوە بۆ ئەم مەبەستە چەند رێگەیەك بگرینە بەر لەوانە:

یەکەم: پێویستە مامۆستایانی ئایینی باشتر باسی ئەو مەسەلەیە بکەن‌و خەڵك هۆشیار بکەنەوە لەمەڕ ئەو پرسەو دیارکردنی بەشە میراتی ئافرەت بە پێی شەریعەتی ئیسلام‌و لەگەڵ دیارکردنی ئەو سزایانەی بۆ ئەوانە دانراوە کە میرات نادەن.

دووەم: راگەیاندنەکان پێویستە کار لەسەر ئەو بابەتە بکەن‌و هۆشیاری پتر لە مەڕ میراتی ئافرەتان بڵاو بکەنەوە.

سێیەم: ئەو دەقانەی تایبەت بە میرات لە یاساکاندا هەن تەفعیل بکرێن.

چوارەم: خێزانی کورد مادام پابەندە بە ئیسلام‌و یاساوە، دەبێ لەو خاڵەش بەهەمان شێوە پابەند بێت‌و ئافرەت لە میرات بێ بەش نەکات.



taybzyarati@gmail.com

# یارمەتیدان و هاوکاری کردن نیشانەی کۆمەڵگەی موسڵمانانە

م. قاسم اسماعیل حمدامین*

بێگومان لەناو هەموو کۆمەڵگایەکدا برایەتی‌و یارمەتیدان‌و هاوکاری کردن پێویستە لەنێوان تاکەکانیدا هەبێت بۆ ئەوەی هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە هەر کات تووشی هەر ناخۆشی‌و نارەحەتیەکی ماددی‌و مەعنەوی بوو کەسانێك هەبن کەوا یارمەتی بدەن‌و هاوکاری بکەن ئەو کاتە هەر تاکێکی کۆمەڵگە هەست بە ئارامی‌و تەناهی‌و خۆشی دەکات.

یەکێك لەو شتانەی کەوا گیانی برایەتی‌و پێکەوە ژیان پتەوتر دەکات لەناو کۆمەڵگەدا یارمەتیدان‌و هاوکاری کردنە، بۆیە خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا هانمان دەدات، کە یارمەتی‌و هاوکاری یەکتر بکەین لەسەر هەموو کارو کردەوەیەکی چاك‌و باش وەك دەفەرموێت: ﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ﴾، واتە یارمەتی‌و کۆمەکی یەکتر بکەن لەسەر چاکەو خواناسین نەکەن یارمەتی‌و کۆمەکی یەکتر بکەن لەسەر گوناهو دەست درێژی.

وە ئەگەر بچینە خزمەت فەرمایشتەکانی پیغەمبەر (د.خ) لەم بارەیەوە دەبینین کەوا لێوان لێوە لە فەرموودەی زۆر بە نرخ دەربارەی یارمەتیدان‌و هاوکاری کردن‌و سۆزو خۆشویستن بۆ یەکتری، وەك دەفەرمووێت (مثل المؤمنين في توادهم وتراحمهم و تعاطفهم مثل الجسد الواحد، اذا شتكى منه عضو تداعى له سائر الجسد بالسهر والحمى[٢])، واتە: نموونەی باوەڕداران لە خۆشویستن‌و بەزەیی هاتنەوەو سۆزیان بۆ یەکتر وەکو یەك لاشە وایە کاتێك کەوا ئەندامێکی ئەو لاشەیە ئازارێکی دەبێت ئەو کاتە تەواوی لاشەکە بێ خەوی بێ هێزی‌و تا دای دەگرێت.

پێغەمبەری خوا (د.خ) لەم فەرموودەیەدا باسی یەکگرتوویی کۆمەڵی موسڵمانان دەکات لە خۆشویستن‌و یارمەتیدان و هاوکاریان بۆ یەکتر هەروەکو ئەندامەکانی لاشەی مرۆڤێکی تەنها، کە چۆن ئەندامەکانی ئەو لاشەیە بەیەکەوە لکاون‌و یەك خوێن بەناویاندا دەڕوات‌و یەك هەست دەیان جوڵێنێت‌و یەك ئایدۆلۆژیا ئاڕاستەیان دەکات هەموویان بەرەو یەك ئامانج هەنگاو دەنێن هەر کاتێك هەر ئازارێك ڕووبەڕووی ئەندامێکی ئەم لاشەیە بویەوە ئەوا ئەم ئازارە تەواوی لاشەکە دادەگرێت وە ئەگەر هەر خۆشیەك بەشێکی لاشەکە بگرێتەوە ئەوا تەواوی لاشەکە خۆشی دایدەگرێت.

واتە پێغەمبەر (د.خ) پێمان دەفەرموێت موسڵمان لەهەر کاتێکداو لەهەر شوێنێکدا تووشی ناخۆشی‌و نارەحەتی بوو ئازاری چەشت لەسەر هەموو موسڵمانان پێویستە هەست بەو ئازارو ئێش‌و نارەحەتیە بکەن‌و یارمەتی ئەو موسڵمانە بدەن بۆ ئەوەی لە ئێش‌و ئازاری کەم بکەنەوە، کە بەڕاستی ئیسلامی پیرۆز ئەوە داوا لە موسڵمانان دەکات نەك تۆ وەك موسڵمان خاوەنی ئۆتۆمبیلی باش‌و کۆشك‌و تەلارو ژیانی خۆش بێت بەڵام برای موسڵمانت جێگەو ڕێگەیەك نەبێت تێیدا ئۆقرە بگرێت‌و بەبێ خەم‌و خەفەت شەوو ڕۆژی تێدا بکاتەوە.

نەك تۆ وەك موسڵمان ساڵانە گەشت بکەیت بۆ وڵاتانی دەرەوە بۆ ئەوەی کاتێکی خۆش بەسەر ببەیت بەڵام موسڵمانی گەڕەکەکەت شارەکەت گوندەکەت وڵاتەکەت نەتوانێت تەنانەت گەشت بکات بۆ شارێکی تری ناوخۆ، کە چارەسەری نەخۆشیەکەی بکات نەك تۆ خاوەنی دەوڵەت‌و قەوارەو کیانی سەربەخۆی خۆت بیت، بەڵام برای موسڵمانت پێی ڕەوا نەبینرێت تەنانەت بە زمانی دایکی خۆی، کە خوا پێیداوە قسە بکات.

یارمەتی‌و هاوکاری موسڵمانان بۆ یەکتر وا دەکات، کە موسڵمانان وەکو خانویەکی بەهێزو تۆکمەو توندیان لێبێت، کە بەهیچ کەسێك نەڕووخێت‌و لەناو نەچێت وە شوێن‌و پێگەیان لە جیهاندا بەهێز بێت‌و دوژمنانیان لێیان بترسن‌و حسابیان بۆ بکەن، ئەگەر ئاینی پیرۆزی ئیسلام داوامان لێبکات‌و هانمان بدات بۆ ئەوەی کەوا یارمەتی‌و هاوکاری یەکتر بکەین لەنێوان خۆماندا ئەوە بێگومان هەژاران‌و نەداران‌و یەتیمان‌و بێوەژنان‌و ئەو کەسانەی، کە جگە لەیارمەتی موسڵمانان هیچ سەرچاوەیەکی تری ژیانیان نیە لەهەموو کەس لەپێش ترن بۆ ئەوەی هاوکاری بکرێن‌و یارمەتی بدرێن پێغەمبەر (د.خ) لەم بارەیەوە فەرموویەتی، (الساعي على الارملة و المسكين كالمجاهد في سبيل الله أو كالذي يصوم النهار و يقوم الليل[٣]) واتە ئەو کەسانەی کەوا خۆیان ماندوو دەکەن‌و دەگەڕێن بەسەر بێوەژنان‌و هەژاراندا بۆ ئەوەی یارمەتیان بدەن ئەوا ئەو کەسانە پلە و پایەیان لای خوای گەورە وەکو مجاهیدو تێکۆشەری ڕێگای خوا وایە، کە گیانی خۆی لە پێناو خوادا دەبەخشێت یا وەکو ئەو کەسە وایە، کە بە ڕۆژ بە ڕۆژووەو بەشەویش شەونوێژ دەکات واتە پلە و پایەیان لای خوای گەورە ئەوەندە بەرز و شکۆمەندە .

مێژووی پڕشنگداری ئیسلام پڕە لە هەڵوێستی کەسانی بڕوادارو مرۆڤ دۆست لەبواری یارمەتیدان‌و هاوکاری کردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، چەند نمونەیەکیان لێ باس دەکەین بەیارمەتی خوای پەروەردگار:

١- دەگێڕنەوە کەوا (عبدالله کوڕی موبارەك) پیاوێکی زۆر بەخشندەو خێرەومەند بووە خێرو سەداقاتی ساڵانەی زیاتر لە هەزار دینار بووە، جارێك لە ماڵ دەردەچێت بۆ حەج کردن لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا لە ڕێگا چاوی بە ئافرەتێك دەکەوێت مردارەوە بوێکی هەڵدەگرتەوە، کە لەسەر زبڵدان فڕێدرا بوو بەمەبەستی خواردنی کاتێك پرسیاری کرد لە حاڵی ئەو ئافرەتە بۆی دەرکەوت، کە هەژارو نەدارە.

بۆیە ئەو مردارەوە بووە هەڵدەگرێتەوە (عبدالله) بە وەکیلەکەی دەڵێت: چەندمان پارە پێ یە بۆ ئەم ڕێگایە، دەڵێ: قوربان هەزار دینارمان پێ یە، دەڵێ: بیست دیناری لێ جیاکەوە بۆ خۆمان بۆ ئەوەی پێی بگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە ئەو بڕە پارەی، کە ماوە هەمووی بدە بەو ئافرەتە من ناچم بۆ حەج ئەمساڵ چونکە زانی لەم کاتەدا ڕزگارکردنی ئەو ئافرەتە لەم نەبوونی‌و هەژاری یە خێرترە لە حەجەکەی.

بۆیە دەبینین زانای گەورەی کورد (مەلای گەورە) ی کۆیە لەتەفسیرەکەی خۆیدا لە بەرگی شەشەم لەسورەتی (الحج) ئایەتی (٧٧)، کە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَافْعَلُوا الْخَيْرَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ﴾، مامۆستا وای تەفسیر دەکات دەفەرمووێت: (حسب الوقت بزانن چ خێر ئەپهری باشە بۆ دین‌و وەتەن ئەمڕۆ بۆ دیاری ئێمە کەسێ سەعی بکات بۆ ئیدامەی علم أپری دابنێ بە نەفع لە حجی تگوع خێرترە)، واتە: بەگوێرەی زروف‌و زەمان بزانن چ شتێك خێرو پاداشتی زیاترە لە هەندێ عیبادەتی تری سوننەت تۆی موسڵمان ئەمیان ئەنجام بدە.

٢- (لیپی کوڕی سعد) خانویەکی کڕی، کە بەمەزاد فرۆشرا بوو وەکیلەکەی چوو بۆ ئەوەی وەری بگرێت بیکات بە موڵکی (لیث) سەیری کرد کۆمەڵێك منداڵی بچووکی یەتیمی تێدایە منداڵەکان لێی پاڕانەوە، کە لەبەر خاتری خوا وازیان لێ بێنێ لە خانووەکە دەریان نەکات ئەویش گەڕایەوە بۆ لای (لیث)و پێی گووت: ئەو خانووەی، کە تۆ کڕیوتە کۆمەڵێ منداڵی یەتیمی تێدایە داوا دەکەن لەبەر خاتری خوا دەریان نەکەی، ئەویش گووتی: بڕۆ پێیان بڵێ با خانووەکە بۆ خۆیان بێت.

٣- (محمدی کوڕی ئیسحاق) دەفەرمووێت: خەڵکانێکی هەژار لە مەدینە هەبوون یارمەتی دەدران بەڵام کەس نەی دەزانی لەلایەن کێوە بەم شێوە یارمەتی دەدرێن چونکە خێرخوازەکە خۆی دەرنەدەخست کاتێك، کە (زین العابدین کوڕی حسێن) وەفاتی کرد یارمەتیەکەیان نەما ئەو کاتە بۆیان دەرکەوت، کە تاکو پێش وەفاتی هەر ئەو بووە یارمەتی داون.

موسڵمانی ڕاستەقینە دەبێت هەمیشە هەست بە ئێش‌و ئازاری خەڵکانی تر بکات‌و یارمەتیان بدات ئەو کاتە خوای پەروەردگاریش یارەمەتی ئەو دەدات، وەك پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمووێت: (والله في عون العبد ما كان العبد في عون اخيه)، واتە: خوای پەروەردگار لە یارمەتی دانی بەندەی خۆیدایە مادام ئەو لە یارمەتیدانی برای موسڵمانی خۆیدا بێت.

*پێش نوێژی مزگەوتی تەکیەی تاڵەبانی لە کۆیە

# ڕێڕەوی پەروەردەی دەرون

ئەحمەد حمدامین ئاشوکانی



هـیچ دینو فەلـسەفەو بیروباوەڕێـك نییـە بایـەخی بـە پارسـەنگی رەفتارو رەوشت بە دیدی خۆی نەدابێت، رەوشـت لـەناو هـەموو كـۆڕو كۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا ئاستی كاریگەریی ئەو قەناعەتـە نیشان دەدات كـە لەناخـی ئـەو كـەسو كۆمەڵگانـەدا رواوە، كـە بۆتـە سەرچاوەی قیەم..

ئیـسلام بایـەخی زۆری بەپارسـەنگی رەفتـارو رەوشـتی شـوێنكەوتووەكانی داوە، بەشـێوەیەكی وا كـە دیراسـەی ئیـسلامەكە دەكـەیت وا دەزانیـت ئیـسلام هـەر بـۆ داڕشـتنی رەوشـتی پەسـەن هاتووە.. هۆی ئەوە دیارە كە زۆر بایـەخ پێدانی ئیسلامە بەرەوشـتی تاك و كۆی كۆمەڵگە ئیمانداره‌كەی ئەوەش ئەوەیە كە پێغەمبەری خـوا (درودی خـوای لەسـەر بێـت دەفـەرموێ: (إِنَّمَـا بُعِثْـتُ لأُتَـمَّ مَكَـارِمِ الأَخْلاقِ)، واتە: بۆ ئەوە كراوم بە پێغەمبەر تا رەوشتە بەرزەكان تەواو كەم.. یان كە لە مەتحی رەوشتی بەرزدا دەیفەرموو: (إِنَّ الْمُؤْمِنَ لَيُدْرِكُ



بِحُسْنِ خُلُقِه دَرَجَةَ الصَّائِمِ الْقَائِمِ)، واتە: موسوڵمان بـە رەوشـتی بـەرزو چـاكیی، خـۆی دەگەیێنێتـە پلـەی رۆژوەوانـی خـاوەن شـەونوێژی بەردەوام! ئەمانە پێناسەی (هەموو)ن بەدەرخستنی تایبـەتی (بـەش) واتە: (تَعريفُ الكُلِّ بِالجُزْءِ)..

ئەم رەفتارو رەوشتە پەسەندو بەرزەی موسـوڵمان كـە رەسـەنێتی پێوە دیارەو لە ناو ئاپۆڕەی دیدو ڕێ و هەڵوێستی خەڵكیدا بێ ریكلام بۆ كردنی نمایش دەبێت، بەرهەمی كاریگەریی ناخە، دیارە دەبێـت لـە ناخدا داینەمۆیەك هەبێت كە بەردەوام ئـەم رەفتـارو رەوشـتە رەسـەنە شەحن دەكاتەوە.. ئەو داینەمۆیەش پەروەردەی دەروونە..

پەروەردەی دەرونیش خـۆی لـە خۆیدا سـەربەخۆ نییـە، چـونكە ئەویش یەكێكە لە بەرهەمەكانی ئیمان..

باوەڕ بوون بە خوا، وەكو ئیسلام داوای دەكـات، قەناعـەت كردنـە بە پێناسەی ئیـسلام بـۆ حەقیقەتـەكانی ژیـان ومـرۆڤ و گـەردوون، بـۆ زانـین و ناسـین و رەفتـار كـردن لەگـەڵ پێكهاتـەو ماهییـەت و چارەنووسیان، ئەمـەیان بـۆ دوانـدن و قەناعـەت پێكردنـی ژیرییـە، تـا ئیسلامەكە ببێتە سەرچاوەی مەعریفی تاك و كۆی موسوڵمان..

داواكاریـەكی تـری باوەڕهێنـان، وەكـو كـە ئیـسلام داوای دەكـات، خواپەرستی و تەزكیەی نەفسە، تا خواناسیی وەكو خۆی بـچەسپێت.. ئەمەش نەشونماو گەشەی رۆحـە، ئەمـەش لایـەنێكی تـری پارسـەنگی مرۆڤە، بـۆ ئـەوەی هەسـت و پەیوەنـدی (عابیـدو مـەعبوود)یـی ببێتـە چاودێرێكی هەمیشەیی زات..

شەرعیش كـە یاسـاو رێـسای رێكخستنی ژیانی رۆژانـەی تـاك و كۆمەڵگەیـە، كـە دیـاری كردنـی سنوری ماف و ئەرك و دەسـەڵای تاك و كـۆی حـاكم و مەحكوومـە، وەكو ئیسلام داوای دەكات، بریتیە لە هەستێكی تری بەرپرسێتی تـاك و كۆیە بۆ هۆشداریی نەبەزاندنی سنورەكانی.. ئەمەش راهێنانی تـاك و كۆی كۆمەڵگە موسوڵمانەكەیەو لایەنێكی تری پـەروەردەی دەرەكـی.. دەرەكی بەو مانایەی كـە كەسـە موسـوڵمانەكان و ئەوانـەی لەگەڵیانـدا دەژین هەست و هۆشیان بۆ نەبەزاندنی شەرع دەبێتە چـاودێری زاتیـی خۆیان..

لەم روانگە پەروەردەییەوەیە كە ئیسلام چەندین مەدرەسـەو دیـدو مەزهەبی پەروەردەی دەروون (تەزكیەی نەفس)ی لەناودا بـۆ دروسـت بووە، وەكو مەدرەسەی تەزكیـەو ئـەخلاقی فەیلەسـووفەكانی ئیـسلام وەكو تیۆری ئیبنومسكەوەی و تیـۆری ئیبنوڕوشـدو تیـۆری غـەزالی و یان مەدرەسەی ئاڕاستەوانە رۆحیەكانی وەك شێخ حەسەنی بەسریی و شێخ عبدالقادری گەیلانی یـان مەدرەسـە ئوسـوڵیەكەی ئیبنولقـەییمی جەوزییەو چەندینی دیكە.. هەموویان تەركیز دەكەنـەوە سـەر بـاوەڕی راست و دروست، ئینجا كاركردن بە باوەڕەكە بـەو تـەقواكارییی خـوای گـەورە دەیـەوێت، ئەمـەش بـێ ئـەوەی خاوەنەكـەی مەبەسـتی بێـت دەبێتە دینداریێتی سیمای دەرەكیو پیاوچاكیی..

پـەروەردەی موسـوڵمان هـەرگیزاو هـەرگیز بـە بـێ پـەروەردەی دەروون تەواو نابێت، لەم سـەردەمەی ئێمەشـدا كـە مادديیـاتو دنیـاو ویستی هۆشی قیامەتی لەبەر خـەڵكی بڕیـووە، موسـوڵمانە باشـەكانی جـارانیش بـە داخـەوە كەوتوونەتـە نـاو مـۆنجی ماددەپەرسـتیەكەی سـەرمایەدارییەوە.. موسـوڵمان زیـاتر پێویـستی بـە بیرهێنانـەوەی دینداریێتی و تەقواكاریی هەیە.. بە تایبەتی ئێمەی موسـوڵمانانی كـورد كە بە داخەوە لە سەرەتای كاروانەكەوە بایەخمان بـە فیكـری سیاسـی زیاتر لەسەر حسابی پەروەردەی دەروون دابوو، زركە تاڵەكەیمان بینی لە لێچوونەوەی هەنـدێك كـەس لـە دینداریێتیەكـە! یـان سـست بـوونی هەندێكی تر، یان كشانەوەو گۆشەگیر بوونی زۆرینەیەك، یان قەناعـەت كردنی هەڵەی زۆرینەیەكی زیاتر بەوەی كە دەشێت دینداریێتیەكـەی بـە تەنهاییش راگرێت!!

ئێستاش لـەو رووەوە نوقسانە كـە لەسـەر تیـۆریی پـەروەردەیی دەروونـی هـیچ كـام لـە زانایـانی ئیـسلامی نییـە! بـۆ نموونـە تیـۆری پەروەردەی دەروون لای ئیمـامی غـەزالی رەحمـەتی لەسـەر رێسایەك دامەزراوە كە بریتیە لە (التخلية قبل التحلية) واتە: بـەتاڵ كـردن پـێش پڕكردنەوە.. واتە: بەتاڵ كردنەوەی دڵ لە شیرك و هەرچـی پێوەیـەتی و پڕ كردنەوەی بە تەوحید و هەرچی دەیخوازێت.. بەتاڵكردنـەوەی دڵ لـە حـەزو ئـارەزووە سەركەشـەكان و پڕكردنـەوەی بـە سـۆزو خۆشەویـستی خـوای گـەورە.. بـەتاڵ كردنـەوەی دڵ لـەو پەیوەندیـە ئاڵۆزە غـەیرە زەروورییانـەی ژیـان كـە هەسـت و هـۆش بـە خۆیانـەوە خـەریك دەكـەن و پڕكردنـەوەی دڵ بـە یـادو زیكـری خـواو چـاوبڕینە خواناسیی یاوەران و تابعین و پیاوچاكانی ئـەم ئوممەتـە.. داشـۆرینی دیمەن و رواڵەت لە سیفاتو سیمای ئەهلی جاهیلییـەت وخۆڕازاندنـەوە بە سیفەت وسیمای خواناسان.

# رەشاد موفتی
# قازی‌و زانای ناوداری هەولێر
# سڵاو لە یادی

ڕەنگە کەم بن ئەوانەی ناوی زانای دیارو هەڵکەوتووی شاری هەولێر (رەشاد موفتیان نەبیستبێ).

ئەو زانایە ناوی تەواوی ( رەشاد محمد عوسمان موفتیە) لە بنەماڵەیەکی دیارو ئاینپەروەرو نەتەوەپەروەرو ئەهلی تەسەوف لە دایکبووە.

هەر زوو دەستی داوەتەوە خوێندن‌و قوناغەکانی تەواو کردوون‌و هەر زووش زیرەکی‌و لێهاتوویی ئەو زانایە دەرکەوتووە‌و ناوبانگی دەرکردووە.

لە ساڵی ١٩٤٣ بە مەبەستی خوێندن چۆتە میسرو دوای تەواو کردنی خوێ،دن لەوێ گەڕاوەتەوەو لەلای باوکی‌و مەلا ئەبوبەکر ئەفندی درێژەی بە خوێ،دن داوە، لە ساڵی ١٩٤٦ دەستی کردوو بە تەدریس‌و کاری فەتواو وتاربێژی‌و لەو بوارەشدا ڕۆڵێکی دیارو بەرچاوی هەبووە لە پێگەیاندنی مەلاو بەهێزکردنی لایەنی ڕۆحی خەڵکی موسڵمان‌و چارەسەرکردنی کێشەکان.

ساڵی ١٩٥٦ وەك قازی لە شاری کەرکوك دەست نیشان کراوەو ساڵی ١٩٥٧ چۆتە سلێمانی‌و درێژەی بەکاری قازیەتی خۆی داوە.

قازی رەشاد موفتی یەکێکە لەو زانا دەست ڕەنگینانەی، کە چەندین نوسین‌و پەرتووکی تایبەتی داناوەو کۆی ئەو دەست نووس‌و کتێبانەی دایناون پتر لە ٤٠٠ پەرتووکە، ئەمە سەرەڕای هەبوونی گەورەترین پەرتوکخانە، کە تا ئێستاش ماوەتەوەو خەڵك سوودی لێ دەبینێ.

بنەماڵەی موفتی یەکێکە لە بنەماڵە ناودارەکانی هەولێرو جێدەستی خزمەتیان بەرامبەر ئایینی پیرۆزی ئیسلام‌و موسڵمانان‌و هەستی نیشتمانپەروەری دیارە

ئەو کەڵە زانایە لەساڵی ١٩٩٢/٩/١٢ کۆچی دوایی کردووە، هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی ئەو زانا ناودارو دیندارەو خوای گەورە دەرەجاتی عالی بکات.





مەلا) لە تەفسیرەکەی (مەلای گەورە)دا

# مەلایەتی و تەدریس

## ١١

هێمن عومەر خۆشناو

پێشکەشە بە مامۆستام (مەلا شێخ عەبدوڵڵای زیخانی)

دەبێ کام دیمەنی تەدریس، لە هەموو زانکۆکانی دونیا بگەڕێیت، هێندەی بەرائەتو پاکی و سادەیی حوجرەکان جوانو پڕ ڕێز و پڕ بەرەکەتی زانست بێت؟! دەبێ هەموو زانکۆکانی کوردستان قەرزاری ئەو حوجرانە بن کە بەسادەیی سەدانو هەزاران زانای پێگەیاندن. شەنو کەو کردنی هەموو ئەو کردەی خوێندنەو لوتکەی سەرکەوتنیان لە تەدریسو دەرسگوتنەوەی مامۆستایان دابووە. نەزان—ی گەورە ئەوەیە پێی وا بێت بەتەواوکردنی خوێندنو ئیجازە وەرگرتن زانستو ئەرکی ئەو تەواو دەبێت، لەڕاستیدا خودی دەربڕینی خوێندن تەواوکردن دەربڕینێکی زانستی نییە، کاتو شوێنەکە دەشێ کۆتایی پێ بێتو فەقێ لەدەرگای حوجرەوە بچێتە دەرەوەو بۆ ئەرکی گەورەی مەلایەتی، بەڵام هەوڵدانو تێگەیشتنی زیاتر هەر دەمێنێو هەر دەمێنێ.

دوو حوجرە لەژیانی زانایاندا دەدرەوشێنەوە، حوجرەیەکیان بۆ خوێندنو لەوێوە دوای ماندووبوونێکی زۆرو ڕۆیشتنی کاتو تەمەنی شیرین، بۆ حوجرەی دووەمیان کە حوجرەی تەدریسە، هەمیشە حوجرەی دووەم قەڵغانی حوجرەی یەکەمەو بەبێ تەدریس ناتوانرێ بەرهەمو شەونخوونیو خەباتی حوجرەی یەکەم بپارێزرێت. لەبەرئەوە دەرس گوتنەوە وەك نەریتێك جاران زۆربەی هەرە زۆری زانایان پێیەوە خەریك بوونو بە ئەرکی سەرشانی خۆیان دەزانیو وەك دەرس خوێندنو سەردەمی فەقێیەتی لەژیانی خۆیان جوێ نەدەکردەوە.

ئەوەی ئەمڕۆ لەژیانی زانستی (مەلا)یاندا دەگوزەرێو پەیوەندی بەبواری تەدریسەوە هەبێت، دەتوانین بڵێین لەحاڵەتێکی زۆر ساردداییە، بەوەی کە لەچاو جاران بەدەگمەن تەدریس لەژیانیاندا ڕەنگی داوەتەوە، ئەمەش دەتوانین بۆ سێ هۆکاری بگەڕێنینەوە، کە یەکێکیان دەگەڕێتەوە بۆ خەمساردی خودی مامۆستایانو هەندێکیان بە لۆژیکی بوونە مەلاو تەلاقدانی تەدریس (وازهێنانی خوێندنەوەی جددی چ جای تەدریس)یان کردۆتە دروشمو هۆکاری دووەم حکومەت هاوکارو دەسبارگری مەدرەسەکان نییە، ئەگەر وڵاتانی سودانو مەغریبو یەمەن بەنموونە وەربگرین تەدریس لەحاڵەتێکی زۆر بەرز دایەو حکومەت بەچاوێکی پڕ ڕێزەوە تەماشایان دەکات، بەمەش جوڵەو بزاوتێکی خستۆتە نێو ڕەوتی زانستو زانیاری لەو وڵاتانەدا، هۆکاری سێیەمیش کەم بوونی فەقێیەو ئەو سەردەمە ئەوان کەمتر بەژیانی حوجرە قایلنو وەك (نالی) بەدوای زانستەوە لەبەر پەنجەرەی حوجرەکەیەوە نایەنە گۆ:

لەو حوجرە لەبەر پەنجەرە کەوتوومو دەناڵێم
بیعەینی دەڵێی بولبولی گۆشەی قەفەسێکم

کەوابوو ئەگەر دوو هۆکارەکەی کۆتاییش هەر هەبن، ئەوا دەبێ (مەلای کورد) ئەمڕۆ لەجاران زیاتر گیانی تەدریس بخاتەوە بەر خۆیو جارێکی تر حوجرەی یەکەمو دووەم تێکەڵ بکاتەوە، ئەمەش لەبەر دوو هۆ: یەکەمیان بۆ موتاڵاو بیرخستنەوەو دووەمیان بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی زانستی، چونکە چەقبەستوویی زانستی مەلایان لە کەم تەدریس کردنیانو کەم مەلەکردنە لەنێویدا.

هۆگریو تامەزرۆیی بۆ تەدریس، نیشانەی دڵسۆزی نواندنە، چونکە نهێنییەکی گەورە لەتەدریسی کۆندا هەبوو، ئەویش ئەوەبو مامۆستایان ماندوونەناسانە لەخەمی فەقێکانیان بوونو دەیانەویست ئەو زانستەی دەیزانن پەرشو بڵاوی بکەنەوەو خەڵك سوودیان لێ وەربگرێ، ئەمەش لەترۆپکی دڵسۆزییەوە سەرچاوە دەگرێو نەبوونی دڵسۆزی هەتا دێت دەست دەخاتە قورگی تەدریسو لەمەیدانەکە دووری دەخاتەوە.

ئەگەر دوێنێ مامۆستایان هەندێ جار بەدیار فەقێی نازیرەکەوە دەیانناڵاند، ئەوا ئەمڕۆ ناڵاندنەکە دوو قات بووەو ئەو نووزەو چرا کزەشی نەماوە، ئەها (مەلای گەورە) لەبارەی تەدریسو ماندووبوونی مامۆستایان چی فەرمووە:

((حەقیقەتەن مامۆستای چاك/ بەچەنگ فەقێی تێنەگەیشتوو و لاسار، رووحو نەشاتی تەفهیمو تەعلیمی ئەمرێ، نامێنێ. ب١/لاپەرە٨٩)) ئەدی ئەگەر ئەو فەقێو ئەو تەدریسە نەبێت، ئەوسا ئەو نەشاتو چالاکییەی، حەیاتی لەبەر دەبڕێ و تا بن پیلان دەکەوێتە حاڵەتی ڕۆح مردنو عیلمەکەی چەقبەستوو دەبێت.

کاتی ئەوە هاتووە مامۆستایان قۆڵی لێ هەڵماڵنو تەدریس بکەنەوە دروشمو لەگەڵ دڵسۆزییەوە بەرکەت بخەنەوە حوجرەکانو وەك (مەلای گەورە) تەواوی ژیانیان لەگەڵ هەموو ناخۆشییەکان بۆ پێگەیاندنی نەوەی تازە بێت.

کوا بۆ ئەوێ ڕۆژێ هەردوو حوجرەکان ڕۆشن دەبوونەوەو بە تاقی تەنێ دڵسۆزییان دەخستەوە هەناوی دەرسگوتنەوە؟!!!

Facebook:Hemn Omar Khoshnaw
Hem992003@yahoo.com

# چەند هەنگاوێکی پراکتیزەیی بۆ بەدەستهێنانی بەختەوەری

گەشبین عەبدولسەتار

لێکۆڵینەوەیەکی ئەمریکی جەخت دەکاتەوە کە بەختەوەری بە شێوەیەکی پۆزەتیف رەنگدانەوەی باشی هەیە بۆ دڵی مرۆڤ، ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سەر هەزارو حەوت سەد پیاو و ئافرەت ئەنجامدرا، زانایان زۆر بە ڕوونی بۆیان دەرکەوت ئەو کەسانەی خاوەنی بیرۆکەی باشو پۆزەتیفن، هەمیشە چێژ لە گەشبینی وەردەگرن، بە شێوەیەکی هێمنو ئارام ژیان دەگوزەرێنن، زۆر کەمتر دووچاری نەخۆشییەکانی دڵ دەبنەوە، بە بەراورد لەگەڵ ئەو کەسانەی ڕەشبینو هەڵگری بیرۆکەی نێگەتیفن...

توێژەرەکان دەڵێن: مرۆڤ دەتوانێت خۆی بپارێزێت، لە مەترسی نەخۆشییەکانی دڵ، تەنها بە تێڕوانینی بۆ ژیان بە شێوەیەکی پۆزەتیف، هەروەها دەتوانێت بەختەوەریو کامەرانی بە خۆی ببەخشێت لە ڕێگەی گۆڕینی ئەو بیرۆکە ڕەشبینو نێگەتیفانەی هەڵی گرتووە، بە گۆڕینیان بۆ بیرۆکەی گەشبینو پۆزەتیف.

لەسەر بنەمای ئەو لێکۆڵینەوەیە، ئێمە ئامۆژگاری خوێنەری ئازیز دەکەین، کە پێویستە هەرچی زووترە بیرۆکە ڕەشبینو نێگەتیفەکانت بگۆڕیت، ئەم ڕێگەیەش زۆر ئاسانە، دەتوانیت لە ڕێگەی ئەم چەند هەنگاوە پراکتیزەییانەوە کرداری گۆڕانکارییەکان ئەنجام بدەیت، ئەمەش بە تاقیکردنەوە سەلمێنراوە:

١- پێویستە بزانیت خوای گەورە قەدەری هەموو شتێکی لەسەر تۆ داناوە، دڵنیابە هەرگیز ئەو قەدەرە ناگۆڕێت... کەواتە خەمو پەژارەی زۆر هەڵمەگرە، لە ئایندەت مەترسە.

٢- ئەگەر چاوەڕانی کارێك دەکەیت، دڵنیابە خوای گەورە ئەو کارەت بۆ ئاسان دەکات ئەگەر بۆ تۆ باش بێت، هەروەها دووری دەخاتەوە لێتو بە باشتر بۆت دەگۆڕێت ئەگەر زیانی تۆی تێدا بێت، بە مەرجێك پشت بە خوای باڵادەست ببەستیت.

٣- پێویستە باوەڕت وابێت کە هیچ سوودو زیانێك لە گۆڕێدا نییە، مەگەر خودای گەورە بیەوێت، لەم کاتەدا خەمەکانت فڕێ بدەیتە دوای خۆتەوە، هەرگیز لەوەی ڕوویداوە پەشیمان نابیتەوە، هیچ کات ناترسیت لەوەش کە ڕوودەدات.

٤- پێویستە بڕوات وابێت لە زووترین کاتدا گرفتەکانت کۆتاییان دێت، دڵنیابە خوای گەورە بە توانایە لەسەر چارەسەرکردنی تەواوی کێشەو گرفتەکانت!!

٥- خوای گەورە لە خۆت زیاتر لێتەوە نزیکە، لە هەر شوێنێك بیت پشتیوانت لێ دەکات، لەبەر ئەوەیە پێویستە تەسلیمی بەرنامەی ئەو خودایە ببیت کە ئاگادارە بەسەر هەموو پەنهانو ئاشکراو نادیارەکان.

٦- ئاگادرابە، بە تیڕوانینێکی خراپ مەڕوانە بۆ خۆت، بەڵکو بڕوانە بۆ هەڵسوکەوتە خراپەکانت، کە خوای گەورە لێیان ڕازی نییە، پێویستە هەڵسوکەوتەکانت بگۆڕیت بە هەڵسوکەوتێك کە خودا لێیان ڕازییە، هەرگیز لە گۆڕان نائومێد مەبە، بەڵکو بەردەوام هەوڵەکانت دووبارە بکەرەوە، ئەگەر سەدجاریش بێت، گرنگ ئەوەیە نائومێد نەبیت، چونکە نائومێدی جگە لە بێهیوایيو شکستو ئاڵۆزبوونو زیادکردنی گرفتو کێشەکانت، شتێکی دیکەت پێ نابەخشێت.

٧- هەرچەندە گرفتەکانت ئاڵۆزو گەورەبن، وەها بۆیان بڕوانە کە ئەو گرفتانە سادەو ساکارن، دەگونجێت چارەسەر بکرێن، ئیدی چوون یەکە ئەو گرفتانە مادی بن، یاخود سۆزداری، یان کۆمەڵایەتی، یان لە نێو کاردا بۆت هاتۆتە پێش، یا لە خوێندنەکەتدا... بیربکەرەوە خوای گەورە ئەم گەردوونەو تەواوی بوونەوەری دروستکردووە، هەرگیز بۆ چارەسەرکردنی گرفتی بەندەیەك لە بەندەکانی دەستەوسان نابێت.

٨- هەوڵبدە لە هەموو کاروبارەکانی ژیانتدا پشت بە خوای گەورە ببەستیت، ئەگەر بۆ تەنها جارێکیش بێت لە ژیانتدا ئەم ڕێگەیە تاقیبکەرەوەو چاوەڕوانی ئامانجەکەی بکە.

٩- هەرچەندە تاوانەکانت گەورەبێت، سەرپێچییەکانت ئابڕووبەرو شەرمەزاراویو هیوا بڕاو بێت، بزانە خوای گەورە لە توانایدایە لە چاوتروکانێکدا لێت خۆشبێت، تەنها بە گەڕانەوەو دەربڕینی.

بۆ پراکتیزەکردنی هەموو ئەم ئەم هەنگاوانەی سەرەوە، پێویستە لە قورئانی پیرۆز بە وردی ڕابمێنیو هەموو ڕۆژێك ماوەیەکی بۆ تەرخان بکەیت.



# زانای ناوداری باڵەکایەتی

## ( مەلا مستەفا داروسەلامی )

# هەڵوەستەیەك لەسەر ژیانو خزمەتەکانی


مەلا عەبدوڵلا شێرکاوەیی

Sherkaway83@gmail.com




دوای تەمەنێك لەخزمەتکردنو تەدریسو کاری هۆشیارکردنەوەی خەڵكو چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانو خزمەتکردن لە ریزەکانی یەکێتی زانایان، مامۆستا مەلا مستەفا دارو سەلامی لەتەمەنی (٧٨)ساڵی دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوتو گەڕایەوە بەر دلۆڤانی پەروەردگارەوە، بۆیە بە پێویستمان زانی بۆ هەڵدانەوەی هەندێ لاپەڕەکانی ژیانی ئەو پیاوە خواناسو زاناو لێهاتووە، ئەو نوسینە وەك وفایەك بۆ مامۆستاو ئاشنایەتی ئێوەی خوێنەر بخەینە سەر رووپەڕی گۆڤاری (پەیامی زانایان)ەوە.

## لەدایك بوونو خوێندنی

ناوی تەواوی مامۆستا (مستەفا خدر حسن) ناوسراو بە مامۆستا مەلا مستەفا داروسەلامی لە ساڵی ١٩٣٣ لەبنەماڵەیەکی ئاینپەروەرو نیشتمانپەروەر لەگوندی داروسەلام لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایىو زمانی فارسی لای باپیری خوێندووەو، دواتر وەك فەقێیەك بە مەبەستی خوێندن دەچێتە گوندی (شێخ وەتمان)و ماوەیەك سەرقاڵی خوێندنی پەرتووکە سەرەتاییەکان دەبێت، دوای ئەوێ دەچێتە دەڤەری قەڵادزەو پاشانیش دێتەوە بۆ باڵەکایەتىو درێژ بە خوێندن دەدات.

مامۆستا بەمەبەستی خوێندن چەندین شوێنو شاری ئەم کوردستانەی کردووە لەوانە: ئاکۆیان، گرتك، وەرتێ، قەڵاتێ، کۆیلێ، هەسنان، گەرەوان، ماونان، کە ئەوکات هەر یەك لەو شوێنانە مەڵبەندی زانستو زانیاری بوون، تا دواجار دەچێتە لای مامۆستا مەلا وەیسی گرتكىو لەسەر دەستی ئەو ئیجازەی مەلایەتی پێ دەبەخشرێت.

دوای ئەوەش مامۆستا وەك ئیمامو خەتیب لە گوندی دارو سەلام خزمەت دەکاو دەست دەکات بە تەدریسو وانە گوتنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە ساڵی ١٩٥٩ مامۆستا ژیانی خێزانی پێك دەهێنێت، کە خوای گەورە حەوت کوڕو چوار کچی پێ بەخشیوە.

## مامۆستاو خزمەتی لە تەدریسدا

یەکێ لەو بوارانەی ماموستا پێی ناسراوە بواری تەدریسە، کە لەسەرەتای شارەزابوونی ماموستا بەزانستەکانی ئایینی بێ وچان هەوڵی پێگەیاندنی رۆڵەکانی میللەتەکەی داوە بەزانست وبنچینەکانی ئایین، تا تەمەنیشی بەرەو لاوازیو کزی رۆیشت هەر خەریکی تەدریس بوو، کە تا ساڵەکانی ٢٠٠٥ حوجرە پڕ خێرەکەی لە گوندی دارو سەلام هەر ئاوەدان بوو بە فەقێو وانە گوتنەوە.

هەندێ لەو ماموستاو فەقێیانەی بەهرەمەندبوون بەزانستی ماموستا هەریەك لە مەلا مەحەمەدی بیرێژی و مەلا خالیدی مەلەکی و مەلا عەولای ئێرانی و مەلا موحەمەدی دیاربەکری و مەلا عەلی بێشەیی و مەلا سەعیدی سەردرەیی و مەلا موحەمەدی سپی بوون.

لەبواری ئیجازە پێدانیش ماموستا توانیویەتی ئیجازە بەم ماموستا بەرێزانە بدات، وەك مەلا سەعیدی سەردرییو مەلا عەلی بێشەییو مەلا ئیسماعیلی ئۆمەراوەییو مەلا حەکیمی روستاییو مەلا نەجاتی جاوەکەییو چەندانی تر.

## رۆڵی مامۆستا لە کاری رێکخراوەیی

ماموستا لە تەمەنی خۆیدا هەمیشە حەزی بە خزمەت کردووەو، یەکێکە لەو ماموستا بەرێزانەی کە لەسەردەمی (عبدالکریم قاسم ) بەنوێنەرایەتی فەقێیانی کوردستان لەگەڵ چەند مامۆستایەکی تر بەنووسراوێك لەلایەن پارێزگای ئەوسای هەولێر پشتگیریان لێ دەکرێت بە چەند داواکاریەك هەوڵی دیدەنی کردنی عەبدالکریم قاسم ئەدەن، گەرچی نەیانتوانی چاویان بەخودی ئەو بکەوێت بەڵام توانیان چەند داواکاریەکی قوتابیو فەقێیان بگەیینە حکومەتی ئەوسای عیراق، ئەوەبوو هەندێ داواکاریان پەسەند کرا وەك پەسەند کردنی بڕوانامەی فەقێیان و ڕازبوونیان بەوەرگرتنیان وەك (معلم) لەقوتابخانەکانی میری.

مامۆستا ڕۆڵێکی دیارو بەرچاوی هەبوە لەدامەزراندنی ڕێکخراوی یەکێتی زانایانی ئایینی کوردستان‌و خۆی یەکێك بوە کە هەر لەسەرەتای دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەیە خۆنەویستانە بەشداری کردوە، بەڵکو دەکرێ بڵێین کەسی دووەم بووە لەوانەی داوای دروست کردنی ئەم ڕێکخراوەیان کرد بێت، مامۆستا لە چوار کۆنگرەی یەکێتی زانایان بەشداری کردوە، لە دەسپێکی یەکەم کۆنگرە یەکێك دەبێت لەو مامۆستایانەی سەرپەرشتی



لێژنەی کۆکردنەوەو ناونووس کردنی زانایانی لەئەستۆ گرتوە.

## دەوری قازیەتی

بەهۆی لێهاتووی و شارەزای لەبواری ئەحکام‌و شەرع لەسەردەمی شۆڕەشی ئەیلول لەلایەن جەنابی مەلا مستەفا بارزانی بەیەکێك لەقازیەکانی شۆڕەش دەست نیشان دەکرێت‌و بۆ ماوەیەکی باشیش لە بەشی عەدلی چۆمان وەك قازی شەرعی خزمەتی کردووە، تەنانەت مامۆستا خۆی لە بارەی گرنگی کاری قازیەتی لە دیمانەیەکی خۆری ئیسلام ژمارە(١٠) کە مامۆستا جەعفەر گوانی لەگەڵی ساز داوە دەڵێ: ئێمە ئەو کات دەستەڵاتی کاملمان درا بوێ‌و، کەس بۆی نەبوو بڕیاری ئێمە ڕەت کاتەوە، ئەوەش بڕیاری جەنابی مەلا مستەفای بارزانی بوو، تەنانەت لەناو شۆڕشیش کەس نەیدەتوانی قسەی ئێمە جێبەجێ نەکات، ئەو کاتی شۆڕش خۆشی قەبوڵی نەدەکرد کەس سەرپێچی شەرع بکات، بۆیە زانایانی ئایینی‌و ئەو بەشەی ئێمە وەك قازی کارمان تێدا دەکرد، ڕۆڵێکی دیاری هەبوو لە خزمەت کردنی کێشەکان‌و سولح‌و ئاشتەوایی‌و لێك نزیك کردنەوەی خەڵك‌و هۆشیارکردنەوەیان لە بارەی شەرعەوە.

هەر بە پێی شاهید عەیانی زۆریشەوە بە فعلی مامۆستا توانیویەتی چەندین کێشەیی کۆمەڵایەتی چارەسەر بکات، تا لە ژانیش مابو جێدەستی مامۆستا دیار بوو لە بواری سولح‌و مەسلەحەت‌وئاشتەوای‌و ئامۆژگاری کردنی خەڵك بە شێوەیەکی گشتی‌و لە سەر دانیشتوانی دەڤەری باڵەکایەتی بەتایبەتی..

## کۆچی مامۆستا

دوای بردنە سەری تەمەنێکی پڕ لە خزمەتکردن، لە بواری ئایینی‌و کوردایەتی‌و کۆمەڵایەتی، مامۆستا مەلا مستەفا داروسەلامی لەبەرەبەیانی ڕۆژی هەینی ٢٠١١/٧/٢٢ کۆچی دوایی کردو ڕۆحە پاکەکەی گەیشتەوە کاروانی زانایان‌و پیاوچاکانی ڕێبواری تەریقەتی خزمەت بە ئایینی ئیسلام‌و موسڵمانانەوە، بەداخەوە مردنی مامۆستاو قازی‌و مودەرپیسێکی وەك مامۆستا نەك تەنها بۆ گوندێکی وەك (داروسەلام) بەڵکو بۆ تەواوی باڵەکایەتی‌و کاروانی زانایان خەسارەتێکی گەورەو کەلێنێکی دیارو بەرچاو بوو. چونکە لە رووی ئایینی‌و نەتەوەیی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئیرشادو ئیسلاحەوە، مامۆستا خزمەتێکی گەورەی لە بواری تەدریس‌و ئامۆژگاری‌و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ئایینی پێشکەش کردو، لەسەر هەردوو شا ڕێگەی شەریعەت‌و تەریقەت وەك سەرچاوەیەك نەفعێکی زۆری گەیاند.

وەك قازی‌و دادوەرێکی دیار، ڕۆڵێکی کارای گێڕا لە چارەسەر کردنی کێشەکان‌و نەهێشتنی گرفتە کۆمەڵایەتیەکان‌و، دروستکردنی ڕۆحی برایەتی‌و ئاشتەوایی‌و لێبوردەیی لەو دەڤەرەدا.

لە هەمان ڕۆژدا لە مەراسیمێکی شکۆدارو بە ئامادەبوونی سەرۆکی یەکێتی زانایان‌و ژمارەیەکی زۆری زانایانی سۆران‌و رواندزو باڵەکایەتی‌و جەماوەرێکی بەرفراو تەرمی مامۆستا لە گۆڕستانی گوندی داروسەلام بەخاك سپێردرا.

## سۆزێك بۆ مامۆستا

مامۆستا.. ئەو بەرەبەیانیەی خەبەری وەفاتی جەنابت بڵاوبویەوە.. باڵەکایەتی باڵی ماتەمی داپۆشی،، خەفەتێکی قوڵ لە دڵی هەموو لایەك دروست بوو حوزنێکی زۆر لای هەمووان بووە میوان‌و باڵەکایەتی کەلێنێکی گەورەی تێکەوت‌و کۆڕی زانایان ئەستێرەیەکی درەوشاوەی کوژایەوە.

مامۆستا.. کۆچت تۆ ئەو هەوارەی لێ چۆڵ کردین‌و داروسەلام‌و خزم‌و دۆستەکانت تەنیا هێشتنەوە.. مەلاو فەقێ‌و حوجرەو خانقاو مزگەوتت یەتیم مانەوەو بۆ هەتا هەتایە ماڵئاوایت لێ کردن. دانیشتنی دەمەو عەسرانی نێو حەدیقەو سەر تاتە سێبەریەکەی بە دەرکی مزگەوتی داروسەلامت بێ ناز هێشتەوە..

مامۆستا ئەوە تۆ بووی مەردانەو سەربەرزانە هەنگاو بە هەنگاو.. پێ بە پێی حوجرەکان .. بە نانە ڕەقەو سەرماو برسیەتی‌و غەریبیەوە.. گەیشتیە چلەپۆپەی کاروانەکەو.. مێزەری مەلایەتیت کردە سەرو وەك چرایەکی گەشاوەی ئەو مەملەکەتە نووری عیلم‌و عیرفانت ڕووناکی دایەوە..

هۆ مامۆستا دە ئارام بنوو ئارام.. هێشتا حەوشەکەی مزگەوتت شوێن پێیەکانتی لێ دیارەو بۆنی دانیشتنی ئێوارانی تۆی لێ دێ.. حوجرەو کتێبە لاپەڕە زەدەکانت.. وا بوونە یادگاریو دڵنیابە بە زیندووی لەبەر چاوی ئێمە دەمێننەوە..

دە ئارام بنوو ئارام مامۆستا.. دڵنیابە بە کۆچی تۆوە رۆحە پاکەکانی مەلا ئیبنو ئادەمو شێخی باڵەکو شێخ مەلا حەسەنو مەلا محمەدو مەلا وەیسی گرتکیو مەلا کاکەأحمەدو شێخانی باڵەکایەتیو تەسبیح بەدەستانی نێو کۆڕی زیکرو ئەوراد.. ئاشناو خۆشحاڵ دەبن.. لە پێشوازی تۆدا شادومانن.. تەنها لەبەر ئەوەی رۆحی پاکت ئاشنای نووری حەقیقەتو تەریقەتی نۆش کردووە..

دە ئارام بنوو هۆ خۆشەویستەکەی باڵەکایەتی.. دە ئارام بنوو هۆ شەرعزانە گەورەکەی باڵەکایەتی.. بە ئومێدی رەحمەتی خوا رۆحە شیرنەکەت بەهەشتیەو لەگەڵ کاروانی پیاوچاکان دەگەیتە ئامێزی میهرەبانیو لێبوردەیی خواییەوە..

## مەراسیمی رێزلێنان

وەك رێزگرتن لە کەسایەتی مامۆستاو خزمەتو لێهاتوویو زاناییو خواناسیو مامۆستا، رۆژی ٢٠١١/٧/٢٥ لە مزگەوتی گوندی داروسەلام مەراسیمێکی تایبەت بە مامۆستا سازکرا.

بە سەرپەرشتی لقی سۆرانی یەکێتی زانایانو لە ژێر چاودێریو بە ئامادەبوونی سەرۆکی یەکێتی زانایان بەڕێز مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید گرتکیو بەرپرسو کارگێڕو ئەندامانی لقی سۆرانی یەکێتی زانایانو ژمارەیەکی بەرچاو لە زانایانی دەڤەری سۆرانو رواندزو باڵەکایەتیو کەسایەتیو بەرپرسانی حزبیو حکومیو جەماوەرێکی زۆری دەڤەرەکە، ئەو مەراسیمە بەڕێوە چوو.

مەراسیمەکە بە چەند ئایەتێك دەستی پێکردو، دواتر پەخشانێك بەناوی ( سۆزێك بۆ مامۆستا) لەلایەن مامۆستا دلشاد گەلاڵی خوێندرایەوە، پاشان پرسەنامەی سەرۆکی هەرێم بەڕێز (مەسعود بارزانی) لە لایەن مامۆستا وەیسی سەعید بەڕێوەبەری ئەوقافی سۆران خوێندرایەوە. دواتریش ژیاننامەی مامۆستا لەلایەن مامۆستا فەرمان چۆمانی خوێندرایەوە.

دواتر مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا مەلا سەعید سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان وتەیەکی پێشکەش کردو تێیدا تیشکی خستە سەر رۆڵی مامۆستای رەحمەتی لە خزمەتکردنی لە بوارەکانی ئایینیو نەتەوەییو کۆمەڵایەتیو ئیسلاحەوە، کە دەورێکی باڵای بینیوە لە چارەسەر کردنی کێشەکانو پێگەیاندنی مامۆستای ئایینیو تەدریس کرد.

لە بەشێکی تری قسەکانی سەرۆکی یەکێتی زانایان گوتی: ئێمە زانایایەکی گەورەمان لەدەست داو کەلێنێکی گەورەش لەناومان دروست بوو، مامۆستا توانی تەنها بە زانستو تەقواو تەدریسو کەسایەتی بەرزی خۆی ئەو پێگە گەورەیە دروست بکات، کە وەك خۆشەویستێکی تێکڕای خەڵك سەیر دەکرا، هەروەها گوتی: ئێمە وەك یەکێتی زانایانو وەك زانایانی دەڤەری باڵەکایەتیش پێمان باشە کاك مەلا خاکی کوڕی مامۆستای ڕەحمەتی لە شوێنی ئەو دابنێینەوە، بۆ ئەوەی جێگەی باوکی بگرێتەوە.

لەلایەن خۆشیەوە مامۆستا مەلا خاکی وێڕای دەست خۆشیو سوپاسی بۆ تەواوی لایەنو دامو دەزگاو زاناو کەسایەتیو تەواوی ئەو خەڵکانەی بەشداری پرسەیان کردووە، سوپاسی سەرۆکی یەکێتی زانایانی کردو بەڵێنی دا بەوپەڕی دڵسۆزیەوە لە شوێنی باوکی خزمەت بکاو رێبازی ئەو بگرێتەوە.





# چمکێك لە ژیانی مودەڕیسێكی دێرینی بیارە:

# مامۆستا شێخ جەلال شێخ عەبدوڵڵا دەمەیەوی


عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد، ئەحمەدئاوایی


لەو ڕۆژەوەی ئیسلام پێ و قەدەمی موبارەكی بە كوردستان خستووە، كورد بە دڵێكی فراوان، و هەستێكی بەرزەوە پێشوازییان لێكردووەو، تا بە ئەمڕۆش لە ڕیزی پێشەوەی ئەو گەلانەدایە كە خزمەتكاری ئەم ئایینە بوون، كە خزمەتكاری كردنی ئەوپەڕی شەرەفە!

بەسە بۆ مەزنی كوردو زانایانی كورد كە لە مێژوودا حەوت موفتی مەدینە كورد بوون، بێگومانیشە موفتی ئەو كاتەی مەدینە، واتە موفتی تەواوی جیهانی ئیسلامیی، مامۆستا شێخ جەلال شێخ عەبدوڵڵا دەمەیەوی، یەكێكە لەو زانا مەزنانە، ولێرەدا دەچینە خزمەت ژیانی موبارەكی:

## لە دایكبوونی مامۆستا شێخ جەلال شێخ عەبدوڵڵا دەمەیەوی:

مامۆستا شێخ جەلال كوڕی شێخ عەبدوڵڵای دەمەیەوی لەگوندی (دەمەیەو)ی ناوچەی هەورامانی ئێران لەساڵی (١٣٤٤ھ-١٩١٩ز) لەباوك ودایكێكی خواناس هاتۆتە دنیاوە، كە هەردووكیان مورید ومەنسوبی شێخی چیاو الدین و شێخ نجم الدین وشێخ علاو الدین بوون.

## خوێندنی مامۆستا شێخ جەلال شێخ عەبدوڵڵا دەمەیەوی:

كەچاوی كراوەتەوە لەلای باوكی دەستی بەخوێندنی قورئانی پیرۆز كردووە، و دوای تەواو كردنی قورئانی پیرۆز دەستی كردووە بەخوێندنی كتێبە باوەكانی ئەو كاتە بەكوردی و فارسی، دواتر چووەتە حوجرەو لەناوچەكەدا چاكی لێهەڵماڵیوە بۆ خوێندنی زانستە ئیسلامیەكان، سەرەتا دەستی كردووەتە خوێندنی (تصریف الزنجانی) تا باسی (تنبیه) لەخزمەت مامۆستا مەلا عەلی صەفاخانە، لەگوندی (بارام ئاوا)و دواتر لەوەرزی پاییزدا كە (١٥) ڕۆژ لەمانگی (شوال)ی ساڵی (١٣٥٩)ی كۆچی تێپەڕی كردبوو، لەگەڵ مامۆستا (شێخ جەلیل)ی برا گەورەیدا ڕۆیشتووە بۆ گوندی (مەسۆ) لەناوچەی (پێنجوێن)و لەلای ئەو دەستی كردووە بەخوێندنی (عەواملەین)و تەواوكردنی (تصریف الزنجانی)و دواتر (انموذج)و (إظهار)و دوای تێپەڕبوونی (١٨) مانگ دەستی كردووە بەخوێندنی (تصریف ملا علی) هەر لەلای مامۆستا شیخ جەلیل و زۆر بەوردی و دڵسۆزانە پێی خوێندووە، و ئەوەی لەلای ئەو خوێندویەتی لەبەری كردووە، و دوای ئەوە ڕۆیشتووەتە گوندی (ئەڵمانە) بۆ خزمەت (حاجی سەیید بابەشێخی ئەڵمانە) و لەوێ دەستی كردووە بەتەواو كردنی (تصریف ملا علی) لەلای (مەلا حەمەدەمینی پایگەلان) كە موجازی حاجی سەیید بابە شێخ بووەو لەوێ خەریكی پێش نوێژیو تەدریس بووە، و دوای تەصریفی مەلا عەلی دەستی كردووە بەخوێندن ولەبەر كردنی (وضع وإستعارة) هەر لەلای ئەو لەو كاتەدا كەلە ئەڵمانە بوو لەساڵی (١٣٦١ھ) كارەساتی وەفاتی باوكی (شێخ عەبدوڵڵای دەمەیەوی) بەسەردا هاتووەو، زۆر كاریگەریی لەسەری هەبووەو، دوای ئەوە دەستی كردووەتە خوێندن ولەبەر كردنی كتێبی (مەلا جامی) تا نزیكەی باسی (المرفوعات)و دواتر لەگەڵ مامۆستادا چووە بۆ گوندی (پایگەلان) ئەمە لەساڵی (١٣٦٣ ھ) و هەربەردەوام بووە لەسەر خوێندنی (مەلا جامی) و دوای تەواو بوونی زستان و هەر لەو ساڵەدا چووەتە شاری (سنە) و لەلای (مەلا صدیقی كوڕی مامۆستا عبدالعقیم موجتەهیدی) لەمزگەوتی (والی) دامەزراوە، و لەمانگی ڕەمەزانی ئەو ساڵەدا چووەتە مەدرەسەی (مەلا محمدی گورجی) و ماوەی حەوت مانگ لە سنەدا ماوەتەوەو زۆرینەی ئەوەی لەبەری كردووە، بیری چۆتەوە!!!و لەپایزی ئەو ساڵەدا ئەوێی بەجێهێشتووە، چووە بۆ ئاوایی (وەیسە) بۆ خزمەتی مامۆستا مەلا ئەحمەد و دەستی بەخوێندنی (شرح سیوطی) كردووە و لەوكاتەدا گرانی داكەوتووە، ساڵی (١٣٦٤ھ) و دوای بەسەربردنی زستان وبەهار چووە بۆ (سەعد ئاباد- سەدئاوا) بۆلای مامۆستا مەلا سەعیدی سەدئاوا، لەخزمەتیدا درێژەی بەخوێندنی (شرح سیوطی) داوەو، (گەلەنبەوی شەرح منگق)ی لەوێ تەواو كردووەو لەساڵی (١٣٦٥ھ) چووەتە گوندی

(بناوەسوتە)ی ناوچەی پێنجوێن، دیسان بۆ خزمەت مامۆستا مەلا ئەحمەدی وەیسە، ودەستی بەخوێندنی (عبدالله یەزدی) کردووە، لەمەنطیق داو، لەپایزی ئەو ساڵەدا چووە بۆ گوندی (کانی سێف)و دوای حەوت ڕۆژ لەگەڵ (مامۆستا مەلا مەحمود)دا چوونەتە گوندی (سیاو ناو) و دوای خوێندنی (گلنبوی اداب)و (مقولات عشرة) بەماوەیەکی کەم، بەهۆی ئەوەی کەجێگای مانەوەی فەقێ و حوجرەی نەبووە، و زستان و بەفروباران دەستی پێکردووە، مامۆستا چووەتە شارۆچکەی (خورماڵ- گوڵ عومەر رضی الله عنە)ی هەورامانی عێراق و لەخزمەت مامۆستا (سەیید عارفی چۆڕی) لە وەچەکانی زانای گەورە (مەلا ئەبوبەکری موصەننیفی چۆڕی) لەساڵی (١٣٦٦ه) دامەزراوەو، لەوێ دەستی کردووە بەخوێندنی (گلنبوی برهان)و کە نزیکی تەواوکردن کەوتۆتەوە، گەرمای شارەزوور دەستی پێ کردووە، دەڕواتە گوندی (نزارە) لەناوچەی پێنجوێن، بۆ خزمەت مامۆستا (شێخ حسێنی مەریوان) کە ئەوکات لە (نزارە)دا دەبێت، و لەوێ لەساڵی (١٣٦٧ ه) (گلنبوی برهان)ی تەواو کردووە، ودەستی کردووە بەخوێندنی (شەرح عەقائیدی نەسەفی)و هەروەها (فرائض شرح المنهج)و هەندێ لە (علم الحساب)ی خوێندووە، و پاشان چووەتە گوندی (پریس)ی ناوچەی هەڵەبجە، بۆ خزمەتی (مامۆستا مەلا عەزیزی پریس) و لەوێ زۆر نەماوەتەوەو گەڕاوەتەوە بۆ خورماڵ بۆ خزمەتی (مامۆستا سەیید عارف) بەهۆی بێ خۆراکی ونەبوونیەوە لەو کاتەدا، لەوێش نەیتوانیوە بمێنێتەوە، بۆیە گەڕاوەتەوە بۆ ناوچەی مەریوان و دیسان ڕۆیشتووەتەوە خزمەت (حاجی سەیید بابە شێخ) لەگوندی (ئەڵمانە) لەساڵی (١٣٦٨ ه) و دەستی کردووەتەوە بە تەواوکردنی (شرح عقائد نسفی) لە باسی (تەکوین) تا کۆتاییەکەی و دەستی کردووە بەخوێندنی (مختصر) لەزانستی (بلاغە) دا و دوای تەواوکردنی دەستی کردووە بەخوێندنی کتێبی (جمع الجوامع) لەزانستی (أصول الفقه)دا دوای ئەوەی کە مانەوەی درێژەی کێشاوە لەگوندی (ئەڵمانە)و ساڵەکانی (١٣٦٨- ١٣٦٩-١٣٧٠ ه)ی تێپەڕاندووە، بریاریداوە کە یان ڕوو بکاتە گوندی (بالك) بۆ خزمەتی مامۆستا (مەلا باقر) یان بۆ (بیارە) بۆ خزمەتی مامۆستا (مەلا عبدالکریمی مدرّس)و دوای بیرکردنەوە نسیبی دەگاتە (بیارە) لەکاتێکدا کە هێشتا شێخی (علاءالدین) لەژیاندا دەبێت‌و، لەخزمەتی مامۆستا مەلا عبدالکریمی مدرس دا درێژە بەخوێندنی (جمع الجوامع) دەدات و دەستیش دەکات بەخوێندنی (تفسیر البیضاوی).

## مامۆستا شێخ جەلال شێخ عەبدوڵڵا دەمەیەوی، خوێندنی زانستی فیقهـ:

مامۆستا شێخ جەلال لەفیقهی ئیسلامیدا (فتح القریب)و (فتح المعین) باسی (عیبادات وموعامەلات) و (منهاج الطالبین) تا کۆتایی باسی (تەلاق)و نزیکەی نیوەی (شرح المنهج) و باسی نیکاح وتەلاق لە (تحفه المحتاج)و تەفسیری بەیچاوی (ساڵێك لە"ئەڵمانە"و، چوار مانگ لەبیارەدا) خوێندووە.

## تەدریسی مامۆستا شێخ جەلال شێخ عەبدوڵڵا دەمەیەوی، لە بیارەدا:

دوای تێپەڕبوونی چوار مانگو، گۆڕانی باروذۆخ مامۆستا عبدالکریمی مدرس بیارە جێ دەهێڵێت‌و، دەڕواتە سلێمانی‌و دواتر کەرکوك و دواتر بەغداد، لەم کاتەدا مامۆستا شیخ جلال‌و (دە) فەقێی تر بە بێ مامۆستا لەبیارەدا دەمێننەوەو شێخی (علاءالدین) فەرمانی پێدەکات کە دەرسیان پێ بڵێتەوەو، لەماوەی پێنج مانگدا ئەو فەرمانە جێ بەجێ دەکات‌و، پێشی دەفەرموێت: کەپێش دەرسەکە بیر لە (الرابطة المعنویة) لەگەڵ شێخ دا بکاتەوەو دواتر مۆتالای دەرسەکە بکات، و ئینجا بەفەقێکان بڵێتەوەو، مامۆستا دەفەرموێت: لەم حاڵەتە صۆفیانەیە زۆر سودم وەرگرت‌و کاریگەریی زۆر بەهێزی لەسەرم هەبوو و دواتر لەسەر بریاری شێخ (علاءالدین)و ڕاوێژ بەزیاتر لەسەد زانای پایەبەرزی هەردوو دیوی کوردستانی عێراق و ئێران بریار دەدرێت لەسەر دیاری کردنی مامۆستا (شێخ محمد بالیسانی) وەك مودەڕیس لەبیارەدا.

## مامۆستا شێخ جەلال شێخ عەبدوڵڵا دەمەیەوی، دوای بیارە:

پاشان بە فەرمانی حاجی بابە شێخوو لەخزمەتی مامۆستا بالیسانی دا بۆ جاری سێهەم سەفەر دەکاتەوە بۆ گوندی (ئەڵمانە)و ئەمجارەش لەوێ دەمێنێتەوەو، دەست دەکاتەوە بەخوێندن لەخزمەتیداو دوای تەواوکردنی بەرگی دووەمی (جمع الجوامع)و خوێندنی (تشریح الافلاك)و تەواوکردنی کتێبی (تهذیب الکلام).

## ئیجازەی عیلمیی، مامۆستا شێخ جەلال شێخ عەبدوڵڵا دەمەیەوی:

دوای بەسەر بردنی پێنج ساڵ خوێندن لەخزمەت حاجی بابە شێخدا، ئیجازەی مەلایەتی لەخزمەتی حاجی سەیید بابە شێخ دا لەڕۆژی (٥شەممە ٢٢ ذي القعدة ١٣٧١ه) وەردەگرێت، هەروەك لەهەمان کاتیشدا ئیجازەی لەخزمەتی (شێخ علاءالدین)و (شێخ محمد عیمان سراج الدین النقشبندی) کوڕیدا وەرگرتووە، و مامۆستا شێخ جەلال تێکڕا دوانزە ساڵ لەخزمەت زانایانی بەرزی هەورامان و کوردستاندا بووە، شایەنی باسە (بەندەی لانەوازی ئامادەکاری ئەم بابەتە)، ئیجازەی عیلمیم لەم زانا مەزنە وەرگرتووە، وڕشتەی ئیجازەکەم لە ڕێی ئەم زاتەوە دەگاتەوە سەر عەللامە حاجی سەیید بابە شێخ، ودواتر عەللامە مەلا عبدالقادری مودەڕیسی بیارە، ودواتر عەللامەی نۆدشی، ودواتر عەللامەی خەتێ، وتا دێ! رحمهم الله واسکنهم فسیح جناته.

## مامۆستا شێخ جەلال شێخ عەبدوڵڵا دەمەیەوی، دوای ئیجازە وەرگرتنی:

دواتر زیاتر لە (٥٤) ساڵ لەخزمەتی ئایین و زانستدا بووە، و زیاتری کاتی لەگوندی (نژمار)ی ناوچەی مەریوان بەسەر بردووە، لەتێکڕای تەمەنی خزمەتی دا (لەو پەنجاوچوار ساڵە، تەنها دوو ساڵی بێ فەقێ بووە)و بەردەوام حوجرەکەی جمەی هاتووە، لە تامەزرۆیانی زانستە شەرعیەکان، و لەو ماوەیەشدا سەرجەم کتێبەکانی حوجرەی وتۆتەوە، جگە لە (تهذیب الکلام) کە ئەویش قەدەرەن فەقێ ڕێك نەکەوتووە، ئەو کتێبە بخوێنێ‌و دەبێت بۆ مێژوویش بنووسرێت کەخەڵکی ئاوایی (نژمار) ڕێزێکی بێ سنووریان لەمامۆستا و فەقێکانی بە بەردەوامی گرتووە،و دوای گەیشتنی تەمەنی بە نزیکەی (٩٠) ساڵ، و زۆر بێ توانا بوونی، ناچار گوندی (نژمار) بەجێ دەهێڵێت و دەچێتە شارۆچکەی (کانی دینار) هەر لەناوچەی (مەریوان)و سوپاس بۆ خوا تا ئێستا (٢٠١١/٧/١٠) لەژیان دا ماوە... خوای پەروەردگار سێبەری بەرزو پیرۆزی بەرقەرار بکات.

## بەرهەمەکانی مامۆستا شێخ جەلال شێخ عەبدوڵڵا دەمەیەوی:

١. حەج نامەی کوردی، (کە لەساڵی ٢٠١٠ بەندە، هەستام بە چاپکردنی).

٢. گـولزاری هــەمووان، کــە کـۆکراوەی ژیاننامەی پێغەمبەران و پیاو چاکان وقسەی زانایان و شیعرو جۆرەها باسی هەمە ڕەنگە، (بەندە سەرقاڵی ئامادەکردن و ڕێکخستنیم بۆ چاپ).

٣. دیوانی جەلال، کە لە کۆمـەڵێك شـیعر پێکهـاتووە،و (بەنـدە ڕێکمخـستووە،و ئێـستا لەژێر چاپدایە).

## مامۆستا شێخ جـەلال شـێخ عەبـدوڵڵا دەمەیەوی، و شیعر:

مامۆستا شێخ جەلال لە شـیعردا دەسـتی هەبووەو لـەزۆر بابەتـدا شـیعری نووسـیوە، و مامۆستا بە نازناوی (جەلال)، شیعری وتووە.

بۆ نموونە لە وەسـفی مامۆسـتای ئـایینی (مەلا)دا، فەرموویەتی:

(مەلا نوورە، لە بۆ ئـەهلی وولاّتم)

**مەلا نوورە، لە بۆ ئـەهلی وولاّتم**
**چرایە شۆڵەیە بـۆ سەر بیستانم**
**بەوانــــە پابتە دینی وولاّتم**
**ئومێدی ئایینن تاکــو مەماتم**
**جەلال بۆ بەرهەمی بەرگی مەماتم**
**بە قوربانی عیلمی مەلا، مایەی حەیاتم**

وە لە وەسفی شافعیی دووەم، مامۆستای نامی، عەللامە مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسدا فەرموویەتی:

**مامۆستای نامی، عەللامەی زەمان**
**دەست نەنالێ، تا ئاخر زەمان**
**مامۆستای بەڕێز، زانای کوردەوار**
**دانەری تەفسیر، کەلامی نازار**
**تەفسیری نامی، دەلیلی دینە**
**کلیلی دەرگای، پیرۆزی ژینە**
**عەللامەی زەمان، ڕەهبەری سەروەر**
**ئیحیاکەرەوەی شەرعی پێغەمبەر S**
**عومری درێژکە، ئەی خوای ئەکبەر**
**بۆ تەرویجی دین، شەرعی پێغەمبەر S**
**شافیعیی دووەم، لە کوردستانا**
**هەر وەصفی تۆیە، لە ڕووی جیهانا**
**مامۆسای نامی، صاحێب غوڕڕ، وتاج**
**تەفسیری نامی، خوا دای ڕەواج**
**من بۆچی باشم، بێ کەڵك، و جورە**
**مامۆسا باشە، دڵی پڕ نوورە**
**ئوستادی نامی، بۆ تۆ سەد سەلام**
**هەم عەفوی خودا، خاتیمەی کەلام**
**نووری چاوەکەم، نووری ئیسلامە**
**لە دنیا و دینا، ئەمە مەرامە**
**من بە قوربانی قەڵەم، و زووانی**
**حیکمەت، و وەرع، و نوکتە، و بەیانی**
**گوڵزار بە نەشئە، وەکو بەهارە**
**شیعر، و نەسری ئەو، وەکو گوڵزارە**
**نامەکەی هۆشیار، لە لای جەلالە**
**لە ناو تەصنیفات، وەکو هیلالە**
**دەسنووس مودەڕیس، شافیعیی زەمان**
**ئوستادی نامیی، کورد، و کوردستان**
**بەهاری نامی، چونکە گوڵزارە**
**بۆنی بەهەشتی، تێدا دیارە**
**هەموو حیکمەت، و ئایە، و حەدیسە**
**تەربیە، و تەکلیف، بۆ جینن، و ئینسە**
**ڕێنومای خەیرە، بۆ گەلی کوردان**
**بۆ زانین مەعنای ئایاتی قورئان**
**نامەی ئایینە، بۆ عیلم، و عیرفان**
**بە نەشری ئەحکام، ئایاتی قورئان**
**تەفسیری نامی، مەعنای تەواوە**
**بۆ گەلی ئیسلام، نەفعی دراوە**
**بە دەستی ( جەلال ) ئەمە نووسراوە**
**نەفعی بۆ عوموم، تەرتیب کراوە**

– ئەو مامۆستا پایەبەرزانەی کە مامۆستا شـێخ جـەلال شـێخ عەبـدوڵڵا دەمەیـەوی، لـە ماوەی تەمەنیدا، لەخزمەتیاندا خوێندوویەتی، یــان لــە خزمەتیــدا خوێندوویانــە، یــان بەیەکگەیــشتوون ومولاقــات لــە نێوانیانــدا هەبووە:

١– مامۆسـتا مەلاعبـدالکریمی مـدرس، لەخزمەتیا خوێندوویەتی.
٢– حاجی سەیید بابە شـێخی ئەڵمانـە – کاژاوی، ئیجازەی داوە.
٣– مامۆستا مەلا باقری بالك.
٤– مەلا مەحموودی دەرەتفێ.
٥– سەیید شەریفی کانی سانان.
٦– مامۆستا مەلا عارفی ولەژێر.
٧– مەلا مەحموودی سیاوناو.
٨– مەلا سەعیدی سەڵاوا.
٩– مەلا حەمەمینی ئەسپەرێز.
١٠– مەلا عارفی بانەی پێنجوێن.
١١– مەلا ئیسماعیلی پێنجوێن.
١٢– شێخ حسێنی گڵە – نزارە.
١٣– مەلا حەمەمینی پێنجوێن.
١٤– مەلا محەممەدی شێخەڵمارێن.
١٥– مامۆستا مەلا عەزیزی پریس.
١٦– مەلا صاڵحی هەڵەبجە.
١٧– مەلا بەهای بیارە.
١٨– مەلا صاحێبی تەوێڵە.
١٩– مەلا محەممەدی مەلا بەهاو.
٢٠– شێخ عومەری بالیسان.
٢١– شێخ محەممەدی بالیسان.
٢٢– مەلا مەحموودی بێخود – شاعیر.
٢٣– مەلا حەسەنی عەبابەیلێ.
٢٤– مامۆستا سەیید عەلی کاژاوی.
٢٥– مەلا مەجیدی سەڵوآوا.
٢٦– مەلا قادری دەگاگا.
٢٧– مەلا ئەسعەدی بۆرپەری.
٢٨– مەلا حەمەمینی پایگەلان.
٢٩– مەلا ئەحمەدی ژان.
٣٠– مـەلا حەمـەمینی کـەنعان– دەرەی مەڕ.
٣١– مەلا حەسەنی دزڵی.
٣٢– مەلا عبدالعظیم موجتەهیدی (سنە).
٣٣– مەلا مەجیدی سنە.
٣٤– مەلا محەممەدی گورجی، سنە.
٣٥–شێخ بورهان حەمدی ، سنە.
٣٦– مەلا عبداللە گورجی، سنە.
٣٧– مەلا مەحموودی موفتی ، سنە.
٣٨– سـەیید محەممـەد شـێخ الاسـلام، سنە.
٣٩– آیت اللە مەردۆخ.
٤٠– مەلا صدیق موجتەهیدی.
٤١– مەلا حیسام ، سنە.
٤٢– مەلا حەمەمین کانی سانان.
٤٣– مەلا عبداللە ، سەقز.
٤٤– قاضی محەممەد ، شنۆ
٤٥– سەیید عابدین ، چۆڕ.
٤٦– سەید عەتا ، چۆڕ.
٤٧– مەلا قادر صۆفی.
٤٨– سەیید بهاء شمس الاشراف، سنە.
٤٩– شێخ حسێن کاژاوی.
٥٠– مەلا مەحموودی عەنەب.
٥١– مەلا فەتاحی جوانڕۆ.
٥٢– مەلا مەجید جوانڕۆ.
٥٣– مامۆســـــتا مــــەلا عوسمـــــانی هەڵەبجە.(موفەسیر).
٥٤– مەلا حسێنی گورجی.
٥٥– مامۆسـتا شـێخ محەممـەدی بـارام ئاوا، <u>برای</u>
٥٦– مامۆسـتا شـێخ جـەلیلی دەمەیـەو. <u>برای</u>
٥٧– مەلا حەکیم.
٥٨– مەلا کەریمی سوورەبان.
٥٩– مەلا بەهای ئارەنان.
٦٠– مەلا خەلیل.
٦١– قاچی توتوندەر.
٦٢– مەلا عەلی ڕەشە دێ.
٦٣– مەلا قادری ئاوبارە.
٦٤– مەلا عبدالرحمن ، سەقز.
٦٥– مەلا جەلال ، بانە.
٦٦– مەلا محەممەد ، بانە.
٦٧– مەلا قادری ، دەل.
٦٨– مامۆستا شێخ زاهید، <u>برازای</u>
٦٩– کاکە شێخ فاروقی، <u>برازای</u>
٧٠– مامۆسـتا مـەلا شـێخ ئەحمـەدی ، ئەحمەد ئاوا، <u>برازای</u>
٧١– مەلا ڕەحیمی شارانی.

# ژیاننامەی زاناو بانگخواز
# مەرحومی (مامۆستا مەلا ئەحمەدی شیوەرەزی)

ناوی تەواوی (أحمد عبدالله إبراهیم) ناسراو بە (مەلا أحمدی شیوەرەزی)، لەبەرواری (١٩٥٦/٧/١ز) لەبنەماڵەیەکی ئایین پەروەر لەگوندی (شیوەرەز) لەدایك بووە.

هەر لەسەرەتاکانی تەمەنی منداڵییەوە خولیای خوێندنی دەرسی ئایینیو حوجرەو مەلایەتی لەناخیدا دروست بووە، بۆ هێنانە دی ئەو ئارەزووەشی هەنگاوی جددی ناوەو، بنەماڵەکەیو دایكو باوکی پشتیوانییەکی گەورەی مامۆستا بوون، بۆ ئەم مەبەستەش توانیویانە ئامادەی بکەنو بیخەنە بەر خوێندن، سەرەتای دەستپێکردن بەخوێندن لەساڵی (١٩٦٩ز) بووەو ناردویانە بۆ لای خزمەتی (م.ملا أحمدی مامەش)و لەلای جەنابیان دەستی کردووە بەخوێندنی قورئانی پیرۆزو تەواوکردنی، دواتر لەساڵی (١٩٧٠ز) چووە بۆ مزگەوتی سەیدان لەشاری (قەڵادزێ) لەوێ لەخزمەتی جەنابی (مامۆستا ملاعلی ئاوەژە) دەستی کردووە بەخوێندن، پاشان دوای ماوەیەك دەچێت بۆ (ژاراوە)و لەوێ لەخزمەت (م.ملا عبدالکریم ڕەژی کەری) دەخوێنێت، پاشان دەگەڕێتەوە خزمەت جەنابی (م.مەلا علی ئاوەژە)و تاکو ساڵی (١٩٧٣ز) لەلای بەڕێزیان درێژە بەخوێندن دەدات، لەدوای ساڵی (١٩٧٣ز) دەچێتەوە زێدی خۆی کە گوندی (شیوەرەزە)، لەوێ لەخزمەتی (م.ملا رسولی شێخ ئاودەلان) درێژە بەخوێندن دەدات تاکو ساڵی (١٩٧٨ز)، لەو ساڵەدا کە گوندی (شیوەرەز) راگوێزرا بۆ (ژاراوە)، مامۆستای کۆچکردوو دەچێت بۆ خزمەتی (م.مەلا أحمدی قازی)و، م.ملا شیخ کمال) لەرانیە درێژە بەخوێندن دەدات کۆچکردوو شارەزایەکی تەواوی پەیداکردبوو لەزانستە شەرعیەکاندا بەتایبەت (علم الفرائض)و (تفسیر القران)و (علم الحدیث)دا پیشەنگ بووە. لەبەرواری ١٩٨١/٢/٢٤ز لەلای جەنابی (م.مەلا أحمدی قازی) إجازەی عیلمی پێ بەخشراوە. لەساڵی ١٩٨٣ز ژیانی هاوسەری پێك هێناوە.

لەساڵی (٢٠٠٨ز) تاقیکردنەوەی (تعدیل شهادة)ی شەشەمی ئامادەیی ئیسلامی کردووەو بروانامەی لەو بوارەدا وەرگرتووە، هەروەها ساڵی (٢٠٠٩ز) لەئامادەیی عبداللەی کوڕی عمر تخرج دەکاتو بروانامەی شەشەمی ئامادەیی بەپلەی (زۆر باشە) بەدەست هێناوە.

لەڕۆژی (٢٠١١/٨/١١ز) بووە بە (کارگێڕی لقی پشدەری یەکێتی زانایانی ئایینی)و ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لەبوارەکەیدا. مامۆستای کۆچکردوو لەژیانیدا کۆمەڵێك صیفەتو ئاکاری بەرزی تێدا بەرجەستە بووە کە بێگومان ئەو ئاکارو ڕەوشتانەی پێغەمبەری خوا(درودی خوای لێبێت)و یاوەرەکانی هەیان بووە مامۆستای بەڕێز بەو ڕەوشتانە خۆی دەنواند. مامۆستا کەسێکی بەهەیبەتو سنگ فراوان بووە زۆر نەرمونیان بوو مامەڵەی لەگەڵ هەموو ئاستە جیاوازەکانی خەڵکیدا بەشێوەیەکی پڕ ڕێزو تەقدیربووە.

لەژیانیدا بەردەوام لە هەر کۆڕو کۆبونەوەیەکدا ئامۆژگاریو موعظهی پێشکەش کردووەو وەکو بانگخوازێکی چاکسازو چاکەخواز ڕۆڵی خۆی بینیوە. وەلەبواری ئاشتەواییو چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی دەڤەرەکە ڕۆڵی کاریگەری هەبووە، ساتەکانی ژیانی ڕۆژانەی بەدەرس وتنەوەو بانگخوازیو پێشنوێژیو ئامۆژگاری کردنی موسڵمانانو سەردانی کردنی نەخۆشو یارمەتیدانی خەڵکی بەسەربردووە زۆربەی کاتەکانی تری بەخوێندنەوەی کتێبە ئایینیو سیاسییەکان بەسەر بردووە وە ئەدەبو شەرمو شکۆی لەئاکاریدا بەرجەستە بووە بەرامبەر بەزانایانی ئایینی، ئەوانەی کە لەژیاندا ماونو ئەوانەیشی کە نەماون.

ئەوەی مامۆستای کۆچکردوو زۆر تەئکیدی لەسەر دەکردەوە یەك ڕیزی موسڵمانانو سەربەرزی موسڵمانان بوو بەهەموو بۆچوونە جیاوازەکانییان وە هەمیشە ئامۆژگاری بۆ ئەهلی علم ئەوەبووە کە سەربەخۆ فەتوا نەدەن ئەگەر ئەو قابیلیەتەیان نەبێتو مەرجەکانی موفتییان تێدانەبێت. وەئامۆژگاری خەڵکی دەکرد کە جیاوازییەکان لەمەزاهیبی ئیسلامی رەحمەتە بۆ موسڵمانان. وەگەورەترین سیفەتی مامۆستای بەڕێز بوێریو هەڵوێست نواندن بوو لەسەر مەسائیلە ناشەرعییەکانو حەرامەکان.



بێگومان ئەمە لایەنێکی کەمە لەژیاننامەو سەرگوزەشتەی مەرحومی مامۆستا (مەلا أحمد) ئەگەرنا مامۆستای کۆچکردوو سەروەری زۆری تۆمارکردووە بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلامو موسڵمانان، وە ئەوەی جێگای شانازییە بۆ مامۆستای رەحمەتی ئەوە بووە کە جێگەی خۆشەویستیو ڕێزو تقدیری خەڵکی بووە.

مامۆستای بەڕێز لەبەرواری (٢٠١١/٧/٣١) تووشی ڕووداوێکی هاتوچۆ بوو دوای ململانێکی سەخت لەگەڵ ئازارەکانیدا لەبەرواری (٢٠١١/٨/١٩) خوای پەروەردگار لەڕۆژی هەینیو بەزمانی بەڕۆژوو لەکاتی نوێژکردندا بەلوتفو کەرەمی خۆی بۆ لای خۆی گەڕاندەوە، لەدوای خۆی کوڕێکی گەورەی بەناوی (ئارام) بۆ خزمەتی ئایینی پیرۆزی ئیسلامو موسڵمانان جێهێشتووە. داواکارین لەخوای گەورە پلەو پایەی مامۆستای رەحمەتی لەبەهەشتدا بەرزبکاتەوەو بە فیردەوسی (أعلی)ی شاد بکات.

## سوپاس نامە

بەناوی خانەوادەی کۆچکردوو (مامۆستا ملا أحمدی شیوەرەزی) سوپاسو پێزانینی خۆمان ئاڕاستەی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستانو سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی جەنابی (مامۆستا مەلا عبدالله مەلا سعید گرتکی) دەکەین کە بەڕێزیان هەر لەسەرەتا ڕوودانی کارەساتی هاتوچۆ بەسەر مەرحومی (مامۆستا ملا أحمد)دا هاوکارو ئاگاداری مامۆستا بووە لەنزیکەوە ئاگای لەتەندروستی کۆچکردوو بوو، هەروەها سوپاسی خۆمان ئاڕاستەی لقی پشدەری یەکێتی زانایانی ئایینی دەکەین کە هەر لەسەرەتای مەراسیمی بەخاك سپاردنی مرحومی مامۆستاو پرسەکەی ئامادە بوون. وە زۆر سوپاسی خەڵکی بەئەمەكو وەفاداری دەڤەری (پشدەرو بیتوێن) دەکەین بۆ دەربڕینی هاوخەمیو پەرۆشیان بۆ مامۆستا (مەلا أحمد) داواکارین لەخوای گەورە بەباشترین شێوە پاداشتی بەخێری گشت لایەك بداتەوە.

**ئارام مەلا أحمد شیوەرەزی**

**لەجیاتی بنەماڵەی کۆچکردوو**

# بەدوای ژیاندا دەگەڕێم

**ڕەقیب ڕسول**



مرۆڤ کاتێك شتێکی پڕ بایەخو گرانبەهای لێ ون دەبێت، پێویستە بەدوایدا بگەڕێتو بیدۆزێتەوە، کەسێك شتێکی بەنرخی لێ بزربوو بەدوایدا دەگەڕێت بێگومان گەر ئەو شتە لای خۆی سەنگو بەهای هەبێ گەرنا ئەستەمە بۆ شتێکی بێ ئەرزش بەدوایدا بگەڕێ.

لەو ڕۆژەوەی مرۆڤ لە دایکی خۆی جیابۆتەوە شتێکی زۆر گرانو پڕ بایەخی بزرکردووە، کە ژیانی خۆیەتی بۆ دۆزینەوەی ژیانی ونکردووی خۆی پێویستە لەسەرەتای هەستکردن بە بوونی خۆی بەدوایدا بگەڕێتو تا زووە بیدۆزێتەوە نەوەك ڕێبوارێك، کەسێك، گورگێك، شێرێك، سەگێك... هتد. بۆ خۆی هەڵی بگرێتەوەو بەکاری بێنێت.

با وایدابنێین کەسێك ئاڵتونێکی زۆری لێ بزر ببوو لەناکاو پیاوێك هاتو دەستی گرتو بردی بۆلای ئەو ئاڵتونانەی ونی کردبوون بەبێ کەمکردنی هیچێك لە ئاڵتونەکانی هەمووی تەسلیمی خاوەنەکەی کردەوەو داوای سوپاسو پاداشتو ماندوبوونیشی لێ نەکرد لەبەرامبەر چاکەکەشی داوای شتی ماددی لێ نەکرد.

ئایە ئەو پیاوە دەست پاکە خۆشەویست دەبێت لای خاوەن ئاڵتونەکە؟! بێگومان بە کەسێکی خۆشەویست دێتە بەرچاوی، ئێمەی مرۆڤایەتیش سەرنج بدەین شتێکی زۆر بەنرخو سەنگینترمان لە ئاڵتوون بزر کردوبوو هەرچەند بەدوایدا بگەڕابواین نەمان ئەتوانی بیدۆزینەوە.

بەلاَم لەناکاو پێغەمبەر محمد(د.خ) دێتو دەستمان دەگرێتو دەڵێت من ژیانی ئێوە پێدەزانم، ئەی پێغەمبەر ژیانی ئێمە لەکوێیە؟ سەروەرمان دەستمان دەگرێتو بەرەو لای قورئانمان دەبات، کە ژیانی تەواوی مرۆڤایەتی لەخۆ گرتووە.

دایك مرۆڤ بەرهەم دێنێتو قورئانیش ژیانی مرۆڤ دەخولقێنێت، مەکینەی دروستبوونی مرۆڤایەتی دایکەو مەکینەی دروستکردنو ڕێکخستنی ژیان قورئانە، لە قورئاندا نەخشەی تەواوی وردەکاریەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، کە خواستی ڕۆژگارو هەلومەرجی هاوتەریب بوون لەگەڵ فکرو عەقڵو هەناوی تەواوی مرۆڤایەتیدا بێتەوە، قورئان هەوێنی دروستکردنی چۆنیەتی بوون بە مرۆڤایەتیە قالبی دروستکردنی ئەو مرۆڤایەتییەیە، کە بتوانن شان بدەنە ژێر ئەو ژیانەی کە بەئاڵۆزی لەنێو منداڵدانی دایکیاندا لەگەڵ خۆیاندا هێناوە.

خۆ گونجاندن لەگەڵ ئەو ژیانە سەرگەردانو شێتە پەروەردەکردنو چاککردنەوەو گەڕانەوەی بۆ دۆخی ئاسایی خۆی تەنها بە سەیدەلیەی قورئان دەکرێ، هەر قورئانە دەتوانێ ئەو دەروونە نەخۆشو دەردەدارە لەو شێرە بریندارەو لەنێو ئەو ژیانە هارو پڕ نەهامەتیە بە شێوازێکی مۆدێرنانەو بە ئەسپایی تیمار بکاتو بیکات بە مرۆڤو لەو جەنجاڵیەی ڕزگار بکات، کە دەیەوێت هەر ڕۆژەو دەست بخاتە قورگی کەسێكو لەنێوی ببات.

ڕیگە گرتن لەو ژیانە هارە نەزیندانە نەیاسایە، نەماڵو سەروەتو سامانە، نە کۆشكو تەلارە، نە پلەو پایەو مەنسەبو حوکمو دەسەلاَتە، ئەمانە هیچیان نین، بەڵکو زنجیر کردنو بەستنەوەی بەڕێگەی ئەو پەتە ئەستورەیە، کە خوا بۆ مرۆڤی داناوە کە بریتیە لە دەستوری ژیانی.

# پرسیارێکی سەیر لە پێشەوا ئەبو حەنیفە

**مەلا عەلی یارمجەیی**

دەڵێن: جارێك پیاوێك هاتە لای پێشەوا (ئەبوحەنیفە) گوتی: قوربان چەند پرسیارێکم هەیە وەلاَمم دەدەیتەوە؟

پێشەوا فەرموی: بلێ بزانم چی دەڵێی؟

پیاوەکە گوتی:

(١) من بە تەمایی بەهەشتم، لەئاگری دۆزەخیش ناترسم؟

(٢) لام وایە مردارو خوێن حلاڵن هەردووکیشیان دەخۆم؟

(٣) بڕوا بەجولەکەو گاور دەکەم، کە ئەوان لە وتەکانیان ڕاست دەکەن؟

(٤) شتێك ڕەوایەو زۆریش ڕقم لێیەتی؟

(٥) لەبەر ڕەحمەتی خودا هەڵدێم؟

(٦) عەرەقیش دەخۆمەوە؟

(٧) شاهێدی لەسەر شتێك دەدەم نەشم بینیوە؟

(٨) فیتنەو ئاشوبو ئاژاوەم پێ خۆشە ڕقم لێینیە؟

(٩) بێ دەست نوێژ، نوێژ دەکەم؟

(١٠) لە جەنابەتیش خۆم ناشۆمو نوێژ دەکەم؟

لەو کاتە زانایەك لەوێ دانیشتبوو، پێشەوا حەنەفی روو لەزاناکە دەکاو دەڵێ: تۆ چی دەڵێی بەرامبەر ئەو پیاوە، زاناکە دەڵێ: قوربان ئەو پیاوە کافرەو بێ بڕوایە، پێشەوا پێدەکەنی دەڵێ: نەخێر کافر نییە.

دەڵێ: مەبەست لەپرسیارەکانی، وەلاَمەکان بەم شێوەی خوارەویە.

یەکەم: مەبەستی ئومێدی بە(خوا)یە بۆیە دوای بەهەشت دەکات، هەر لە خوداش دەترسێ بۆیە لە ئاگر ناترسێ.

دووەم: مردارەوەبوو مەبەستی خواردنی ماسیە، خواردنی خوێنیش مەبەستی جەرگو سیپەلکە.

سێیەم: مەبەستی ئەو ئایەتەیە (وَقَالَتِ الْيَهُودُ لَيْسَتِ النَّصَارَى عَلَى شَيْءٍ وَقَالَتِ النَّصَارَى لَيْسَتِ الْيَهُودُ عَلَى شَيْءٍ وَهُمْ يَتْلُونَ الْكِتَابَ).

چوارەم: مەبەستی پێمردنە، چونکە مردن کەس خۆشی ناوێو رقیان لێدەبێتەوە.

پێنجەم: مەبەستی پێی باران بارینە، چونکە باران رەحمەتی (خودا)یەو خەڵکیش لەبەری رادەکەن.

شەشەم: مەبەستی پێ کاتی ناچاریە کەوا ئاو دەست ناکەوێ، تێنوێتی زۆری بۆ بێنێ.

حەفتەم: مەبەستی لەم شاهێدیە خواو پێغەمبەری خواو مەلائیکەتن.

هەشتەم: مەبەستی ئەم ئایەتەیە (أَنَّمَا أَمْوَالُكُمْ وَأَوْلَادُكُمْ فِتْنَةٌ).

نۆیەم: مەبەستی لەوشەی (أُصلي بغير وضوءٍ) صەلاوەت دانە لەسەر پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ).

دەیەم: مەبەستی کاتی دەست نەکەوتنی ئاوە.

# دووبارە کردنەوەی
# ( عومرە )

عمر أحمد نظامي*



چەند سالێکە لەگەڵ زۆربوونی کاروانی عەمرەی پیرۆزدا، جەدەلێك سەری هەڵداوە: ئایا دوبارەو چەند بارە کردنەوەی عەمرە لەیەك سەفەری حەج، یان عەمرەدا کارێکی دروستە، یان بیدعەیە؟.

بۆیە منیش دەمەوێ -پشت بەخوا- هەندێ بەوردی بچمە ناو ئەو باسەو، ڕای مەزهەبەکان بخەمەڕوو، هەتا هەموومان بەرچاوڕوونبین،و دوای بەڵگە بکەوین، شتی بچووك گەورە نەکەین، هەتا لەو کاروانە پیرۆزەدا خۆشەویستی بپارێزین،و خۆمان بەچەندو چوون،و دەمقاڵێوە خەریك نەکەین.

عەمرە لای حەنەفییەکان سوونەتەو، بەدرێژایی ساڵ دروستە، چەندبارە کردنەوەیشی هەردرووستەو بیدعە نیە، بەلاّم ڕۆژی عارفەو، ڕۆژانی جەژن کەراهەتی هەیە بۆکەسێك مەشغوولی حەج بێت(١).

عەمرە لای مالکییەکان سوننە تێکی زۆر گەورەیە، کەراهەتیشی هەیە دوبارە کردنەوەی لەساڵێکدا(٢).

عەمرە لای شافعییەکان یەکجار واجبە، بەدرێژای ساڵیش دروستە، مەگەر ئەو ڕۆژانەی حاجی مەشغووڵە بەحەجەوە، چەندبارە کردنەوەیشی هەر خێرە.

عەمرە لای حەنبەلییەکان واجبە یەکجار، چەندبارە کردنەوەیشی لەیەکسالّدا کەراهەتی نیە، بەلاّم باش نیە یەك لەسەریەك بێت بەلای شیخ موفق الدین،و هەندیکی ترەوە.

هەندێکیشیان لایان وایە چۆن دووبارەیکاتەوە هەر خێرە(٣).

ئێمە لەم کورتە باسەدا خۆمان بەوەوە خەریك ناکەین عەمرە واجبە، یان سوننەتێکی گەورەیە، چونکە ئەوە جەدەلی زۆر دروست نەکردووەو، هەردوو لایش کردنی عەمرە لایان خێرێکی گەورەیە.

لەم پێشەکیەیش کە رابوورد بۆت دەرکەوت زانایان جیاوازیان هەیە لەدووبارەکردنەوەی عەمرەدا، ڕای زۆرینەیان (جمهور) لەسەر ئەوەیەخێرەو درووستە، جا فەرموون، ئێوەو بەڵگەی هەردوو لایان:

## بەڵگەکانی ڕای زۆرینە

١- هەموو ساڵەکە میقاتە بۆ عەمرە، ئەمە مانای وایە هەرکات عەمرە بکات دروستە، گەر وانەبێتو، هەر یەکجار لەساڵەکەدا دروست بێت، ئیتر جیاوازی چییە لەنێوان حەج،و عەمرەدا؟. ئەگەر ئەشڵێن: جیاوازی ئەوەیە عەمرە لەهەموو ساڵەکەدا دروستە، ئەوە نابێتە وەلاّم، چونکە لەهەرکاتێکداکردت ئیتر تاساڵی داهاتوو ناکرێت، مانای وایە وەك حەجی لێ هات؟ .

٢- فەرموودەی پێغەمەر(درودی خوای لەسەر بێت): (العُمرة إلى العُمرة كفارة لما بينهما والحج المبرور ليس له جزاء إلا الجنة)(٤)، واتە: عەمرە بۆ عەمرە کەفارەتی گوناهی نێوەندیانە، حەجی دروستیش پاداشتی نیە جگە لەبەهەشت).

٣- فەرموودەی پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت): (تابعوا بين الحج والعمرة فإنهما ينفيان الفقر والذنوب كما ينفي الكير خبث الحديد والذهب والفضة، وليس للحجة المبرورة ثواب إلا الجنة) قال أبو عيسى حديپ حسن صحيح غريب)(٥)، واتە: پەیتا پەیتا حەج وعەمرە بەدوای یەکدا بکەن، چونکە ئەو دوانە هەژاری،و تاوان لادەبەن، وەك چۆن کورەی ئاگر چڵك،و پڵکی ئاسن وئاڵتون،و زیو لادەبات.

## بەڵگەکانی ڕای کەمینە

١- ڕوونترین بەڵگەی ئەمان ئەوەیە پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) چوار عەمرەی کردووە، لەهیچ کامیاندا عەمرەکەی دووبارەو سێبارە نەکردۆتەوە، ئەگەر سوننەت بوایە دووبارەی دەکردەوە، کەوابوو دووبارەکردنەوەی کارێکی بیدعەو مەکرووهە(٦).

٢- دەشڵێن عەمرە زۆر کردن دەبێ بەهۆی قەرەباڵغی درووست کردن،و ڕێگرتن لەوانەی تازە دێنە ناو مەککەی پیرۆز، بۆیە تەوافکردنی تەنها خێرترە لەعەمرەی زیادە(٧).

## لێکوڵینەوەی بەڵگەکانی ڕای کەمینە

بەڵگەی یەکەم:

بەر لەوەی خۆم هیچ بڵێم، ڕاوبۆچوونی کۆمەڵێ لەزانا ناودارەکانی ئیسلام دێنم، هەتا خوێنەرو عەمرەکاری بەڕێز خۆیشی بەشداربێت،و زەمینەیەکی بۆ سازببێت بۆهاوبەشی کردن،و، حوکمێکی دادوەرانەو دوور لە دەمارگیری،و چاولێکەری ئەم،و ئەو.

١- ئیمامی شافیعی دەفەرموێت: "عەمرە لەهەموو ساڵدایە، خراپ نیە گەر کەسێك لەساڵێکدا چەندین جار عەمرە بکات، ئەمەیش قسەی زۆربەی زانایانی مەککەیە.

گەر کەسێ بڵێ: بەڵگەت چییە لەسەر ئەم قسەیە؟

دەڵێم: عائشە -رضي الله عنها- هاتە مەککە، دیاری (هدی) پێ نەبوو ئیحرامی بەعەمرە بەست، کەوتە عوزری شەرعی نەیتوانی تەواف بکات، پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) پێی فەرموو: ئیحرام ببەستە بەحەج،و عەمرە (قران)، کاتێ حەج وعەمرەی تەواو کرد، حەزی کرد عەمرەیەکی تەنهایش بکات، پێغەمبەر ناردی بۆ تەنعیم، دیسانەوە ئیحرامی بەستەوە بەعەمرە هەر لەو مانگەدا، ئیتر دوای ئەم فەرمانی پێغەمبەرە (درودی خوای لەسەر بێت) بە دوو عەمرە لەمانگێکدا، چ کەسێك دەتوانێ گومانی ئەوە بەرێت لەساڵێکدا تەنها یەك عەمرە دروستە؟)(٨).

٢- نەوەوی دەفەرموێ: ( پێویستە حاجی،و عەمرەکار ماوەی مانەوەیان لەمەککەدا بەهەل بزانن، عەمرەو، تەواف،و، نوێژ زۆر بکەن لەمزگەوتی حەرامدا، ئەمە خێرێکی گەورەیە، بەتایبەت لەڕەمەزاندا(٩).

٣- ابن القيم الجوزی دەفەرموێ: پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) چوار عەمرەی کردووە هەرچواریان لە (ذی القعدة) دابووە، ڕێنەکەوتووە لەساڵێکدا دووعەمرە بکات، ئەی بەچی دەڵێن: چەندین عەمرە سوننەتە لەیەك ساڵدا؟

وەلاّمی ئەم پرسیارە جێی جیاوازییە، مالیك دەڵێ: ساڵی یەك عەمرە زیاتر سوننەت نیە، (مطرف و، ابن مؤاز) لەیارانی مالیکی دەڵێن: خراپەی تیا نیە چەند عەمرە لەساڵێکدا.

منیش وانابینم کەس مەنع بکرێت لەنزیکبوونەوە لەخوا بەجۆرێك لەخواپەرستی، هیچ دەقێکیش نیە ڕێگری بکات لەم کارە، ئەمەیش ڕای زۆرینەیە، فەرموودەی (العمرة إلى العمرة كفارة لما بينهما... إلخ) باشترین بەڵگەیە بۆ جیاوازی



نێوان حەجو عەمرە، چونکە گەر عەمرەیش وەك حەج وابوایە، ساڵی یەکجار بکرایە، فەرموودەکە یەکسانی دەکردن لەپاداشدا، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر بێت) هەندێ شتی نەکردووە، بەڵام خەڵکی بۆ هەڵناوە، بۆ نموونە لەرەمەزاندا عەمرەی نەکردووە، هەتا باری ئوممەتی گران نەکات بەڵام بەفەرموودە خەڵکی بۆهەڵناوە(١٠).

٤- ابن الحجرالعسقلانی دەفەرموێت: "فەرموودەی (العُمرة إلی العُمرة کفارة لما بینهما...) بەڵگەیە بۆئەوەی: سوننەتە عەمرە زۆربکرێت، نەك وەك ئەوانەی دەڵێن: باش نیە ساڵی یەك عەمرە زیاتر بکرێت، وەك مالکییەکان، یان ئەوانەی دەڵێن: مانگی یەکجار عەمرە دەکرێت، بەڵگەیشیان ئەوەیە پێغەمبەر(درودی خوای لەسەر بێت) ساڵێ یەکجار کردوویەتی، وەڵامی ئەوەیش ئەوەیە: کەسوننەت بڕ نیە تەنها لەکردەوەکانی پێغەمبەردا، (درودی خوای لەسەر بێت) بەڵکوزۆر شت هەیە نەیکردووە، لەبەر ئەوەی باری ئوممەتی گران نەکات، بەڵام حەزی بەکردنی کردووەو، بەفەرموودە خەڵکی بۆ هەڵناوە، عەمرەی زیادەیش یەکێکە لەو شتانە(١١).

٥- صەنعانی دەڵێت: فەرموودەی: (العمرة إلی العمرة کفارة لما بینهما...) بەڵگەیە لەسەر ئەوەی چەند بارە کردنەوەی عەمرە هیچ کەراهەتی نیە، لەهەرکاتێکدا بیکا ڕەوایە، ئەمەش ڕای زۆرینەیە(١٢).

٦- شەوکانی دەڵێت: ئەم فەرموودەیە دەلیلە بۆسوننەت بوونی عەمرە زۆرکردن(١٣).

٧- پرسیارکراوە لەلێژنەی هەمیشەیی لێکۆلینەوەی زانستیو فتوادان لەسعوودیە: ئایا دروستە چەند بارە کردنەوەی عەمرە لەساڵێکدا؟

**وەڵام:** بەڵێ وتەی صەحیح ئەوەیە دروستە: بەبەڵگەی فەرموودەی (العُمرة إلی العُمرة کفارة لما بینهما والحج المبرور لیس له جزاء إلا الجنة)(١٤).

براو خوشکی حاجی وعەمرەکار، ڕای شەش کەس لەزانا بەرزەکانم بۆ نەقڵکردی بەکورتی، لەگەڵ لیژنەی فتوای سعوودیە، کەهەموویان پسپۆڕن لەفیقهو لە فەرموودەیشدا، خۆگەردەرفەت ببوایە، دەمتوانی فەرموودەی شەست کەس بنووسم، بۆ وەڵامدانەوەی بەڵگەی یەکەمی ئەوانەی دووبارەی عەمرە لایان نادروستە، بەڵام ئەوەندە بەسە، گەر بمانەوێ دوای بەڵگە بکەوین.

بەڵگەی دووەم:

ئەم بەڵگە زیاتر لەسەر زاری زانا سعودیەکانی ئەمڕۆ دەوترێ، وەك ابن بازو، چەند کەسێکی تریان، وەك ئاژەمان بەهەندێ لەسەرچاوەکانین کرد، وادیارە بەڵگەیەکی عەقڵییە، نەك شەرعی.

لەواقیعیشدا هەرکەس ڕۆژانی حەج و عەمرە وردبووبێتەوە، باش دەزانێت قەرەباڵغی هەرەگەورە لەکاتی تەوافو دەوری بەیتایە، نەك لەمیقاتکانو، سەفاو مەروەوەدا، چونکەسەفاو مەروە ئێستا چوارقاتە، میقاتەکانیش چەند شوێنەو بەربڵاوە. کەوابوو لەڕاستیدا ئەوانە ئیزدیحام درووست دەکەن، کەهەمیشە هان لەدەوری بەیتاو، بروایان بەعەمرەی زیادە نیە، چونکە هەر خەریکی تەوافن لەبەیت، بەڵام ئەوانەی عەمرەی زیادە دەکەن دەچن بۆ تەنعیم یان جیعرانە هیچ نەبێ دووسێ سەعات لە بەیت دوور دەکەونەوە، کەوابوو ئەم بەڵگەیان دژ بەوانە، نەك بۆ وانە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاگات لێبێت، مەبەست بەدووبارە کردنەوەی عەمرە ئەوە نییە خۆت بێبەشکەیت لەتەوافی زیادەو نوێژ زۆرکردن و، قورئان خوێندنو، تەماشاکردنی بەیتو، پاڕانەوەی زۆرو... هتد. چونکە هەموو ئەمانە پاداشی گەرەیان هەیە، بەتایبەت نوێژو تەواف، لەدەست خۆتیان دەرمەکە.

شتێك ماوە پێویستە بەکورتی باسی بکەین، ئەویش عەمرەکردنە بۆخەڵکی تر: ئایا دروستە؟.

لەسەرەتای ئەم باسەوە بۆت درکەوت، هەندیك دەڵێن عەمرە واجبە، هەندێکیش دەڵێن سوننەتە، جائەگەر واجب بێت، ئەوە هەر وەك حەج وایە، واتە ئەگەر کەسێ لەسەری واجب بوو، نەیکردو مرد، یان نەیکرد هەتا توانای نەما، ئەوە واجبە عەمرەی بۆ بکەن، ئەگەر سوننەتیش بێت، هەر دروستە عەمرە بکەین بۆ مردوانمان، یان بۆئەوانەی دەمانکەن بەوەکیلو خۆیان پەکیان کەوتووە، ئیتر ئایا لەبەر خوا بۆیان بکەین، یان بەکرێ هەردروستە، بەڵکو ئیمام ئەحمەدو، ئەبوو حەنیفە دەڵێن: حەج و عەمرەی سوونەت دروستە بکرێت بۆ ئەوانەش کە توانایان هەیە بچن(١٥).

## تەوافی ئافرەت

گەورەترین کۆسپی ئافرەتی حاجی ئەوەیە دوای ئیحرام بکەوێتە بێنوێژی، بۆیە زانایان بۆ ئەم حاڵەتە چەند چارە دۆزییەکیان داناوە:

**یەکەم:** گەر ئەو ئافرەتە دەیزانی بەر لەهاتنەوەی هاوڕێکانی خوێنەکەی وشك دەکات، ئەوە هەموو روکنو واجبەکانی تر تەواو بکات جگە لەتەواف،کاتێك پاکبوویەوەو خۆی شۆرد تەوافەکەش بکات(١٦).

**دووەم:** ئافرەت دەتوانێت پێش وەخت بەحەب و دەرمان ئەو خوێنە وشك بکات.

**سێیەم:** وتەیەکی کۆنی شافعی هەیە دەفەرموێت: وشك بونی خوێنی ئافرەت تاوتاو لەناوەندی خوێن هاتنەکانی سووڕی مانگانەیدا، بەپاکی دادەنرێت، دروستە ئافرەت بەم قەولە بکات، لەو ماوەدا خێرا خۆی بشواتو تەواف بکات، لەم سێ حاڵەدا هیچ فیدیەش ناکەوێتە سەری.

**چوارەم:** لای پێشەوایان ئەبوحەنیفەو ئەحمەد، ئافرەتی بێ نوێژ دەتوانێت تەواف بکات، جا لەسەر فەرموودەی ئەوان دروستە تەواف بکات، ئەگەر دوای پاکبوونەوە فریاکەوت، تەوافەکەی دووبارە کردەوە ئەوە هیچیی ناکەوێتە سەر، ئەگەر فریاش نەکەوت، لای أبوحنیفە دەبێ وشترێك بدات بەفیدیە، لای پێشەوا ئەحمەد مەڕێك.

**پێنجەم:** شێخ موفق الدین ی مەقدیسی حەنبەلی دەفەرموێ: ئافرەتی بێ نوێژو، هەمو کەسێکی تریش، ئەگەر لەبەر ناچاری لەحاڵەتی لەشگرانیدا تەوافی روکنیان کرد، وەك ئەوەی بترسن لەکاروانو وادەی سەفەر دوابکەون، ئەوە تەوافەکەیان دروستەو، هیچ فیدیەیش ناکەوێتە سەریان.

**شەشەم:** پێشەوا ابن تیمیە -رحمه الله- لەم بارەوە پرسیاری لێکراوە؟ وەڵامیکی زۆر تێرو تەسەلی داوەتەوە ناتوانین هەمووی بنووسین، بەڵام پوختەکەی ئەمەیە:

لەش پیسو بێ دەسنوێژ حەرامە لەسەریان نوێژ بکەن ئەگەر توانای غوسڵ و دەسنوێژ، یان تەیەمومیان هەبوو، وەگەرنا، واجبە لەسەریان نوێژ بکەن بەو حاڵەتەوە، ڕووکردنە قیبلەو، داپۆشینی عەورەت و، پاکوخاوێنی جل وبەرگو، جێ نوێژ، واجبە

بۆ نوێژخوێن، ئەگەر توانای هەبوو، وەگەرنا واجبە هەر نوێژەکەی بکات، کەوابوو ئەمە بنەمایەکی گەورەیە لەبنەماکانی ئیسلام‌و، نموونەی زۆرە لەبوارەکانی تریشدا، وەك خواردنی مردارۆبوو، گۆشتی بەراز، لەکاتی زەروورەتدا، تەنانەت گەر کەسێ ئەو حەرامە نەخواو بمرێت لەبرسا، دۆزەخییە. تەوافی ئافرەتی حەیزدارو زەیسانیش هەر بەر ئەم بنەما شەرعییە دەکەوێت، بەڵکو عوزری ئەوان لەهی لەشپیس زۆر گرانترە، چونکە لەش پیس گەر ئاو هەبێت دەتوانێ خۆی خاوێن کات، بەڵام ئەمان ناتوانن خۆپاك کەنەوە هەتا خوێنەکەیان وشك نەکات، ئەوەش لەدەستی خۆیاندا نیە. کەوابوو تاوانیان چیە لەوەها حاڵەتێکدا حەجیان دروست نەبێت‌و بەناهومیدی بگەڕێنەوە دوای زەحمەتێکی زۆرو، صەرفکردنی ماڵ‌ وسامانێکی بێ شومارو، لەدەستدانی فرسەتێکی تەمەن کەزەحمەتە جارێکی دی بگەڕێتەوە، لەکاتێکدا خوای گەورە دەفەرموێ: (فاتقوا الله ماستطعتم) التغابن: ١٦ واتە: تەقوای خوا بکەن ئەوەندەی لەتواناتاندا هەیە. پێغەمبەریش(درودی خوای لەسەر بێت) فەرموویەتی: (إذا أمرتكم بأمر فأتوا منه ماستطعتم..)، واتە: هەرکاتێ من فەرمانێکم پێدان جێیبەجێی بکەن ئەوەندەی لەتواناتاندا هەیە.

لەکۆتاییدا ابن تيميه دەفەرموێ: کەوابو: تەوافی ئافرەتی حەیزدارو زەیسان دروست نیە ئەگەر توانای بوو چاوەڕێ بکات هەتا پاك دەبێتەوە، وەلەم حاڵەتەدا باهەموو ئەرکەکانی تری بەجێ بێنێ جگە لەتەواف، خۆ ئەگەر ناچاربوو تەواف بکات بەو خوێنەوە لەبەر ئەوەی لەوادەی سەفەرو هاوڕێکانی دوانەکەوێ، ئەوە باخۆی بشواو، خوێگاکەی بەپەڕۆیەك ببەستێ و تەوافەکەی بکات‌و دروستیشە، لای قەولی صەحیح‌و هیچیش ناکەوێتە سەری.

**حەوتەم:** (ابن حجر الهيتمى)یش –رحمه الله– نامەیەکی بارزی لەم بوارەدا نەقڵ کردووە، کە فتوای زۆر لەزانایانی تیایە بۆ دەربازبوونی ئافرەتی بێنوێژ لەم قەیرانە، بۆنموونە: فتوایەکی ئیمامی مالیك کەبەصرییەکان لێی دەگێڕنەوە، فەرموویەتی: گەر ئافرەتێك (طواف القدوم)ی کردبێت‌و، لەبیری نەبووبێت (طواف الإفاضة) بکات، یان نەیزانیبێت واجبەو، گەڕابێتەوە بۆ وڵاتی خۆی، ئەوە (طواف القدوم)ەکە، جێگای (طواف الإفاضة)ەکەی بۆ دەگرێت.

جا ابن حجر لێرەدا دەفەرموێ: گەر لەبیرچوون‌و نەزانین عوزر بێت، بێگومان ئەو ئافرەتەی دەکەوێتە عوزری شەرعی لەوان لەپێشترە بەم عوزرە.

تا لەکۆتاییدا دەڵێت: کاتێ ئەمەت زانی، ئەوەی شیاو بێت لەگەڵ ئاسانکاری‌و جوانیەکانی شەریعەتدا ئەوەیە: هەر ئافرەتێك گیرۆدەبوو بەم دەردەوە، بابچێتە سەر مەزهەبی ئەو کەسەی لەم قەیرانە رزگاری دەکات.

مامۆستا عبد الكەريمی بیارەیش –رحمه الله– پاڵپشتی ئەم بۆچوونەی ابن حجر دەکات.

(شيخ عبد الفتاح حسين المكى) ئەم باسەی بەجوانی روونکردۆتەوەو، فتوایەکی ابن القيم‌و، نامەکەی (قاضى القضاة نجم الدين البارزى) لەم بارەوە بڵاو کردۆتەوەو دەڵێت: شیاو نییە لەگەڵ شەرعی خوادا تەکلیف لەئافرەت بکات وشترێك، یان مەڕێك سەر بڕێت، بێ ئەوەی هیچ تاوانێکی کردبێت، یان لەمەککەدا بەتەنها بمینێتەوەو کاروان جێی بێلێت، یان بڕواتەوە بەو ئیحرامەوە بمێنێت دوور لەمێردوو شوو، خۆشییەکانی ژیان تاساڵی داهاتوو دێتەوە بۆتەواو کردنی حەجەکەی، کێ دەڵێت ساڵی داهاتوویش، ئەگەر هاتەوە، هەمان فلیم دووبارە نابێتەوە، کە وابوو دروستە تەواف بکات لەحاڵەتی ناچاریداو هیچیشی لەسەر نییە. والله أعلم.

منیش دەڵێم لەباسی رەجمی جەمەراتدا بۆمان دەرکەوت شافعییەکان چەند ئاسانکارییان نواندو فتوایاندا بەر لەنیوەڕۆ رەجم بکرێت، لەکاتێکدا حاجیان ئەگەر دوایش بکەون لەرەجمدا، ڕۆژێ دوو ڕۆژ دوادەکەون، ئەی بۆقیاسی حالەتی ئافرەتی داماو ناکەنە سەر ئەو حالەتەو، دەڵێن: دەبێ بەو ئیحرامەوە بڕواتەوە بۆ وڵاتی خۆی و، هەر لەئیحرامدا بمێنێ تاساڵێکی دی دێتەوە تەوافەکەی دەکات؟

بەڕاستی ئەمە دوورە لە رۆحی شەریعەت‌و، لەو فەرموودەی خوای گەورە: (لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا....) (البقره:٢٨٦).




(١) بڕوانە: كفاية الأخيار، مودود الموصلى، ط:٤ دار المعرفة– بيروت، ٢٠٠٧، (١/٢٠٤).

(٢) مدونة المالكى وأدلتة، الدكتور الصادق الغرباني، مؤسسة الريان، ط: ٢٠٠٦م، (٢/١٧٦–١٧٧).

(٣) الفروع (٢/٢٨٦).

(٤) أخرجه البحارى في العمرة، ح:١٧٧٣، ومسلم في الحج، ح:١٣٤٩.

(٥) أخرجه الترمذى في الحج، (ح:٨٠٩).

(٦) التوضيح في شرح المختصر لابن الحاجب، خليل بن إسحاق الجندي المالكي، مركز نجيبويه، ٢٠٠٨م، (٢/٥٢٠). مدونة المالكى وأدلتة (٢/ ١٧٧).

(٧) التحقيق والأيضاح، عبدالعزيز بن باز، ط:٢٤، (ص: ٢٥٩)، تبصير الناسك بأحكام المناسك، عبد المحسن بن حمد العباد، ط:٢– الرياض ١٤٢٩هـ، (ص:٨١).

(٨) الأم، الإمام محمد بن إدريس الشافعي (ت:٢٠٥هـ)، ط:١، دار ابن حزم– بيروت، ٢٠٠٥م، (ص:٧٠٠).

(٩) بڕوانە: المجموع شرح المهذب للنووي (ت: ٦٧٦هـ)، (٨/١٩٧)، حاشية العلامة الهيتمى (ت:٩٧٤هـ) على شرح الإيضاح، ص:٤٢١

(١٠) بڕوانە: زاد المعاد، شمس الدين محمد بن ابي بكر، ابن القيم الجوزية، (ت: ٧٥١هـ)، الفكر– بيروت، ٢٠٠٦م، (ص:٢٤٢–٢٤٣).

(١١) بڕوانە: فتح البارى للعسقلانى (ت:٨٥٢هـ)، ط: دار الريان– القاهرة، ١٩٨٦م، (٣م٦٩٩).

(١٢) بڕوانە: سبل السلام، محمد بن إسماعيل الصنعانى (ت:١١٨٢هـ)، ط: دار الفكر– بيروت، (٢/١٧٨).

(١٣) بڕوانە: نيل الأوطار،محمد بن على الشوكانى (ت:١٢٥٠هـ): ط: بيت الأفكار الدولية (ص:٨٥٣).

(١٤) فتاوى علماء البلد الحرام، ط:٥– الرياض، ١٤٢٨هـ (ص: ١٠١١). .

(١٥) بڕوانە مغني المحتاج، (١/٤٦٩)، سبل السلام، (٢/١٨٢).



* **وتارخوێنی مزگەوتی بێخود/ سلێمانی**

# چەند زانیاریەك لەسەر تەڵاقی سێ بەسێ

## مەلا محمد وەرتی*

سێ پرسیار دەربارەی تەڵاق ئاڕاستەی مامۆستا مەلامحمد وەرتی کراوە، ئەندامی مەکتەبی تەنفیزی یەکیەتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستانو سەرۆکی لێژنەی بالای فەتوای کوردستان.

پ١- دەڵێن: (الطلاق مرّتان) ئەمە دەلیلە لەسەر ئەوەی کە سێ تەڵاقیش بەیەك جار بخوات هەر یەك تەڵاق حسابە، یەك تەلاقی دەکەوێ، چونکە یەك جارە، تەفسیرە گەورەکانیش وا دەڵێن وەك تەفسیری بیضاویو طبریو قرطبیو رازیو روح المعانی؟

**وەڵام:** ئەو ئایەتە لەو باسەو بابەتە زۆر دوورە، چونکە ئەم ئایەتی (مەوریدی تایبەتی) هەیە چونکە لە سەرەتای ئیسلامەتی ئایەتی ریجعە (وَبُعُولَتُهُنَّ أَحَقُّ بِرَدِّهِنَّ) ئەمە ئایەتی ریجعەت بوو، پیاو بۆی هەبوو ئەگەر سەد جاریش تەڵاق بخوا ژنەکەی بیهێنێتەوە بن نیکاحی خۆی، تا ئەو کاتە ژنێکی مەدینەیی هاتە لای پێغەمبەر (د.خ)و گووتی: مێردەکەم لێم تووڕە بووە، دەڵێت: نەبۆ خۆم مێردایەتیت دەکەم، نە لێشت دەگەڕێم مێردێکی دی بکەی، پێم گوت: چۆن؟

گوتی: هەر تەڵاقت دەدەم بە ریجعە دەتگەڕێنمەوە، لە پێش (عدّة) خەلاص بوون، بەم شێوەیە تا دەمری ئەوهات دەکوژم، پێغەمبەر دەنگی نەکرد تا ئایەتی (الطّلاق مرّتان) دابەزی واتە: ئەو تەڵاقەی ریجعی بەس دووجار دەکرێ واتە: ئەم ئایەتە حوکمەکەی پێشووی کۆتایی پێهێنا، لێرەدا ئافرەت لە عەبدایەتی پیاو قورتار بوو، دیارە لامی سەر (الطلاق مرتان) عەهدی خاریجیە عهدی زکریشی پێدەڵێن، چونکە لامی عهدی خاریجی دەبێ وەك زەمیر لە پێشەوە جێگای بۆ هەموار کرابێ، وەك (كَمَا أَرْسَلْنَا إِلَى فِرْعَوْنَ رَسُولًا (١٥) فَعَصَى فِرْعَوْنُ الرَّسُولَ) لامی سەر (الرّسول) دەگەڕێتەوە بۆ رەسولەن لە سەرەتای ئایەتەکە، کە دەکاتە موسی پێغەمبەر، واتە لامی (الطّلاق) ئەگەڕێتەوە بۆ (بِرَدِّهِنَّ) أی (رجعتهنّ) لە ئایەتی (وَبُعُولَتُهُنَّ أَحَقُّ بِرَدِّهِنَّ) بۆ ئەو راستیە بنۆڕە ئەم تەفسیرە گەورانە ئەوە دەقی ئەوانە رەحمەتی خوایان لیبێت، ئەوەی گوتمان: ئەوانە لەسەری یەك دەنگن.

١- بیضاوی لە گەل شیخ زادە ج ٢ ص٥٥١.
٢- تەفسیری طبری ج٢ ص٥٦٣.
٣- تەفسیری قرطبی ج٢ ص ٨٧ س١٦.
٤- تەفسیری رازی (کبیر) ج٦ص٩٧س١٨.
٥- تەفسیری روح المعانی(الوسی) ج٢ ص٧٣١

(واتّفق علماء الفتوى على لزوم إيقاع الطلاق الثّلاث في كلمة واحدة ورواية طاوس غلط) تفسير قرطبى ج٣ص٥٠س٤.

(واتفق العلماء على أنّه لايجوز أن يخرج سبب النزول عن عموم الآية/ تفسير الرازى ج٦ ص٩٧ س١٨.

پ٢: أ- دەڵێن لە قورئان (مرّتان) هاتووە (اپنتان) نەهاتووە، ئەگەر مەبەستی ژمارەی تەڵاق بایە دەیگووت: (اثنتان) لەجیاتی (مرّتان)؟

ب- پێمان باشە فەرق لە بەینی (مرّ) و (عدد) ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر بکەی؟

وەڵام: زانایانی عیلمی مەنتیقو بەلاغە یەك دەنگن، لەسەر ئەمە، کە دەلالەتی لەفظی وەچەعی سێ بەشە (مطابقی)و (تضمن)و (إلتزامی) کەلیمەی (مرّتان) بە دەلالەتی موگابقی بۆ رجعیە، چونکە وەك لە وەلامەکەی پێشوتر باسمان کرد، دابەزینی ئەم ئایەتە بۆ رجعە هاتووە، بۆ کەس نییە چەواشەکاری تێدابکات.

٢. بەدەلالەتی التزامی عەدەد دەگەیەنێ، چونکە عدد لازمی (مَرّ) یە، یەك (مَرّ) لای کەمی کە یەقینە دەبێ دانەیەکی لە گەڵ بێت واتە دوو (مَرّ) دەکاتە دوو دانە، بەڵام پێچەوانە نیە مانا (مرّ) لازمی عدد نیە واتە (اعداد) بەیەکجاریش بەڕێدەکرێت، بەڵام مرات بەیەکجار بەڕێ ناکرێ، چونکە لەبەینی مرات مەرجە (بعد الزمن) هەبێ واتە (فصل) یا بلێین بۆشایی دەبێ لەبەینی دوو مەڕە یان سێ مەڕە هەبێ نەکو (مرات) بەڕێ ناکرێ بەیەك کەڕەت بەڵام لە (اعداد) (بعد الزمن) واتە فصل یا بلێین بۆشایی لەبەینی عەدەدەکان، مەرج نیە بەڵام مەعنای وانیە عەدەد لە گەڵ بۆشایی نابێ بەبێ بۆشایش دەبێت، نموونە تۆ سێ دینار قەرزاری پیاوێکی، دەتوانی بە یەك (مر) واتە بەیەك کەرەت هەر سێ دینارەکەی بدەیتەوە،.دەشتوانی ئەم سێ دینارە بە سێ جار (مر) بیدەیتەوە واتە (اعداد) لازمی (مراتە)ە بەڵام (مرات) لازمی (اعداد) نیە ئینجا لەبەر ئەمە اعداد تابعی مرات دەکرێ بەڵام مرات تابعی اعداد ناکرێ.

٣. لەبەر ئەمەیە خودای گەورە لەبەسەر هاتی ئەیوب پێغەمبەر سەلامی خوای لێبێت (اعداد)ی تابعی (مرات) کردووە ئەوەبوو ئەیوب پێغەمبەر سوێندی لە (رەحمە)ی خێزانی خواردو گووتی: چاك ببمەوە سەد دارت لێدەدەم، بەڵام کە چاك بۆوە خودای گەورە فەرمووی (وَخُذْ بِيَدِكَ ضِغْثًا فَاضْرِبْ بِهِ وَلَا تَحْنَثْ) واتە داری دانە دانە لێمەدە لێمەدە بەڵکو سەد داری باریك کۆبکەوەو لێکیان ببەستە، سەد دارەکە بەیەك جار لێبدە سوێندەکەت لێناکەوێت، تەماشاکەن لێرە خودای گەورە بڕیاڕی داوە کە (اعداد) زۆریش بێت تابعی (مرە) دەکرێ ئەمە بڕیاری خودایە کاکە خۆ سێ پتر نیە لە سەد پێم ناڵێن بۆ سێ تەڵاق بەجارێك ناکەونێت. بەڵام سەد دالر بەیەك جار لێدەدرێ.

٤. هەروا (اجماعی) ئەصحابەش لەسەرە کە سێ بخوا بەیەك کەڕەت سێی دەکەوێ تاج الاصول ج٢ ص٣٤٠.

٥. (مجتهدی) اربعەی سوننی یەك دەنگن، لەسەر ئەوەی کە سێ تەڵاق بخوات بەیەك جار سێ تەڵاقی دەکەوێت. (مذاهب الأربعة) ج٤ ص٣٤١.

پرسیاری سێیەم؟ لەحەدیسی موسلیم هاتوە دەڵێت: (كانت الطلقات الثلاث فى عهد النبي عليه السلام و أبي بكر وسنتين من خلافة عمر طلاق الثلاث واحدة فاستعجل الناس في أمر كان لهم فيه أناة فلو أمضينا عليهم فامضاه عليهم) ئەمە وادەگەیەنێ لەزەمانی پێغەمبەرا درودی خودای لەسەر بێت تا دووساڵیش لەخەلافەتی ئیمامی عمر سێ تەلاق بەیەك جار حیساب کراوە بەڵام ئیمامی عمر لەبەر مەصلەحەتی خەڵك لەنەصی لاداوە واتە هەرکەسێك سێ تەلاق بخوات سێ تەلاقی دەکەوێت، بەڵام لەزەمانی پێغەمبەرسێشی خواردبا بەیەك جار هەریەك دەکەوت

وەڵام/ ئەم حەدیسە نابێتە دەڵیل بۆ ئەو برادەرانە لەبەر ئەم بەلگانەی خوارەوە:

١_ هیچ موسڵمانێك ناتوانێت حوکمی نەص وەلابنێت هی خۆی لەشوێن دابنێت خودا ئەم دەرگایەی پێوە داوە چونکە دەفەرموێت: (وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلَا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَنْ يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ مِنْ أَمْرِهِمْ) واتە بۆ هیچ موسڵمانێکی نیە نەنێر نەمێ کە خوداو پێغەمبەر حوکمەکەیان قرار دا لێی لا بدەنو هی خۆیان لە شوێن دابنێن. ئاخیر ئایەت کە دەفەرموێت (وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَالًا مُبِينًا) مانا هەرکەسێ حوکمی خودا لابداو هی خۆی لەشوێن دابنێ ئەوە گومڕاو سەر لێشێواوە.

٢- سێی بەیەك زانین لەزەمانی پێغەمبەرا نەما بەئایەتی (الطلاق مرتان) کۆتایی پێهات تا زەمانی ئیمامی (عمر) نەما بەس لەسەرەتای ئیسلام هەبوو.

٣- مەعنای حەدیسەکە بەیانی عادەت دەکات، چونکە لەزەمانی پێغەمبەر تا دوو ساڵیش لە خەلافەتی عمر ئەگەر تەلاق دان بەپرسو را بایە یەك تەلاقیان پێدەدا، ئەمەش مەسلەحەتی زۆری تێدایە، چونکە بەزۆری پاش تەلاقدان بۆ یەکدی پەشیمان دەبنەوە، ئینجا ئەوەی یەك تەلاقی فڕێ دابێت، دەتوانێ لەپێش عدە خەلاس بوون، ژنەکە بگەڕێنێتەوە بۆ لای خۆی، بەس ئەوەندە بڵێ ژنی خۆم هێناوە بن نیکاحی خۆم، ئەگەر لەدوای عیدەش پەشیمان بوونەوە بۆی هەیە مارەی بکاتەوە وەك یەکەم جار، بەڵام لەدەوری ئیمامی عمر خەڵك زۆر بوو تەلاق زۆر بوو بەربەستی نەکرا، ئیمامی عمریش مەنعی لەسەر هەڵگرتن، ئەوەی سێ تەلاقی دەخوارد سێ تەلاقی دەخستن، واتە مەسەلەی ئیمامی عمر عادەت گۆڕین بوو نەك حوکم گۆڕین، لەزەمانی پێغەمبەریش ئەوانەی سێ تەلاقیان بەیەك جار بخواردایە سێ تەلاقیان دەخستن، ئەوەیە مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مدرس لەوانە هێندێك ژن باس دەکات لەتەفسیری نامی، یەکیان ژنی حسن کوڕی علی دووەم فاتمەی کچی قەیس تەفسیری نامی ج١ص٤٧٢ واتە عمر مەجالی دایە بۆ عادەت گۆڕین نەك حوکم گۆلڕین.

* سەرۆکی لێژنەی باڵای فەتوای کوردستان

# دۆسـیـەی فەتـوا

دوای ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیان رۆژانە کۆمەڵێك پرسـیارییان ئاراسـتەی لیژنـەی بـاڵای فـەتوای کوردستان کـرد، تایبـەت بـە زەکـاتو هەنـدێ پرسـی تـر، رۆژی چوارشـەممە (٢٠١١/٨/٩) لیژنـەی بـاڵای فەتوای کوردستان لە کۆبوونەوەیەکی تایبەتو بەمەبەستی بەرچاو روونی خەڵکی موسڵمانی کوردسـتان، وەڵامی کۆمەڵێك لەو پرسیارانەی بەشێوەی فەتوا بڵاوکردەوە، کە چەند تەوەرێکی لەخۆ گرتووە:

## لیژنەی باڵای فەتوای کوردستان

## چەند فەتوایەکی تایبەت بە زەکاتو پارە بڵاودەکاتەوە

### زەکاتی پارەی قورعەی هاووڵاتیان؟

**ماوەی چەند ساڵێکە هاووڵاتیان وەك هاوکارییەك لەنێو خۆیـان مانگانە پارە کۆدەکەنەوەو هەر جارەو بۆ یەکێکیان دەبێت؟**

**وەڵام:** ئەو پارەیە، ئەگەر هەر مانگەو بۆ یـەکێکیان بێـتو ئـەویش دوای وەرگرتنی خەرجی بکات زەکات لە هیچیان ناکەویت، بەڵام ئەگەر وەری بگرنو هەر یەکەو لەماڵی خۆی دابنێتو ئەو دوازدە مانگە ئەوانە هیـچیان خـەرجی نەکـەنو، بگاتـە (٥,٥٠٠,٠٠٠) دینـار، زەکـاتی تێـدا دەکەوێت، یـان بیباتـە ماڵـەوەو لەگـەڵ پـارەی ماڵـەوە کـە ئەنـدازەی زەکاتەو ساڵی بەسەردا سووڕاوەتەوە، تێکەڵ بکات، زەکاتی تێدایـە، یان کەسێك قورعەی وەربگرێت، قورعەکـەی بگاتـە ئەنـدازەی زەکـاتو بـۆ مـاوەی دوازدە مـانگی (قەمـەری) لـە ماڵـەوەی دابنێـت، زەکـاتی تێدایە.

### زەکاتی پێشینەی خانووبەرەو کشتوکاڵو هاوسەرگیری

**ئایـا زەکـات لـە پـارەی پێـشینەی خانووبـەرەو هاوسـەرگیریو کشتوکاڵ دەکەوێت؟**

**وەڵام:** نەخێر ئەوانە زەکاتیان تێدا نییـە، چـونکە ئـەو پارانـە بـۆ دانـانی مـاڵو بازرگـانی نییـە، هـەروەها بـەپێی مـەزهەبی حەنـەفیو رای دووەمی ئیمامی نەوەوی لە ئەندازەی پارەی قەرز زەکات نییە. (مغني المحتاج ٤١١/١).

### دانی زەکات بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوسەری

**ئایا دروستە پارەی زەکات بدرێتە گە نجێك تـا ژیـانی هاوسـەری پێ پێکبهێنێت؟**

**وەڵام:** ئـایینی پـیرۆزی ئیـسلام هـەروەك گرنگـی داوە بەلایـەنی خواردنو خواردنەوەو پۆشاكو بژێوییەکانی دیکە لە ژیانی مرۆڤدا، بـە هەمان شێوە بایەخی بەلایەنی ئارەزو و حەزو ویستە دەروونییـەکانیش داوە.

هەروەها ئـایینی پـیرۆزی ئیـسلام وەك بـەرگری لـەژیانی رەبەنـدی




(التّبتّـل) کـردووە، لەولاشـەوە بانگەشـەی بـۆ ژیـانی هاوسـەرگیری کردووە، وەك پێغەمبەری خۆشەویستمان دەفـەرمووێت: (مـن استطاع منکم الباءة فلیتزوّج). رواه البخاري.

بـۆیە زانایـان فەرموویانە: (إنّ من تمام الکفایة مـا یأخـذه لیتـزوّج بـه إذا لم تکـن لـه زوجـةٌ، واحتـاج للنّکـاح) (حاشیة الـرّوض المربع ٤٠٠/١).

واتە: (بێگومان یەکێکە لەو شتانەی هەژار پێویستیو کیفایەتی پێ دەدرێت لە زەکاتدا، ئـەوەی کـە ژنـی نـەبێتو پێویستی بـە ژن بێـت، پێویستی ژنهێنانیـشی پـێ دەدرێـت. وە خەلیفـەی پێنجـەم عومـەری کوڕی هەبدولعەزیز دەیفـەرموو: (مـن ینـادي في النّـاس کـلّ یـومٍ: أیـن المساکین؟ أین الغارمون؟ أین النّاکحون؟). (البدایة والنّهایـة لابـن کـثیر ٢٠٠/٩).

واتە: لە ناو خەڵکیدا بانگەوازی دەکرد: لـە کـوێن هـەژارەکان؟ لـە کوێن قەرزارەکان؟ لە کوێن ئەوانەی ئەویانەوێ ژن بهێنن، تـا هاوکـاری بکرێن لە (بیت المالو زەکاتدا.

بە پێی هەموو ئەو بەڵگانەوە دەردەکەوێت: ((گەنجێك، کە توانـای مـادی نییـەو دەسـت کورتـەو پێویستی بـەژیانی هاوسـەرگیری هەیـە، دروستە ئەوەندە زەکاتی پێ بدرێت، کە بتـوانێ بـە تـەواوی کاروبـاری ژنهێنانەکـەی پـێ ئـەنجام بـدات بەمـەرجێك لەسـنووری عـورف دەرنەچێت)). (فقه الزّکاة/ ٣٨٥).

**یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**
**لیژنەی باڵای فەتوای کوردستان**
**١٤٣٢/٩/٩**
**٢٠١١/٨/٩**

# لەمیانەی سەردانەکەی سەرۆکی حکومەتدا بۆ گەرمیان لقی گەرمیان
# داوای هەژمارکردنی بڕوانامە بۆ خاوەن بڕوانامە زانستییەکان دەکات

دانا مەلا حەمەئەمین – گەرمیان: لەمیانەی سەردانە مەیدانیەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دەڤەری گەرمیان و دیداری لەگەڵ شاندی لقی گەرمیانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان لە نوسراوێکدا داوایان لە بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد کە وەکو زانایانی ئاینی پێش نوێژ و ووتار خوێن خۆمان بەزوڵم لێ کراو ئەزانین کە لەم سیستەمەی ئێستای مووچەدا وەکو بێ بڕوانامەو کارگوزار هەژمارکراوین بۆیە داوا لەڕێزت ئەکەین کە چاوێك بە داواکەماندا بخشێنیتەوە و هیچ نەبێ حیسابی خاوەن بڕوانامەی دبلۆم یاخود ئامادەیی مان بۆ بکرێت بە تایبەت ئەوانەی کە ماوەی خزمەتیان لە ( ٣٠ ) ساڵ بەسەرەوەیە و کاتی خۆی بە ئیمام دامەزراون ...

لای خۆشیەوە بەڕێز دکتۆر بەرهەم ئەحمەد سالەح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڵێنی ئەوەی بە شاندی لقی گەرمیان دا کە چاو بە داواکەیاندا بخشێنێتەوە و بە پێی توانا کاری جدی لەسەر بکات و خزمەتکردنی زانایانی ئاینی بەئەرکی سەرشانی هەموو لایەك زانی .

جێی ئاماژە پێدانە زۆرێك لە زانائاینی یە کۆنەکان بڕوانامەیان نیەو لە سستەمی مووچەدا بە بێ بڕوانامە هەژمارکراون لە کاتێکدا هەموویان خاوەنی قوتابخانەو حوجرەو فەقێ بوون و زۆریك لەوانەی ئەوڕۆ خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریوس و ماستەرو دکتۆران خوێندکارو پەروەردەی لای ئەوان بوون .

# لقی هەولێری یەکێتی زانایان مەراسیمێکی ڕێزلینان بۆ ژمارەیەك زانای ئاینی هەولێرو دەوروبەری سازدەکات

**ڕاگەیاندنی لقی هەولێر: مەعروف مەلا عەولا روستایی**

بە مەبەستی ڕێز گرتن لێیانو، لە بەرامبەر بەشداریکردنیان لە چالاکی یەکانی تایبەت بەمانگی رەمەزانی پیرۆزو، ئامادەبونیان لە پێشکەش کردنی وتاری ئاینیو، بەستنی مێزگردەکان لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە سەرپەرشتیو چاودێری لقی هەولێری یەکێتی زانایان>

لەلایەن لقی هەولێری یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە نوێنەرانی لایەنە سیاسیەکانو، بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە مەراسیمێکی شایستەدا نزیکەی(٩٠) نەوەد پێش نوێژو وتارخوێنی ناو شاری هەولێرو دەوروبەری، بڕوانامەیەکی رێزلێنانو سوپاسو پێزانین پێشکەش کرا.

لە سەرەتای مەراسیمەکە، شێخ نیاز راغب دێگەیی بەرپرسی لق، لە وتەیەکدا دوابەدوای بە خێرهێنانی ئامادەبوان، سوپاسو پێزانینی لقی هەولێری ئاراستەی پێش نوێژو وتارخوێنەکان کردو، رۆڵیانی بەرز نرخاند، لە وشیار کردنەوەو ئامۆژگاری کردنی هاوڵاتیان بۆ بەجێ گەیاندنی فەریزەی مانگی رەمەزانو، بەرجەستەکردنی نهێنیو سودەکانی لە ژیانی کۆمەڵایەتیو ئاینی گۆمەڵگای کوردەواری موسڵمان.

هەر لە وتەکانیدا بەڕێزیان گوتی: کە بۆ مانگی رەمەزانی ئەمساڵ، زیاتر لە(١٣٠) سەدو سی وتاری ئاینیو، دەیان مێزگردی پرسیارو وەڵامی شەرعی لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە سەرپەرشتی لقەکەمانەوە ئەنجامدراون .

پاشان خەڵات بە سەر پێشنوێژو وتارخوێنەکان دابەش کرا.

# زانایانی سۆران بەواژۆکردنیان
# ئیدانەی بۆردومانەکانی تورکیاو ئێران دەکەن




مەلارسول سیتکانی: راگەیاندنی لق : وەك دەربرینی هاوخەمی وهەلوێستی ئاینی و نەتەوەیی وئیدانەو مەحکوم کردنی تۆبباران وبۆمبارانی خاکی هەرێمی کوردستان لەلایەن تورکیاوئێرانەوە، سەرلەبەیانی ٢٠١١/٨/٢٥پێنج شەممە بە ئامادەبوونی بەرپرسی لقی سۆرانی یەکێتی زانایان بەڕێز مامۆستا مەلا خالد مەلەکی وکارگێرانی لق و، هەروەهاپاوەری بەڕێز مامۆستا مەلا وەیسی مەلاسەعید بەرێوەبەری ئەوقافی سۆران ، زانایانی دەڤەرەکەبەژداریانکرد لەهەلمەتی واژووکردن دژی بۆردومانەکانی سنوری هەرێمی کوردستان لەلایەن تورکیاو ئێرانەوە ، هەروەك داواشیانکردەدەست بەجێ تۆپباران وکوشتن وئاوارەکردنی خەلکی هەرێمی کوردستان لەلایەن هەردوو ولاتی هاوسێوە رابگیرێت و ڕێز لەئیرادەو هاوسێیەتی نێوان هەردوو ولات وخاکی هەرێمی کوردستان بگرن .

# لقی چەمچەماڵ بە بۆنەی هاتنی جەژنی ڕەمەزانەوە هاوکاری زانایان دەکات

**ڕاگەیاندنی لقی چەمچەماڵ:** سەر لە ئێوارەی رۆژی یەك شەممە ٢٠١١/٨/٢٨، و لە بارەگای لقی چەمچەماڵی یەکێتی زانایان بە بۆنەی هاتنی جەژنی ڕەمەزانی پیرۆزەوە و وەکو ماندونەبونێك لە زانایانی ئایینی دەڤەرەکە لقی چەمچەماڵ هاوکاری دابەش کرد بەسەر (١٥) مامۆستای ئایینیدا و مامۆستا وەهاب سەنگاوی لە وتەیەکی کورتدا ڕۆڵی زانایانی دەڤەرەکەی بەرزنرخاند و بەڵێنی پێدان کە یەکێتی زانایان بە هەموو توانای هاوکاری زانایانی ئایینی دەکات وە بە ئەرکی خۆی دەزانێت کە لە هەموو ڕوویەکەوە هاوکاری زانایان بێت .

# چەند چالاکییەکی لقی پشدەر



* لقی پشدەر وەفاتی کارگێڕێکی لقی ڕائەگەیەنێت: بە وەفاتی کارگێڕی ڕاگەیاندنی لقمان بەڕێز م ملا أحمدی شیوەڕەزی ٢٠١١/٨/١٩ ستافی لق و ناوچەکانمان تەعزییەو سەرەخۆشی خۆیان ڕائەگەیەنین و لەگەڵ ڕازی بوون بە تەقدیراتی خوای مەزنمان دڵ پڕغەمین ولە خوائەخوازین کەمامۆستای خۆشەویستمان بە بەهەشتی بەرین شادبکات و بەر شەفاعەتی مانگی ڕەمەزانی بخات و پلەی شەهیدی پێ کەڕەم بکات –چونکە پاش نزیکەی بیست ڕۆژ بەڕوداوی سەیارە فەقەڕاتی ملی زۆر زیانیان پێگەیشتبوو– هەر ئەوەشبو بەهۆکاری وەفاتکردنی وەلەخوای مەزن داواکارین کەسەبوری دڵی خانەوادەی بەڕێزیان و زانایانیشمان و موسوڵمانانیش بدات... امین .. اناالله وانا اليه راجعون .

* لقی پشدەر سوپاسی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئەکات: سوپاس وپێزانینی زانایانی لقی پشدەرمان تەقدیم ئەکەین بە مەکتەبی تەنفیزی و سەرۆکایەتی زانایانمان بۆ ڕۆڵو تێکۆشانی بەرچاویان بەخزمەتکردنی ئاینی ئیسلاممان وزانایانی ئاینی بەگشتی و بەتایبەتیش بۆ بەسەرکردنەوەی م ملا احمدی شیوەڕەزی - کارگێڕی لقمان - کاتێك توشی ڕوداوی ئوتومبیل بو . وەبەشداری کردنیشیان لەپرسەوسەرەخۆشی خوالێخۆشبو و هاوکاری کردنیشیان بۆ خانەوادەی مامۆستای خوالێخۆشبووخۆشەویستمان م ملا احمدی شیوەڕەزی ، کەئەمەش ڕێزو گەورەیێکە بۆسەرۆکایەتی زانایان تۆمار کراوە ، فجزاهم الله عنّا وعن المرحوم وعن عائلته ..امين

٣ لقی پشدەر بەشداری پرسەی دایکی مامۆستا عزیز مەمەنداوەیی کرد :بەرواری ٨/٢٢ شاندێکی باڵای لقمان کە پێکهاتبوون لە لێپرساوی لق م ملا احمدی خانقا وکارگێڕی لق م ملا سید عبدالرحمن ولێپرسراوی ناوچەی قەڵادزێ م ملا محمدی بێگەڵاسی و م ملاسید حسن ئەندامی لیژنەی فتواو چەند مامۆستایەکی تریش بەشداریمان کرد لە پرسەوسەرەخۆشی دایکی بەڕێز مامۆستا عزیز مەمەنداوەیی لە ناحیەی حاجیاوا و پاشانیش لەگەڕانەوەدا سەردانی مامۆستای ناوداری دەڤەرەکەمان - م ملا محمدی دەڵگەیی - کرد هەم بۆبەخێر هاتنی بەماڵەوە بۆ ڕانیە و هەم ئەحواڵ پرسینیشی لەنەخۆشی و هیوای شیفاو چاکبونەوەی بۆئەخوازین

# لقی گەرمیانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان ئیدانەی دەستدرێژییەکان بۆ سەر کوردانی ناوچە دابڕێنراوەکان دەکات

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

﴿ ولا تفسدوا في الارض بعد اصلاحها﴾

گەلی کورد بەدرێژایی مێژوو بەدەست ڕژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عێراقەوە چەوسێنراوەتەوەو نەهامەتی زۆری دیوە ، هەرلە کوشتن و ڕاوەدونان و تەعریب و داگیرکردن و تۆقاندن و کاولکاری و چەندین جۆری زوڵم و ستەمی تر ، بەڵام سوپاس بۆ خوا میللەتەکەمان لەهەمووسەردەمەکاندا توانیویەتی سەنگەری بەرگری بگرێت و چۆك بۆ هیچ هێزو حکومەتێك دانەدات کە زۆر جار ئەوانەی زوڵمیان لە کورد کردووە لە ترۆپکی دەسەڵاتی ستەمکاریدا بوون ، بەڵام هەمیشە پلانی گڵاوی ستەم کاری سەری نەگرتووەو سەریش ناگرێت ...

وەکو ئەبینین لەم ڕۆژانەداو لە درێژەی پلانە بەردەوامەکانیان بۆ وێرانکردنی ناوچە کوردییەکانی سنوری دیالە دکتاتۆرو شۆڤێنیەکان ئەوانەی چاویان بە ئەزموونی سیاسی و ئارامی کوردستاندا هەڵنایەت جارێکی دیکە کەوتونەتە وێزەی کوردانی ناوچەکانی جەلەولاو سەعدیەو ناوچە کورد نشینەکانی ترو ئەیانەوێت ئەوەی پێشینەکانیان بۆیان تەواو نەکرائەمان بەزۆر زیاترەوە بەرامبەر کورد بیکەن ...

بۆیە ئێمە لە لقی گەرمیانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان بە توندی ئیدانەی ئەو جۆرە کارو هەوڵانە ئەکەین و پێیان ئەڵێین ئەوەی ئێوە ئەیکەن سەرلەبەری دژی بنەما پیرۆزەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە و زوڵم و تەعەدا کردن لە هیچ خانەیەکی ئیسلامەتیدا جێگای نابیتەوە...

لە هەمانکاتیشدا پشتگیری و پشتیوانی خۆمان وەکو زانایانی ئاینی بۆ برا پێشمەرگەکانمان دەرئەبڕین داوای سەرکەوتنیان لە یەزدان بۆ ئەکەین ، پێیان ئەڵێین ئەوەی ئێوە خەباتی لە پێناودا ئەکەن خەباتکردنە بۆ گێڕانەوەی کەرامەت و ئازادی مرۆڤ ، ئێوەی پێشمەرگەی کوردستان وەك هەمیشە سەلماندوتانە قەڵغانی پوچەڵکردنەوەی نیازە گڵاوەکانن و هێزی لەبن نەهاتووی بەرگری کردنن لە ئازادی و مافی ڕەوای گەل و وڵاتمان

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردو کوردستان و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای هەق و دادپەروەری

پایەدارو بەرقەرار بێت ئەزموونی سیاسی و دیموکراسی و ئارامی کوردستان

سەرکەوتن بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان و سەرشۆڕی بۆ دوژمنان و ستەمکاران و شۆڤێنی و تیرۆریستان.

**لقی گەرمیانی**
**یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان**

# شاندەکێ لقێ دهوکێ یێ زانایان سەرە دانا لقێ ئێکێ (p.d.k) د یادا بیرەوەریا ١٦ تەباخێ ولێ پیروز کر

ل روژا سێ شەمبێ رێکەفتی ٢٠١١/٨/١٦ شاندەکێ لقێ دهوکێ یێ زانایان کو پێك هاتی بو ژ بەرێزان (ملاانس ملا محمد شریف) بەرپرسێ لقێ دهوکێ یێ زانایان، و بەرێز (ملا عبدالغفور عبدالمجید) ئەندامێ لقێ و بەرێز (ملا جهاد حسن ابراهیم) ئەندامێ لقێ، سەرەدانا لقێ ئێکێ پارتی دیموکراتی کوردستان کر دساخرنا بیرەوەریا ٢٠١١/٨/١٦ کو روژا دامەزراندنا پارتی دیموکراتی کوردستانە ئەڤ ، یادە لێ هاتە بیروزکرن و داخاز ژێ خاست کو ئەف خەباتە بەردەوام بیت هەردیسان بەرپرسێ لقێ دهوکێ یێ زانایان بەحسێ دامەزراندنا ماموستایێن ئایینی کر کو مزگەفتێت بازێرێ دهوکێ و دەورو بەران پێتڤی ب ماموستایان هەیە وەك گوتار بێژو پێش نڤێژو خزمەت کاران هەیە، ل دوماهیێ ئەڤ بابەتە گرن هاتە بەحسکرن و وەرگرتن ل دوماهیێ بەرێزان خوشحالیا خو دەربری بهاتنا وان.

# شاندەکێ بالایێ گروپێ دەولەت بوونێ سەرەدانا لقێ دهوکێ یێ زانایان کر

ل روژا ئێك شەمبی رێکەفتی ٢٠١١/٨/٢١ شاندەکێ بالا یێ گروب بونێ سەرەدانا لقێ دهوکێ یێ ئێکەتیا زانایان کر،ئەڤ شاندە هاتە پێشوازی کرن ژلایێ جەنابێ بەرپرسێ لقێ دهوکێ ڤە بەرێز (ملا انس ملا محمد شریف) و چەندێن ئەندامێت لقێ ڤە هاتە پێشوازی کرن

ئەڤ گروپە هاتیە پێکینان ژچەندین کەسانێن بێ لایەن و یێ سەربخویە کاردکەت ژبو چێکرنا دولەتەکا کوردی کو چەندین چینو لایەنێن جودا جودا پشکداریێ تێدا دکەن و برێڤەدبەن، مەرەم ژسەرەدانا ڤی گروپی ئەوبویە کو ماموستایێت ئایینێ ئیسلامێ ژی بشکداریێ تێدابکەن و دهاریکاربن ژبو دورست کرنا مەرەما وانا بەرزو بالا، ل دوماهیێ رأیا وان بەرچاڤ هاتە وەرگرتن و چەنابێ بەرپرسێ لقێ دهوکێ یێ زانایان خوشحالیا خو دەربری بهاتنا وان ودیاکر کو ئەڤە هەردەم کارێ ماموستایێت ئایینی بویە و دبەردەوامن ل سەر کارکرنا بجهینانا ڤێ چەندێ.

# لقی پشدەر کۆتایی بەخولی قورئان خوێندن ئەهێنێ

پاش ئەوەی کە لقەکەمان لە ٦/١ ەوە خولێکی فێربوونی قورئانی کردبۆوە لەمزگەوتی گەورەی ڕاپەڕین ونزیکەی ٢٥٠ کورو ٣٠٠ کچ تێیدا بەشداربوون و١١ مامۆستای پیاوو ١٥ مامۆستای ئافرەتیش دەرسیان ئەووتەوە ، ئەمڕۆ لە نیمچە ڤیستیڤاڵێکی شایستەدا و بە ئامادەبوونی بەرپرسی ئەوقافی قەڵادزێ کۆتاییمان پێهێنا ، لێپرسراوی لقمان ـ م.ملا احمدی خانقا ـ لە ووتەیەکی کەتێیدا سوپاس ودەستخۆشی لەمامۆستاو قوتابیەکان کردو دوعای تەمەن درێژی بۆهەموولایەك کردو هیوای خواست کە هەمیشە ئاوا کوردوستانمان ئاوەدان و سەربەخۆبێت بۆئەوەی بتوانین زیاتروزیاتر خزمەتی دین و گەل و نشتیمان بکەین ، پاشانیش خەڵات بەسەر مامۆستاکان و قوتابیە سەرکەوتووەکاندا دابەشکرا

# شاندێکی ناوچەی خانەقینی سەربەلقی گەرمیان سەردانی مەرزی مونزەریەو مرشیدی تەریقەتی ڕەفاعی دەکات

دانا مەلا حەمەئەمین — گەرمیان :

شاندێکی ناوچەی خانەقینی سەربەلقی گەرمیانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان مامۆستا مەلا نەجم عەبدوڵا ئەلیاس بەرپرسی ناوچە و چەند پێش نوێژ و ووتارخوێنێك سەردانی مزگەوتی زەهرائیان کرد لە مەرزی سنوری مونزەرییە لە نزیك قەزای خانەقین و لە نزیکەوە لە گەڵ پێش نوێژ و ووتارخوێنی مزگەوتەکە دانیشتن و باسیان لە کێشەو کەم و کورتی مزگەوتەکە کردو پێش نوێژ و ووتارخوێنی مزگەوتەکە چەند داواکارییەکی ئاراستەی بەرپرسی ناوچەی خانەقینی یەکێتی زانایان کردو، لای خۆیەوە بەرپرسی ناوچەی خانەقینی یەکێتی زانایان بەڵێنی بە ئیمامی مزگەوتەکە دا کە داواکاریەکانی بە پشتگیری تەواوەوە بگەیەنێتە لایەنی پەیوەندیدارو کاری پێویستی لەسەر بکات و لە بەرامبەریشدا سوپاسی شاندی ناوچەی خانەقینی کرد بۆ ئەو بەسەرکردنەوەیە، و خۆشحاڵی خۆی دەربڕی .

هەروەها شاندێکی ناوچەی خانەقینی سەربە لقی گەرمیانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئبسلامی کوردستان کە پێك هاتبوو لە بەڕێزان مامۆستا مەلا نجم عبداللە الیاس بەرپرسی ناوچەو چەند مامۆستایەکی سنوورەکە سەردانی مورشیدی تەریقەتی ڕەفاعی شێخ مەهدی شێخ کەریمیان کردو لە نزیکەوە لە حاڵ و تەندروستی بەڕێزیان کۆڵییەوەو هاوکاری و هەماهەنگی نێوان زانایانی ئاینی و کەسایەتیە ئاینی یە کانیان بە پێویست زانی و بەڵێنی هەموو جۆرە هەماهەنگی یەکیان لەنێوان هەردوو لادا دا.

# لقی شارەزووری زانایان کۆڕێك بۆ دکتۆر عەلی قەرەداغی ساز دەکات



لقی شارەزووری یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان، بەهاوکاری سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان ـئۆفیسی سەیدسادق، لەبەرواری ٢٠١١/٨/٣کاتژمێر (٥)ی ئێوارە، هەستا بەسازدانی ئێوارەکۆڕێك بۆ بەڕێز( پرۆفیسۆر دکتۆر علی قەرەداغی ) لەژێر ناونیشانی (سیماکانی گوتاری ئیسلامی هاوچەرخ ) کەتایبەت بووبە زانایانی سنوری شارەزوور ، کەکۆڕەکە زیاتر لەکاتژمێریکی خایاندوو لەلایەن زانایانەوە بەچەندین پرسیاربابەتەکە دەولەمەندکرا.

# رسالة العلماء

العـدد ( ٧٤ )
شوال / ١٤٣٢
گەلاوێژ/ ٢٧١١
ايلول/ ٢٠١١

مجلّة ثقافية دينية شهرية يصدرها المكتب التنفيذي لاتحاد علماء الدين الاسلامي في كوردستان

صاحب الامتياز
ملا عبدالله ملا سعيد گرتكى

رئيس التحرير
ملا جعفر الگواني

مدير التحرير
ملا عبدالله الشيركاوي

المستشارون
ملا حمدامين الكلاري
ملا عبدالله الآكري
ملا نجم الدين وادي

غلاف وتصميم
كۆمپیوتەر دەریا

## تأييدًا لدورهم المجيد يزور وفدٌ من اتّحاد العلماء قوّات البيشمركة في منطقة خانقين وجلولا



## الحـــج



## العقل نعمة إلهية والتفكير فريضة إسلامية

العنوان: اربيل/ الشارع الستيني مفرق موصل

www.zanayan.org

# خواطــــر

## صاحب الإمتياز *



أمسكت القلم لكي أكتب شيئاً في هذا العدد من رسالة العلماء، فاستوقفتني خواطر عدة، ولكن خشية الإطالة أجملتها في ثلاث:

الأولى: في اليوم الأول من العشر الأواخر من شهر رمضان قامت الطائرات الحربية التركية وفي إطار حملاتها الجوية المستمرة على جبل قنديل بقصف سيارة مدنية، حيث أسفر القصف إلى استشهاد سبعة مواطنين مدنيين أبرياء، وتحولوا إلى قطعٍ من الفحم الأسود لايُعرف أحدهم من الآخر، وتحولوا كالعصف المأكول، وتناقلت وسائل الإعلام بأسرها هذه الحادثة المروعة، التي هزَّ قلب كل من شاهدها.... وأصاب الجميع بالدهش والذهول وخاصة في مثل هذا الشهر الكريم عندما تستهدف الحكومة التركية المواطنين الأبرياء العُزل ليكونوا ضحية لمثل هذه السياسة الحاقدة ضد الكورد من دون أنْ تحترم حقوق الإنسان، أو تأخذ بعين الإعتبار القوانين والمعاهدات المتعلقة بالحروب والحالات الطارئة.

ومع كل هذا إزاد الأسف والحسرة حينما سمعنا بتوضيح الخارجية التركية التي نَفَتْ هذا العمل اللاإنساني، وجرحوا بمقولتهم هذه قلب كل إنسان مرة أخرى، حيث كان من الأولى للحكومة التركية بدلاً من إخفاء و ستر ما جرى، الإعتراف بما حدث، وتقديم الإعتذار للشعب الكوردي بشكل عام ولعائلة الضحايا بشكل خاص و عدم الإقدام مرة أخرى على مثل هذه الجرائم، فالتائب من الذنب كمن لا ذنب له..

وأمّا الثانية: قبل أيام ودَّعنا جميعاً أيام رمضان، ولياليه، انقضى رمضان عنّا وذهب ليعود إلى عام قادم. أجل ذهب شهر القرآن، شهر الصدقة والكرم والإحسان، شهر الرحمة والغفران، شهر العتق من النار، كان الكثير من الناس في ضيافته على خير وطاعة ، حيثُ شمروا عن سواعدهم، وضاعفوا من جهدهم و جعلوا رمضان غنيمة ربانية ، استكثروا من الخيرات، واستبقوا للرحمات، وتداركوا ما فات، عسى أنْ تكون قد أصابتهم نفحة من النفحات الإلهية، عازمين على الإستقامة بعد انقضائه.

وآخرون كانوا قبل مجيء رمضان في غفلة و سهو و لعب، فلما جاء رمضان أقبلوا على الطاعة و العبادة، صاموا وقاموا، وتصدَّقوا وأنفقوا، ودمعت عيونهم وخشعت قلوبهم، و لكن ما أن انقضى رمضان حتى عادوا إلى ما كانوا عليه، ورجعوا إلى سابق عهدهم، رجعوا الى الذنوب، واللهو واللعب والغفلة، ونقول لهم إنَّ الله الذي أمرك بالعبادة في رمضان هو الذي أمرك بالعبادة في غير رمضان، من كان يعبد رمضان فانَّ رمضان مات ومن كان يعبد الله فإنَّ الله حيٌ سميعٌ بصيرٌ لا يموت.

وهناك آخرون دخل رمضان و انتهى، لم يتغير منهم شيء، وكانوا على حالهم ولم يتبدل منهم أمر، بل ربما إزدادوا إثما، وغرقوا في الذنوب، وسكروا في غيّهم و طغيانهم، فهؤلاء هم الخاسرون حقا.

وأمّا الأخيرة فمع صدور هذا العدد يدخل إتحادنا( إتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان) عامه الحادي والأربعين من تأسيسه، حيث تأسست هذه المنظمة في ١٩٧٠/٩/٢١ بمبادرة من المرحوم ملا مصطفى البرزاني لكي تكون خيمة يجمع تحت ظلها جميع علماء كردستان، وذلك من أجل وحدة صفهم وكلمتهم، وأن تدافع هذه المنظمة على حقوق علماء الدين في كوردستان، آملين المضيّ قدماً على هذا النهج الذي تأسس من أجله ...

* رئيس اتحاد علماء الدين الإسلامي في كوردستان

# يجتمع وفدٌ رفيع لاتّحاد العلماء مع فخامة مام جلال الطّالباني رئيس الجمهوريّة

في عصر يوم الخميس ٢٠١١/٨/١١ ، استقبل الرئيس مام جلال رئيس جمهورية العراق في مكتبه الخاص بمحافظة السليمانية ، وفداً من اتحاد علماء الدين الاسلامي في كوردستان والذي تألف من الاستاذ عبدالله سعيد ويسي رئيس الاتحاد والاستاذ جلال خيلاني نائب رئيس الاتحاد وعدداً من أعضاء المكتب التنفيذي والهيئة العاملة لفرع السليمانية ولجنة الفتوى .

وخلال اللقاء، رحب الرئيس مام جلال بالوفد وهنأهم بمناسبة حلول شهر رمضان المبارك، مثمناً دور علماء الدين في خدمة الدين الاسلامي الحنيف في الدفاع عن المكتسبات العليا لشعب كوردستان، بالاضافة الى توعية جماهير شعب كوردستان بجميع مكوناته واطيافه المختلفة.

